سەرۆکی حکوومەت: سووتاندن و تێکدانی موڵک و ماڵی گشتی و هاووڵاتییان دەچێتە خانەی تاوان و پێویستە ڕێکاری یاسایی بەرامبەر ئەنجامدەرانی بگیرێتەبەر

2

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

#ماسك بەستن

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(5992) دووشەممە 24ی ئابی 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

بەرپرسی لقی ١٢ی پارتی لە هەڵەبجە:

ئەوانەی هێرشەکەیان ئەنجامدا چەکداربوون و لەچوار لاوە هێرشیان کردە سەر بارەگاکەمان

بەرپرسی لقی ١٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵەبجە، بەسام عەلی دەڵێت ڕێکاری یاسایی بەرامبەر هێرشبەرانی سەر دامودەزگاکانی حکومەت دەبێ بگیرێتەبەر و جەخت لەوە دەکاتەوە کە هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان نەیانتوانی پێشی هێرشکەران بگرن.

(زیاتر لە ل٢ بخوێنەوە)

هەڵەبجە.. گرووپێکی بەناو خۆپیشاندەر چەند دامودەزگایەکی حکوومیان بەردباران کرد و ئاگریان لە بینایەی شارەوانی بەردا

لە هەڵەبجە چەند بەناو خۆپیشاندەرێك هەڵدەكوتنە سەر چەند دامودەزگایەكی حكوومی و جگە لەبەردباران كردنیان، ئاگر لە بەشێكیان بەردەدەن. بەپێی ئەو زانیارییانەی كە وەرگیراون، شەوی شەممە لەسەر یەكشەممە گرووپێك لە گۆڕەپانی عومەرخاوەرەوە بە ماتۆرسكیل دەرژێنە شەقامەكانی شاری هەڵەبجە و هەڵدەكوتنە سەر چەند بارەگایەكی حیزبی و حكوومی لە شارەكە و هەندێكیان دەسوتێنن.

(زیاتر لە ل٣ بخوێنەوە)

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە وەزارەتی پێشمەرگە دەکات

بڕیاری پلە بەرزکرنەوەی پێشمەرگە درا



جەخت لە سەر پرۆسەی چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە و یەکخستنی هێزی پێشمەرگە کرایەوە

دوێنێ یەکشەممە ٢٣-٨-٢٠٢٠ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی قوباد تالەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت، سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە وەزارەتی پێشمەرگە کرد و ژمارەیەك بابەتی پەیوەست بە وەزارەت و دۆخی پێشمەرگەیان تاووتوێ کرد. لە کۆبوونەوەکەدا جەخت لە سەر پرۆسەی چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە و یەکخستنی هێزی پێشمەرگە کرایەوە و دواهەنگاوەکانی ئەم بوارە تاووتوێ کران و پێداگری لە سەر خێراترکردنی پرۆسەی چاکسازی لە ناو هێزی پێشمەرگە کرایەوە.

هەروەها گفتوگۆ دەربارەی پرسی پلەبەرزکردنەوەی پلەدارانی هێزی پێشمەرگە کرا کە چەند ساڵێکە وەستاوە، بڕیاردرا پلەبەرزکردنی هێزی پێشمەرگە بۆ ساڵی ٢٠١٧ جێبەجێ بکرێت و پلەبەرزکردنەکانی ٢٠١٨ و ٢٠١٩ و ساڵەکانی داهاتووش، بە پێی میکانیزمی نوێ و دوای وردبوونەوەی زیاتر بڕیاری پێویستی لەبارەوە بدرێت.

پارێزگاری دهۆک:

ئەوانەی ناتوانن لە ڕێی سندووقی دەنگدانەوە هیچیان دەست بکەوێت دەیانەوێ پشێوی بنێنەوە



پارێزگاری دهۆك دەڵێ، هەندێك پەرلەمانتار كە نوێنەری هەرێمی كوردستانن لە بەغدا، بەڵام لە دژی بەرژەوەندیی هەرێمی كوردستان كار دەكەن دەشڵێ، ئەوان بانگەشەیەكی ناڕاستیان كردووە. عەلی تەتەر، پارێزگاری دهۆك لە پرێس كۆنفرانسێكدا لە زاخۆ ئاماژەی بەوە كرد كە ئێستا دۆخی شارەكە ئارامە و خەڵكی زاخۆ خۆیان گەرەنتیی پاراستنی ئارامیی شارەكەیانن.

(زیاتر لە ل٣ بخوێنەوە)

پارێزگاری هەڵەبجە:

دەستبردن بۆ مەلەفاتی حکوومەت و دامودەزگاکان ناچێتە چوارچێوەی خۆپیشاندان



ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە بە توندی سەرکۆنەی هێرشکردنە سەر بارەگا حکوومی و حزبییەکانی دەڤەرەکە دەکات و پارێزگاری هەڵەبجەش ڕای دەگەیەنێت، دەستبردن بۆ مەلەفاتی حکوومەت و دامودەزگاکان ناچێتە چوارچێوەی خۆپیشاندانەوە.

(زیاتر لە ل٣ بخوێنەوە)

دیندار زێباری:

بۆ ڕێگریکردن لە تووندوتیژی و گێرەشێوێنی ڕێکاری پێویست بەرامبەر نووسینگەکانی کەناڵی NRT گیراوەتەبەر




5




کارەکەی خۆم خۆش دەوێت، ناتوانم لە ماڵەوە دابنیشم

6



هەڵەبجە.. دۆکیومێنتەکانی 30 ساڵی هاووڵاتییان لە شارەوانی سووتێنران



6



ئەمەریکا: ئەو دوو چەکدارەی داعش بەڕەگەز بەریتانی کە خراونەتە ژێر چاودێری لەسێدارە نادرێن

13

لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ پارێزگاری هەڵەبجە، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بارودۆخی پارێزگاکە تاوتوێ دەکات

سەرۆکی حکوومەت: سووتاندن و تێکدانی موڵک و ماڵی گشتی و هاووڵاتییان دەچێتە خانەی تاوان و پێویستە ڕێکاری یاسایی بەرامبەر ئەنجامدەرانی بگیرێتەبەر



دوێنێ یەکشەممە ٢٠٢٠/٨/٢٣ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ ئازاد تۆفیق پارێزگاری هەڵەبجە، بارودۆخی دەڤەرەکەی لە ڕووی تەندروستی و خزمەتگوزارییەوە تاوتوێ کرد.

سەرۆکی حکوومەت نیگەرانیی قوواڵی خۆی بەرامبەر ئەو ئاژاوە و پشێوی و هێرشکردنە سەر دامودەزگاکانی حکومی و موڵک و ماڵی گشتی و هاووڵاتییان دەربڕی کە ڕۆژی شەممە هەندێک کەس لە ژێر ناوی خۆپێشاندانەوە لە هەڵەبجە و چەند ناوچەیەکی دیکە ئەنجامیاندا.

سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بەوەدا کە ئەنجامدانی خۆپێشاندان بە شێوەیەکی ئاشتیانە و شارستانیانە مافی هاووڵاتییانە، بەڵام سووتاندن و تێکدانی موڵک و ماڵی گشتی و هاووڵاتییان، دەچێتە خانەی تاوان و پێویستە ڕێکاری یاسایی بەرامبەر ئەنجامدەرانی بگیرێتەبەر .

لە تەوەرێکی دیکەی پەیوەندییەکەدا، گفتوگۆ دەربارەی دوو پڕۆژەی گرنگ لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە کرا کە یەکێکیان پڕۆژەی پردی (تووەقوت)ـە کە لە لایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن ئەنجام دەدرێت، هەروەها (ناوچەی پیشەسازی خۆراك) کە دەستەی وەبەرهێنان ئەنجامی دەدات. هەردوو پڕۆژەکەش لە قۆناخی کۆتایی ئامادەکارییدان و لە ماوەیەکی نزیکدا دوای ڕێکارە ئیداریەکان، بەردی بناغەی هەردوو پڕۆژەکە دادەنرێت.

دۆخی تەندروستی سنووری پارێزگاکە و هەنگاوەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لایەنێکی دیکەی گفتوگۆی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە بوون.

لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بارودۆخی سنووری گەرمیان تاووتوێ دەکات

سەرۆکی حکومەت دەستخۆشی لە بەرپرسانی دەڤەرەکە کرد کە لە کاتی دروستبوونی پشێوی و پەلامارەدانی دامودەزگاکانی حکومەت و موڵک و ماڵی گشتی و هاووڵاتییان لە سنووری گەرمیان ، بەرپرسانە ڕەفتاریان کرد و هەوڵی پاراستنی موڵکی گشتیی و خەڵکیان دا

ئێوارەی دوێنێ یەکشەممە ٢٠٢٠/٨/٢٣ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لە گەڵ سەلاح کۆیخا سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان ، بارودۆخ و کێشە و گرفتەکانی سنووری ئیدارەی گەرمیانی تاووتوێ کرد.

سەرۆکی حکومەت دەستخۆشی لە بەرپرسانی دەڤەرەکە کرد کە لە کاتی دروستبوونی پشێوی و پەلامارەدانی دامودەزگاکانی حکومەت و موڵک و ماڵی گشتی و هاووڵاتییان لە سنووری گەرمیان ، بەرپرسانە ڕەفتاریان کردووە و هەوڵی پاراستنی موڵکی گشتیی و خەڵکیان دا .

سەرۆکی حکومەت ئاماژەشی بەوەدا ، کە بەداخەوە خەڵکێک هەوڵ دەدات داوای ڕەوای هاووڵاتییان بۆ مەرامی سیاسی و شەخسی خۆی بەکاربهێنێت و هانی خەڵک دەدەن بۆ تێکدان وسووتاندنی موڵکی گشتی و پشێوی نانەوە ، ئەم ڕەفتارانەش بە تاوان دادەنرێن و پێویستە ئەنجامدەرانی، ڕێکاری یاساییان بەرامبەر بگیرێتەبەر.

سەرۆکی حکومەت هەروەها تیشکی خستە سەر دۆخی نەخوازراوی تەندروستی و قەیرانی دارایی، کە لە دەرەوەی خواست و ویستی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و ئاماژەی بەوەدا تێپەڕاندنی ئەم دۆخە، هەماهەنگیی و هاوکاری هەموولایەکی پێویستە.

دکتۆر بەشیر حەداد:

لەوانەیە گرفت بۆ هەڵبژاردنی پێشوەخت لە عێراق دروست بکرێت



جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، ئاماژە بەوەدەکات نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی نێودەوڵەتی هاندەری هەرێم و بەغدان بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتن و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان.

دکتۆر بەشیر حەداد لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ دەنگی ئەمەریکا، دەڵێت «ناکرێت گرژییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بەردەوام بن، چاوەڕوان دەکرێت هەردوولا گفتوگۆ بکەن، چارەسەر بۆ کێشەکانی نێوانیان بدۆزنەوە.»

لەبەشێکی تری قسەکانیدا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، ڕەخنەی لە بەشێك لە پەرلەمانتارانی عێراق گرت، بە تایبەت ئەو پەرلەمانتارانەی کە نوێنەری ناوچەکانی ناوەڕاست و خواروووی عێراقن، بەوەی دژی هەرێمی کوردستان قسەدەکەن، وتی: قسەکانیان بۆ موزایەدە و ڕازیکردنی شەقامی خۆیانە، شکستیان لەئیدارەدانی پارێزگاکانی خۆیان هێناوە، هەوڵدەدەن بە دژایەتیکردنی هەرێم، شکستەکانیان داپۆشن.»

ڕەخنەگرتنی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لەپەرلەمانتارانی عێراقی سەربە لایەنە عێراقیەکان، لەکاتێکدایە بەشێك لەپەرلەمانتارانی کوردیش، ڕەخنەیان لەحکوومەتی هەرێم هەیە و بەگەندەڵی و شکست هێنان لە ئیدارەدانی هەرێم تۆمەتباری دەکەن، لەوبارەیەوە بەشیر حەداد وتی»بەشێك هەر دەبێت لەدەرەوەی بازنەکە بێت و پێچەوانەی خواستی سیاسی کورد و بەرژەوەندی هەرێم هەنگاو بنێن، بەڵام کاریگەریان کەمە، ناتوانن ڕێڕەوی سیاسەتەکانی هەرێم بگۆڕن، گفتوگۆکان بەهێزترن لەهەوڵەکانی ئەوان.»

سەبارەت بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت لە وادەی دیاریکراو و هەوڵەکان بۆ شکست هێنان بە پرۆسەکە و دواخستنی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، ئاماژەی بەوەکرد گەر ڕێکارەکان پێش هەڵبژاردن ئەنجامدران، ئەوا هەڵبژاردن دەکرێ، بە پێچەوانەوە گەر ئەنجام نەدران، هەڵبژاردنیش ناکرێ.

بەرپرسی لقی 12ی پارتی لە هەڵەبجە: ئەوانەی هێرشەکەیان ئەنجامدا چەکداربوون و لەچوار لاوە هێرشیان کردە سەر بارەگاکەمان

هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، نەیانتوانی پێشی هێرشکەران بگرن



بەرپرسی لقی ١٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵەبجە، بەسام عەلی دەڵێت ڕێکاری یاسایی بەرامبەر هێرشبەرانی سەر دامودەزگاکانی حکوومەت دەبێ بگیرێتەبەر و جەخت لەوە دەکاتەوە کە هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان نەیانتوانی پێشی هێرشکەران بگرن.

بەرپرسی لقی ١٢ـی پارتی دەشڵێ، ئەوانەی هێرشەکەیان ئەنجامدا، خۆپیشاندەر نەبوون، بەڵکو چەکداربوون و لەچوار لاوە هێرشیان کردە سەر بارەگاکەمان. ڕاشیگەیاند: ئەوەی جێگەی سەرنجە لەلای ئێمە، وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان، دوێنێ ئێمە تاکە لایەنی سیاسی بووین لە شاری هەڵەبجە هێرشمان کرایە سەر. هێرش نەکرایە سەر هیچ لایەنێکی دیکە، لەکاتێکدا ئێمە ئەو بارەگایەین بەردەوام دەنگی هاووڵاتییانی ئەو سنووەمان گەیاندووەتە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هەمیشە عاملی خێر بووین. بەسام عەلی دەشڵێ: هیچ هەڤاڵێکی ئێمە، ئێرە بەڕێوەنابەن و بەرپرس نین لە کومۆکوپیی کانی ئەو شارە، بۆیە بەلای ئێمەوە جێگەی سەرنج بوو، کە بۆچی هێرشەکان تەنیا بۆ سەر بارەگای لقی ١٢ـی پارتی بوون!!! بەسام عەلی لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا چۆنییەتی تەقەکردن لە بارەگاکەی پارتی دەگێڕێتەوە و دەڵێ» لە سەرەتای هێرشەکەدا من سەرجەم هەڤاڵانی لقی ١٢م ئاگادار کردەوە خۆگر بن، ئاگادارمان کردنەوە بابەتی مادەی قەرەبووکردنەوەی ئاسانە، ئاگادار بن و پارێزگاری لە ڕۆحی هاوشارییانی خۆمان بکەن و خوێن نەڕژێت.

بەسام عەلی ڕاشیگەیاند: سەرەتای هێرشەکە زۆر خۆمان گرت، تاوەکو لە کاتژمێر ١١ و ١٥ خولەك ماتۆرسوارێك تەقەی کرد.. لە کاتژمێر ١٢ـی شەو هێرشێکی چەکداری لە هەرچوار لاوە کرایە سەر لقی ١٢ کە چەکی کلاشینکۆف و دەمانچەی تێدا بەکارهات، لەوکاتەدا تەواو نزیك بوونەوە لە دەرگاکانی لقی ١٢، بۆیە بەناچاری پاسەوانەکان تەقەیان بەسەر چەکدارەکان کرد تاوەکو بڵاوەیان پێبکەن، باشترین بەڵگەش بۆ ئەوەیە، لەگەڵ ئەو هەموو هێرشەدا، هیچ خۆنێك نەڕژا.

گوتیشی: داوامان لە بەرپرسانی سنووری پارێزگاکە کردووە کە ڕێکاری یاسایی بەرامبەر تاوانباران بگرنە بەر و بەو پێیە کە تەنها لقی ١٢ نەبووە بەڵکو خودی دامودەزگاکانی حکوومیش هێرشیان کراوەتە سەر، بۆیە بە دڵنیاییەوە ئەگەر دەزگا ئەمنییەکانی سنووری کە بە جددی کاری لەسەر بکەن، پێناسی هێرشکەرانی شەوی یەکشەممە زۆر زەحمەت نییە دۆزینەوەیان و دەتوانن بیدۆزنەوە.

بەگوتەی بەسام عەلی هێزەکانی ئاسایش ئامادە بوون، بەڵام نەیانتوانی پێشیان پێ بگرن، چونکە پێش ئێرە شارەوانییان سووتاندبوو و هێرشی سەر قایمقامیەتیان کردبوو و بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆیان سووتاندبوو، بۆیە لەم حاڵەتەدا نەیانتوانیبوو. پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانیش ئامادە بوو، بەڵام نەیانتوانیبوو کە پێشی هێرشەکە بگرن. بەرپرسی لقی ١٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان باسی لەوەیش کرد کە لە هێرشەکەدا، ئەگەرچی هیچ زیانێکی گیانیان نەبووە، بەڵام زیانێکی مادەی زۆر بەر بارەگاکەیان کەوتووە.

جوان ڕۆژبەیانی:

باوەڕم وایە هەرێم و بەغدا لە ئایندەیەکی نزیکدا دەگەنە ڕێککەوتن



بڕیارە هەرێمی کوردستان و بەغدا لەسەر ئاسایکردنەوەی ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکان بگەنە ڕێککەوتن و سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانیش لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ، ڕێککەوتنە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەکرێت و یەکێك لە خاڵەکانیش ئەوەیە، خەڵکی ئەو ناوچانە خۆیان ناوچەکانیان بپارێزن.

جوان ڕۆژبەیانی، سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: پەرلەمانی کوردستان پێشتر ڕاپۆرتێکی ئامادە کردبوو و ڕادەستی وەزیرە پەیوەندیدارەکان کراوە، ئەوانیش ڕاپۆرتێکیان لە چوارچێوەی ڕاپۆرتەکەی ئێمە ئامادە کردووە و دەبێتە بنەمای دانوستان لەگەڵ بەغدا بۆ ئاسایکردنەوەی ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستانیش دەخوازێ هەموو کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور چارەسەر بکرێن و، باوەڕم وایە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەگەنە ڕێککەوتن. پەیوەست بە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە، سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان دەڵێت: نازانین وردەکارییەکە چی دەبێت لەسەر ڕێککەوتنەکە، بەڵام خاڵی زۆر باشی تێدایە، لەوانەش یەکێك لە خاڵەکان جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە، کە پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە خۆیان بەرگری لە خۆیان بکەن. ڕۆژبەیانی ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە: ئاسایکردنەوەی ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکان، جگە لەوەی سنووریك بۆ ئەو هەموو تەعریب و داگیرکارییەی ئێستا هەیە دادەنێت، هاوکات کاریگەری لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنی داهاتوو و پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی دانیشتوانیش دەبێت، چونکە ئەگەر ڕەوشی ئەو ناوچانە ئاسایی نەکرێتەوە، زیانی زۆر بە دەنگی کورد دەگەیەنێ لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، هەروەها عەرەبە هاوردەکان ئەوانەی پێشتر سوودمەند بوونە لە قەرەبووی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق، دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و کوردیش ئەو مافەی لێی زەوت کراوە، وەریدەگرێتەوە.

هەڵەبجە.. گرووپێکی بەناو خۆپیشاندەر چەند دامودەزگایەکی حکوومیان بەردباران کرد و ئاگریان لە بینایەی شارەوانی بەردا

سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجە: مەلەفی ٣٠ ساڵ لەمەوپێشمان سووتاون



لە هەڵەبجە چەند بەناو خۆپیشاندەرێك هەڵدەكوتنە سەر چەند دامودەزگایەكی حكوومی و جگە لەبەردباران كردنیان، ئاگر لە بەشێكیان بەردەدەن. بەپێی ئەو زانیارییانەی كە وەرگیراون، شەوی شەممە لەسەر یەكشەممە گرووپێك لە گۆڕەپانی عومەرخاوەرەوە بە ماتۆرسكیل دەرژێنە شەقامەكانی شاری هەڵەبجە و هەڵدەكوتنە سەر چەند بارەگایەكی حیزبی و حكوومی لە شارەكە و هەندێكیان دەسوتێنن.

هەریەك لە بارەگای بینای قائیمقامیەت، لقی ١٢ی پارتی دیموكراتی كوردستان، بینای شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆ دوای ئەوەی بەردباران دەكرێن، هەریەك لە بینای بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ و دوو ژووری سەرۆكایەتی شارەوانی هەڵەبجە لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە دەسووتێنرێت.

بەپێی گوتەی سەرۆكی شارەوانی هەڵەبجە كۆیستان ئەكرەم، بەهۆی سووتاندنی بیناكەیانەوە تەواوی پەڕاوی تایبەت بە هاووڵاتیان لە شارەوانی هەڵەبجە لەناوچوون. لەلایەكی دیكەش لەبەردەم بارەگای لقی ١٢ی پارتی دیموكراتی كوردستان لە هەڵەبجە دوای ئەوەی خۆپیشاندەران بارەگاكەیان بەردباران كرد و تەقەشیان بە ئاراستەی بارەگاكە كرد و دواتریش لە لایەن پاسەوانانی بارەگاكەوە بە تەقە وەڵامیان درایەوە.

پۆلیسی شارەكە بەمەبەستی بڵاوەپێكردنی ئەو خۆپیشاندەرانەی كە هەوڵیانداوە بچنە نێو بینایەی قائیمقامیەت، گەیشتووەتە ناوچەكە و تەقەی بەرەو ئاراستەی ئاسمان كردووە بۆ ئەوەی خۆپیشاندەران لە شوێنە دوورەكەوە، بەم هۆیەوەش لە ئەنجامی ئەم رووداوانە شەش كەس بریندار بوون كە یەكیان پۆلیسە.

هەروەها لە هێرشی كۆمەڵێك گەنج لە هەڵەبجە بە ناوی خۆپێشاندان بۆ سەر دامەزراوەكانی حكوومەت، دوو بەشی گرنگی هەڵگرتنی دۆسیە و هونەریی شارەوانیی هەڵەبجە سووتاون و دۆسیەی ٣٠ی ساڵ لەوپێش لەناو چووە. لەمبارەیەوە كۆیستان ئەكرەم، سەرۆكی شارەوانیی هەڵەبجە، بە مانگنەپڕی فەرمیی پارتیی راگەیاندووە: بینای شارەوانی بەكاملّی زیانی بەر كەوتووە، تەواوی دەرگا و پەنجەرەی ژوورەكان شكێندراون، دوو بەشی گرنگی ناو شارەوانیش سووتێندراوە، دۆسیەی پێش ساڵی ١٩٨٨ سووتاون. كۆیستان ئەكرەم دەشڵێت: لەناو بینای شارەوانی بەشی هونەری و بەشی گەنجینە كۆگایەكی گەورەیە و دۆسییەكانی سەرجەم بەشەكانی تێدا بووە، سووتێنداون، بەشێكی دۆسیەكان هی پێش تاوانی كیمیابارانی شارەكەیە لە ساڵی ١٩٨٨، ئێمە چەند ساڵێكە دەتوانین داتاكان بە شێوەیەكی ئەلیكترۆنی تۆمار بكەین، پێشتر بە شێوەی دۆسیە بووە، ئەمشەو تاكو بەرەبەیان دۆسیەكان سووتاون، هەرچەند ئاگركوژێنەوە ئاگرەكەیان دەكووژاندەوە، بەڵام بەهۆی دۆسیەكانەوە لەژێرەوە ئاگری دەگرتەوە.

لەلایەكی دیكەشەوە رۆژی شەممە لە چەند شار و شارۆچكەیەكی سنووری پارێزگای سلێمانی و هەردوو ئیدارەی گەرمیان و راپەڕین، لە قەزای كەلار خۆپیشاندانێك بەڕێوەچوو، تیایدا خۆپیشاندەران ئاگریان لە باڵەخانەی قایمقامییەتی قەزاكە بەردا. دوای رووداوەكەش، هێزەكانی پۆلیس و ئاسایشی شارەكە لە نزیك باڵەخانەی قایمقامییەت بڵاوەیان پێكرا، دواتریش بڵاوەیان بە خۆپێشاندەران كرد. هاوكات ژمارەیەك لە خۆپێشاندەران كە لە نزیك قایمقامییەتی قەزاكە ڕێگەیان لە ئامبوڵانسێك فریاكەوتن گرت كە نەخۆشی پێبووە، بەشێك لە خۆپێشاندەران هێرشییان كردووەتە سەر ئۆتۆمبێلەكە و بە بەرد جامی ئۆتۆمبێلەكەیان شكاندووە و ڕێگەیان نەداوە ئۆتۆمبێلەكە بڕوات. بەپێی زانیارییەكانیش، لە رووداوی ئاگرتێبەردانی باڵەخانەی قایمقامییەتی قەزای كەلار هیچ قوربانییەك نەكەوتووەتەوە بەڵام زیان بەر باڵەخانەكە كەوتووە، هاوكات دوو ئۆتۆمبێلیش سووتاون.

پارێزگاری دهۆك: ئەوانەی ناتوانن لە ڕێی سندووقی دەنگدانەوە هیچیان دەست بكەوێت دەیانەوێ پشێوی بنێنەوە

عەبیە ئەو كەسانە لە بەغدا بن كە تەنیا كاریان هەڵبەستنی درۆیە بۆ هەرێمی كوردستان



پارێزگاری دهۆك دەڵێ، هەندێك پەرلەمانتار كە نوێنەری هەرێمی كوردستانن لە بەغدا، بەڵام لە دۆی بەرژەوەندیی هەرێمی كوردستان كار دەكەن دەشڵێ، ئەوان بانگەشەیەكی ناڕاستیان كردووە. عەلی تەتەر، پارێزگاری دهۆك لە پریس كۆنفرانسێكدا لە زاخۆ ئاماژەی بەوە كرد كە ئێستا دۆخی شارەكە ئارامە و خەڵكی زاخۆ خۆیان گەرەنتیی پاراستنی ئارامیی شارەكەیانن.

تەتەر ڕوونیشی كردەوە كە كارەكانی دەروازەی نێودەوڵەتیی ئیبراهیم خەلیل بە شێوەیەكی ئاسایی بەڕێوە دەچێت و هەموو ئەوانەی هاتوچۆ دەكەن، تێستی تووشبوونیان بە پەتای كۆرۆنا بۆ دەكرێت. عەلی تەتەر جەختیشی كردەوە كە ئەوان هەوڵدەدەن خەڵكی زاخۆ و ئەو شۆفێرانەی بێكار بوون، كاریان دەست بكەوێت و ئەوان برا و كەسوكاری ئێمەن، ئەگەر لایەنێك هەبێت خۆی بە خاوەنیان بزانێت، ئەوا حكوومەتی هەرێمی كوردستانە.

لەبارەی ئەوەی كێن ئەو كەسانەی دەتوانن هاتوچۆی توركیا بكەن، پارێزگاری دهۆك ئاشكرای كرد كە ئەوانەی بۆ (بازرگانی، كاركردن، خوێندن) دەچنە توركیا، یان ئەوانەی مافی نیشتەجێبوون یان ڕەگەزنامەی وڵاتێكی دیكەیان هەیە، بۆیان هەیە لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە تێپەڕ ببن، بەڵام كەسانی دیكە دەبێت داواكارییەك پێشكەش بە وەزارەتی ناوخۆی حكوومەتی هەرێمی كوردستان بكەن. سەبارەت بە گەڕانەوەی خەڵكیش، هەر كەسێك خەڵكی هەرێمی كوردستان بێت، دەتوانێت بێتە ناوەوە. ئەوەشی ئاشكرا كرد: ئێمە هەوڵ دەدەین هەموو ئەو ژیانە سروشتییەی پێشتر هەبوو، بگەڕێنینەوە لەگەڵ جێبەجێكردنی ڕێكارەكانی خۆپاراستن.

لە بەشێكی دیكەی قسەكانیدا، پارێزگاری دهۆك باسی لە ناوەڕۆكی نامەیەكی ئەو شەش پەرلەمانتارە كوردە عێراقچییە كرد كە ئاراستەی نەتەوە یەكگرتووەكانیان كردووە و گوتی: «هەندێك پەرلەمانتار كە نوێنەری هەرێمی كوردستانن لە بەغدا، بەڵام لە دژی بەرژەوەندیی هەرێمی كوردستان كار دەكەن، بەیانێكیان داوەتە نەتەوە یەكگرتووەكان، دەڵێن ١١ كەس بریندار بوون، با ناوێكیان پێبدەن، منیش دەڵێم بەڵێ بریندار هەبووە و ژمارەشیان ٦٠ كەس بووە، ٥٦ كەسیان پۆلیس و ئاسایش و پارێزەرانی گومرگی ئیبراهیم خەلیلن، چوار كەسەكەی دیكەش كاسبكارن و لە ئیبراهیم خەلیل كار دەكەن. داوا لەو پەرلەمانتارانە دەكەم ناوی ئەو یازدە كەسەمان پێبدەن، یان ناوی یەكێكیانمان پێبدەن. گوتیشی: عەیبە ئەو كەسانە لە بەغدا بن كە تەنیا كاریان هەڵبەستنی درۆیە بۆ هەرێمی كوردستان. گومرگی ئیبراهیم خەلیل شۆنێكی ژیانییە بۆ خەڵكی هەرێمی كوردستان، ئەگەر دابخرێت، خەڵكی زەرەرمەند دەبن و هەموو شتێك نرخیان بەرز دەبێتەوە، بەڵام ئەوانەی ناتوانن لە ڕێی سندووقی دەنگدان هیچیان دەست بكەوێت و بگۆڕن، پەنا دەبەنە بەر ئاژاوە و دەیانەوێ پشێوی بنێنەوە.

پارێزگاری هەڵەبجە:

دەستبردن بۆ مەلەفاتی حكوومەت و دامودەزگاكان ناچێتە چوارچێوەی خۆپیشاندان

هەموو ئیجرائاتێكی یاسایی دەگرینە بەر



ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە بە توندی سەركۆنەی هێرشكردنە سەر بارەگا حكوومی و حزبییەكانی دەفەرەكە دەكات و پارێزگاری هەڵەبجەش ڕای دەگەیەنێت، دەستبردن بۆ مەلەفاتی حكوومەت و دامودەزگاكان ناچێتە چوارچێوەی خۆپیشاندانەوە. بەپێی ڕاگەیەندراوێكی پارێزگای هەڵەبجە، دوێنێ یەكشەممە، لە دیوانی پارێزگای هەڵەبجە، ئازاد تۆفیق، پارێزگاری هەڵەبجە، بە ئامادەبوونی جێگری پارێزگار و قائیمقامی شارەكە و بەرپرسانی ئەمنیی پەیوەندیدار، لەبارەی ئاڵۆزییەكانی شەوی ڕابردووەوە كۆبوونەوە و تێیدا "هەڵكوتانە سەر بارەگا حكوومی و حزبییەكان، بە دەستێكی تێكدەر و دوور لە ئامانجی خۆپیشاندان وەسف كرا و ئیدانە كرا".

هەر لە كۆبوونەوەكەدا ئازاد تۆفیق، پارێزگاری هەڵەبجە ڕایگەیاندووە: "ئەم شێوازە خۆپیشاندانە دووڕە لە هەموو عورفێكی مەدەنی و هەڵەبجەییانە و هەموو ئیجرائاتێكی یاسایی دەگرینە بەر".

جەختیشی كردۆتەوە: دەستبردن بۆ مەلەفاتی حكوومەت و دامودەزگاكان ناچێتە چوارچێوەی خۆپیشاندانەوە، داواكاری خەڵكیش نییە. پارێزگاری مەدەنی داوای كردووە، خۆپیشاندان لە ئامانجی تایبەت و تێكدەرانە دوور بخرێتەوە.

نووسەرێكی هەڵەبجە:

پەلامارەدانی دامودەزگا حكوومییەكان لە هەڵەبجە كولتووری تاڵانچێتییە

نووسەرێكی هەڵەبجە ڕەخنەی توند لەو كەسانە دەگرێت كە لە ژێر ناوی خۆپیشاندانەوە هێرشیان كردە سەر دامودەزگا حكوومییەكان لە شاری هەڵەبجە و سووتاندیان. كۆچەر ئەنوەر میرزا، نووسەر و ڕۆشنبیری شاری هەڵەبجە، لە نووسینێكیدا كە لە پێگەی خۆی لە تۆڕی كۆمەڵایەتیی (فەیسبووك) لە ژێر ناوی "ئەوەی بە ناوی ئازادییەوە دەكرێت، هیچ نییە جگە لە تەككردنی ئازادی" بڵاوی كردۆتەوە، ڕەخنەی تونڕی لە هێرشكەرەكانی شەوی یەكشەممەی سەر بارەگا حكوومییەكانی هەڵەبجە و بارەگای پارتی گرتووە و ڕایگەیاندووە: «پەلامارەدانی دامودەزگا حكوومییەكان ڕەنگدانەوەی عەقڵی خێڵەكیی كولتووری تاڵانچێتییە، دەبوو خەڵكی هەڵەبجە سوودی لەو ئەزموونە تاڵانەی ڕابردوو وەربگرتایە كە هەمیشە كراوەتە قوربانی و باجی قورسیشی داوە، دەبێت خەڵكی هەڵەبجە زۆر هۆشیار بن و منداڵەكانیان نەكەنە خۆراكی ئەم بێسەروبەرییە». ئاماژەشی بەوە كردووە كە كەسانێك بە ناوی ئازادییەوە پەلاماری مۆلكی گشتی دەدەن، لە كاتێكدا "ڕێگای ئازادی لە سووتاندنی ماڵەكانی خۆمانەوە دەست پێناكات، مۆلكی گشتی لە ماڵەكانی خۆمان گرنگترن". ئەو نووسەرە دەڵێت: «گومان دەكەم ئەمە كاری خەڵكی مشەخۆربێت، بۆ سوود و بەرژەوەندیی خۆیان و ئەوانەی ناردوونی ئەم كارە دەكەن، چونكە كاتێك شارەوانی دەسووتێنن، دەیانەوێت كۆمەڵێك زەوی و مۆلكی تایبەتیی و گشتی داگیر بكەن، ئەمەش باشترین هەلە بۆ گەیشتن بە ئاواتەكانیان».

لە كۆتاییدا داوا لە خەڵكی هەڵەبجە دەكات، زۆر وریا بن، چونكە «خەڵكانێكی نەخۆش هەن، چاویان بەم شارە هەڵنایە و هەمیشە بۆ هەڵێك دەگەڕێن تا قینی ڕەشی خۆیان بەسەر ئەم شارە بەشمەینەتەدا بڕژن».

ئەمە لە كاتێكدایە كە شەوی ڕابردوو، كەسانێكی چەكدار لە ژێر ناوی خۆپیشاندەر، بارەگای فەرمانگەی شارەوانیی هەڵەبجە و بنكەی هاتوچۆی هەڵەبجە و چەند شوێنێكیان سووتاند و تەقەیەكی زۆریشیان لە بارەگای لقی ١٢ی پارتی دیموكراتی كوردستان كرد.

زاخۆ پەرژێنێكی پتەو دەبێت لەبەردەم هێرشی ناحەزان

سێ ئەندامی فراكسیۆنی پارتی: ژمارەیەك كەس هەوڵی زیان گەیاندن بە سەقامگیری كوردستان دەدەن

سێ ئەندامی فراكسیۆنی پارتی دیموكراتی كوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایدەگەینن دەركەوت كە ژمارەیەك كەس كە هیچ پەیوەندییان بە شاری زاخۆوە نییە و نوێنەرایەتی دانیشتوانەكەی ناكەن، لەڕێگەی نامەیەكەوە كە ئاراستەی نوێنەری تایبەتی سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان لە عێراق، جینین هینیس بلاسخارتیان كردووە، هەوڵ دەدەن بۆ مەرامی سیاسیی و دوور لە واقیع و بە ئامانجی زیان گەیاندنی بە سەقامگیری كوردستان، ڕاستییەكان بۆ ڕای گشتیی بشێوێنن.

پێشتر ٦ پەرلەمانتاری كورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، نامەیەكیان ئاراستەی جینین هینیس بلاسخارت كردبوو و تیایدا چەندین قسەی ناڕاستییان كردبوو. لە وەڵامی ئەو نامەیەشدا، هەر یەك لە ئەندامانی فراكسیۆنی پارتی دیموكراتی كوردستان لەسەر پشكی زاخۆ لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەحمەد سلێمان سەفار، دالیا فەرهاد و وەسفیە محەمەد شێخۆ دەڵێن: لە كاتێكدا ئێمە نوێنەری ڕاستەقینە و هەڵبژێردراوی زاخۆین پەرۆشی ئاسایش و سەقامگیری زاخۆین، ڕێگە بە هیچ كەسێك نادەین بە ناوی شاری زاخۆ و خەڵكەكەیەوە قسە بكات، ئێمە سووڕین لەسەر ئەوەی دەنگی زاخۆ لەلایەن نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵكەكەی، بگەیەندرێتە لایەنە پەیوەندیدارەكان، نەوەك لەلایەن كەسانێك كە بەسەدان كیلۆمەتر لە زاخۆوە دوورن و هەوڵ دەدەن لەڕێگەی بانگەشەی بێ بنەما و دوور لە ڕاستیی و بە ئامانجی دەستكەوتی سیاسیی، ڕاستییەكان بۆ ڕای گشتیی بشێوێنن.

ئەو سێ ئەندامەی فراكسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق جەخت لەوە دەكەنەوە كە شاری زاخۆ شاری تێكۆشان و نیشتمانپەروەرییە و بە هێزای پێكەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان پێكهاتەكانییدا دەمێنێتەوە، هەروەها زاخۆ پەرژینێكی پتەو دەبێت لەبەردەم هێرشی ناحەزان، جگە لەوەیش زاخۆ وەك هەمیشە دژوار دەبێت بەرامبەر هەموو هەوڵێكی تێكدان و شێواندن.

کارئاسانی بۆ ڕێککەوتنی کۆتایی دەکرێت

وەزیری پلاندانان: گفتوگۆ و دانوستانەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەردەوامن



وزیری پلاندانانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دوێنێ یەکشەممە بە میدیاکانی ڕاگەیاند دانوستانەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لەبارەی بودجە و پرسەکانی دیکە بەردەوامن و جەختی کردەوە کۆتایی ئەم هەفتەیە یان سەرەتای حەفتەی داهاتوو شاندی دانوستانکاری هەرێمی کوردستان، بۆ دریژەی گفتوگۆکان سەردانی بەغدا دەکات. لەمبارەوە د. دارا ڕەشید وەزیری پلاندانانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە یەکێك لە ئەندامانی شاندی دانوستانکاری نێوان هەولێر و بەغدایە، دوێنێ یەکشەممە لە پریس کۆنفرانسێکدا ڕایگەیاند: لە دریژەی دانوستان و گفتوگۆکانی هەولێر و بەغدا، ڕێککەوتنێك لە نێوان هەردوولادا کراوە و ئامادەیە و تەنیا ماوە ڕێککەوتنی کۆتایی لەسەر بکرێت و بۆ مانگەکانی داهاتوو بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لەبارەی ناوەڕکی ڕێککەوتنەکەوە گوتیشی: ئەو ڕێککەوتنە کە تایبەتە بە بودجە و مووچە بۆ ساڵی ٢٠٢٠ـە و مانگانە هەتا ساڵی کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠ بەردەوام دەبێت، چونکە لە نەبوونی یاسای بودجە کە ئەمساڵ لە عێراق نەبووە و بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا کرابوو کە ناوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتنە لە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٢٠دا بگونجێندرێت، بەڵام بەهۆی هەڵوەشانەوەی حکوومەتی عێراق و خۆپیشاندانی هاووڵاتیانی عێراق، ئەوە بوو کە یاسای بودجە نەچووە پەرلەمان، هەر بۆیە لە غیابی یاسای بودجەدا پەنا بۆ ئەو ڕێککەوتنە دەبرێت کە تەنیا بۆ ساڵی ٢٠٢٠یە و هەموو هیواکانمان ئەوەیە کە خۆمان ئامادە بکەین بۆ یاسای ساڵی ٢٠٢١.

وەزیری پلاندانان ئاماژەی بەوەش کرد: لە هەوڵی ئەوەداین کە بتوانین هەموو مافە دەستوورییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هاووڵاتیان لەناو یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٢ بە گوێرەی دەستوور کە بۆمان دیاری کراوە، گەرەنتی بکەین و بیچەسپێنین.

لەبارەی کاتی سەردانی شاندی دانوستانکاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا، د. دارا ڕەشید ڕایگەیاند: حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەموو کات ئامادەیە کە سەردانی بەغدا بکات، بەڵام هەروەك دەزانن ڕۆژی شەممە مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراق و شاندەکەی هاوڕێی، لە ئەمەریکا گەڕاونەتەوە کە هاوکات وەزیری دارایی و هەموو ئەوانەی کە لایەنی پەیوەندیدار بوون بە پرسی دانوستانەکانەوە لەگەڵی بوون، هەروەها شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ شاندەکەی کازمی لە ئەمەریکا بوون و تازە گەڕاونەتەوە، بۆیە دەبێ بەغدا کاتێك دیاری بکات کە کۆتایی ئەم هەفتەیە یان کۆتایی هەفتەی داهاتوو بێت کە شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا بکاتەوە. وەزیری پلاندانانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختیشی کردەوە: دانوستان و گفتوگۆکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەردەوامن، ئێستا ئەو گفتوگۆیانە چ لە هەولێر بێت یان بەغدا هەر نەوەستاون، تەنانەت ئەو کاتەش کە شاندی بەغدا لە ئەمەریکا بووە، دانوستانەکان دریژەیان هەبووە و هیواداریین لە هەفتەی داهاتوودا هەموو شتەکان یەکلا ببنەوە و کۆتایی پێ بێت.

د. ئامانج ڕەحیم: هەوڵ دەدرێت دانوستانەکانی هەولێر و بەغدا لەبارەی بودجە و وزەوە بنیاتنەر بن



سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، بڕیارە هەفتەی داهاتوو کۆبوونەوەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی دەست پێبکەنەوە و دریژە بە کۆبوونەوەکانی پێشوو بدرێت.

ئامانج ڕەحیم کە یاوەری شاندی حکوومەتی عێراق بوو بە سەرۆکایەتی سەرۆکوەزیران، مستەفا کازمی بۆ ئەمەریکا، لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی باسی کۆبوونەوەی ئەندامانی کورد لە شاندی حکوومەتی عێراق بۆ ئەمەریکا لەگەڵ مستەفا کازمی و وەزیرانی دارایی و نەوتی حکوومەتی فیدراڵی کردووە. ئامانجی ڕەحیم نووسیوویەتی: لە پەراوێزی بەشداربیان لە گەڕی دووەمی دایالۆگی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و عێراق لە واشنتۆن دی سی، دەرفەتی گفتوگۆمان هەبوو لەگەڵ بەڕێز مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراقی فیدراڵ و بەڕێزان هەردوو وەزیری دارایی ونەوتی فیدراڵ بۆ قسەکردن لەسەر هەنگاوەکانی داهاتوو بۆ چارەسەری کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردوولا بە تایبەتی لە بواری بوودجە و وزە.

سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کردووە کە وا بڕیارە هەفتەی داهاتوو کۆبوونەوەکانی هەولێر و بەغدا دەست پێبکەنەوە و دریژە بدرێن بە کۆبونەوەکانی پێشوو، و لەمبارەیەوە نووسیوویەتی: وا بڕیارە هەفتەی داهاتوو کۆبوونەوەکانی هەرێم وبەغدا دەست پێبکەنەوە و دریژە بدرێن بە کۆبونەوەکانی پێشوو کارکردن بۆ ڕێککەوتنێکی کۆنکرێتی لەسەر ئیلتزامی نەوتی و دارایی هەرێم و زامنکردنی ماف وبەشە بوودجەی هەرێم لە چوارچێوەی پڕۆژە یاسای بوودجەی عێراق بۆ ساڵی دارایی ٢٠٢١.

ئامانج ڕەحیم ئامانج لە بەشێکی دیکەی پۆستەکەیدا نووسیوویەتی: سەرەڕای بەشداربیان لە کۆبوونەوەکان لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی World Bank و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی IMF و بانکی هەنارد و هاوردەی ئەمەریکی و دەمەزراوەی DFC ی ئەمەریکی تایبەت بە تەمویلی پڕۆژەکان.

سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو دامەزراوانە ڕۆڵیان دەبێت لە داپۆشینی کورتهێنانی بوودجە، بە مەرجی سازدانی چاکسازیی ئابووری و دارایی ڕاستەقینە، بێگومان هەرێمیش بە پێی شایستەی خۆی سوودمەند دەبێت لەم ئاسانکاریی وپشتیوانییە دارایییە نێودەوڵەتیانە.

جێی باسە ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو، سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی بە سەرۆکایەتی شاندێکی وڵاتەکەی کە پێکهاتبوو لە وەزیری دەرەوە، فوئاد حوسێن و وەزیری بەرگری، جومعە عناد و وەزیری نەوت، ئیحسان عەبدولجەبار و وەزیری کارەبا، ماجید مەهدی و وەزیری پلاندانان، خالد بەتال نەجم و وەزیری کۆچ و کۆچبەران، ئیڤان فایەق لەگەڵ ژمارەیەك ڕاوێژکار بە سەردانێکی فەرمی بەرەو ئەمەریکا بەڕێکەوت. ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردووش، سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ لە کۆشکی سپی پێشوازی لە سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی کرد. هاوکات ژمارەیەك لە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان یاوەری سەرۆکوەزیرانی عێراق بوون لە سەردانەکەیدا بۆ واشنتۆن. ئەندامانی شاندەکەی هەرێمی کوردستان پێکهاتبوون لە؛ سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، فەوزی هەریری و سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ئامانج ڕەحیم و بەڕێوەبەری پەیوەندی و هەماهەنگیی وەزارەتی پێشمەرگە، عەمید هەژار عومەر و بەڕێوەبەری نووسینگەی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لاوك سااڵح و نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا، بەیان سامی عەبدولڕەحمان.

جێگری باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق:

ئەمەریکا بەگرنگییەوە دەڕوانێتە پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا



خەبات – مەریوان نەقشبەندی

ستیف فەیگن جێگری باڵیۆزی ئەمەریکا لەعێراق ئاماژە بۆ گرنگی پەیوەندیەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەکات و تەئکید دەکاتەوە کە ئیدارەی ئەمەریکا مەبەستیەتی ئەم پەیوەندییانە بەرەو باشتر بڕۆن . ستیف فەیگن لە لێدوانێکدا تیشکی خستەسەر گفتوگۆکانی ئەم دواییەی نێوان عێراق و ئەمەریکا و سەردانەکەی مستەفا کازمی سەرەك وەزیرانی عێراق و شاندی یاوەری کە چەندین بەرپرسی هەرێمی کوردستانیشی لەگەڵدابوو گوتی: مایك پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسیەکەی لەگەڵ د.فوئاد حسێن وەزیری دەرەوەی عێراق زۆر بەڕوونی باسی زەرووەتی هەماهەنگی و ڕێککەوتنی حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد و باس لە زەرووەتی ڕێککەوتن لەسەر بنەمای دەستور کراوە کە هەمووان لەسەری کۆکن.

لە بارەی هاوکارییەکانی ئەمەریکا بۆ عێراق ستیف فەیگن گوتی: پێشتر حکوومەتی ئەمەریکا نزیکەی نیو ملیار دیناری بۆ هاوکاری کەمینە ئاینییەکان و بۆ گەڕانەوەیان بۆ شوێنی خۆیان خەرج کردووە و ئێستاش زیاتر لە ٢٠٠ ملیۆن دۆلاری تری وەك هاوکاری بۆ عێراق تەرخان کردووە بۆ ئەوەی بتوانن باشتر ڕووبەڕووی ڤایرۆسی کۆرۆنا و تیرۆرستانی داعش و کێشە ئابوورییەکان ببنەوە و لەگەڵ حکوومەتی مستەفا کازمی و حکوومەتی مەسرور بارزانی کاردەکەین بۆ هێنانەدی کەشێکی باشتری پەیوەندی هەردوولا و سەقامگیری عێراق بەگشتی. شایانی باسە ستیف فەیگن پێشتر کونسوڵی ئەمەریکا بوە لەهەولێر و شارەزایی و هاوسۆزییەکی زۆری بۆ خەڵکی کوردستان هەیە و پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی چین و تۆێژەکانی هەرێمی کوردستان هەبوو.

هاوپەیمانی نێودەوڵەتیی خاڵێکی سەربازی لە سەربازگەی تاجی ڕادەستی هێزەکانی عێراق کردەوە



فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ڕایگەیاند کە هاوپەیانی نێودەوڵەتی یدژبە داعش خاڵی ژمارە هەشتی لە سەربازگەی تاجی باکووری بەغدا، ڕادەستی هێزەکانی عێراق کردووەتەوە. گوتەبێژی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق، لیوا تەحسین خەفاجی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاندووە کە دوێنێ یەکشەممە لە ڕێورەسمێکدا، هێزەکانی هاوپەیانی نێودەوڵەتی دژبە داعش، خاڵی ژمارە هەشتیان لە سەربازگەی تاجی ڕادەستی هێزەکانی عێراق کردەوە.

لیوا تەحسین خەفاجی ئاماژەی بەوەیش داوە، خاڵی ژمارە هەشت لە سەربازگەی تاجی لەلایەن هێزەکانی ئوستراالیا، نیوزیلاند و ئەمەریکاوە بۆ مەشق و ڕاهێنان بە هێزەکانی عێراق بەکاردەهێندرا و باسی لەوەیش کردووە کە لەمەودا ئەو خاڵە لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە بەکاردەهێندرێت.

گوتیشی: دوای تەواوبوونی ئەرکی هێزەکانی هاوپەیانی نێودەوڵەتیی دژبە داعش، خاڵی ژمارە هەشت لە سەربازگەی تاجی بە ئامادەبوونی نوێنەری سەرۆکوەزیرانی عێراق و ڕادەستی هێزەکانی عێراق کرایەوە. سەبارەت بە ڕادەستکردنەوەی خاڵەکانی دیکەش، لیوا تەحسین خەفاجی ڕوونی کردەوە کە پلان بۆ ڕادەستکردنەوەی خاڵەکانی دیکە داندراوە.

جێی باسە پێشتر هاوپەیانی نێودەوڵەتی دژبە داعش ڕایگەیاندبوو، بەپێی ئەو پلانەی کە پێشتر داندراوە، هێزەکانیان لە بنکەی تاجی باکووری بەغدا کشاوەتەوە و بنکەکەیشیان ڕادەستی هێزە عێراقییەکان کردووەتەوە.

حکوومەتی ڕووسیا:

مانگانە دوو ملیۆن پێکوتەی دژە کۆرۆنا بەرهەم دەهێنین

وەزیری پیشەسازی و بازرگانیی ڕووسیا ڕایدەگەیەنێت، مانگانە وڵاتەکەی بڕی دوو ملیۆن پێکوتەی دژە پەتای کۆرۆنا، بەرهەم دەهێنن. دوێنێ یەکشەممە، دێنیز مانتورۆڤ، وەزیری پیشەسازی و بازرگانیی ڕووسیا بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاندووە، لە کۆتایی ئەمساڵەوە دەست دەکەن بە بەرهەمهێنانی بڕی دوو ملیۆن پێکوتە لە مانگێکدا. دێنیز مانتورۆڤ هەروەها ڕایگەیاندووە، کە ئەگەر داواکاریی لەسەر پێکوتەکە زیاد بوو، ئەوا بڕی بەرهەمهێنان بۆ شەش ملیۆن پێکوتەی مانگانە، بەرز دەکەنەوە. ڕۆژی ١١-٨-٢٠٢٠، ڤلادیمێر پوتینی سەرۆکی ڕووسیا ڕایگەیاند، پێکوتەی دژیکۆرۆنا بە سەرکەوتوویی تاقی کراوەتەوە و وەزارەتی تەندروستیی وڵاتەکەشی وەك پێکوتەیەکی دژەکۆرۆنا، پەسەندی کرد.

دیندار زێباری: بۆ ڕێگریکردن لە تووندوتیژی و گێرەشێوێنی ڕێکاری پێویست بەرامبەر نووسینگەکانی کەناڵی NRT گیراوەتەبەر

کەناڵیNRT بە بەردەوامی بۆ ئاقارێکی زۆر خراپ ڕۆیشتووە لە هاندانی خەڵک بۆ گومان دروستکردن لەسەر بوونی نەخۆشی کۆرۆنا



ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دیندار زێباری ڕایگەیاند کە لە هەرێمی کوردستان کاری ڕۆژنامەوانیی و ئازادی ڕادەربڕین بە یاسا ڕێکخراوە، بەم پێیەش سەدان کەناڵی ئاسمانیی و لۆکاڵیی و ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی بە ئازادی کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن، بەڵام هەندێك لەو کەناڵانە بە سوودوەرگرتن لەو ئازادییە و بە هاوکاری و هاندانی کەسانێك دەیانەوێت ئەزموونی حوکمرانی هەرێم و بەها پیرۆزەکانی کۆمەڵگە ناشیرین بکەن.

دیندار زێباری لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە «ماوەیەکە بە سوودوەرگرتن لە ئازادی کاری ڕۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستان چەند کەس و دەزگایەکی ڕاگەیاندن بە هەموو شێوەیەك دژی ئەزموونی هەرێمی کوردستان ڕەفتار دەکەن بێ گوێدانە هیچ بەهایەکی نیشتمانی و نەتەوەیی تەنانەت ڕێزیان بۆ پیرۆزییەکانیش نەهێشتووەتەوە، لەوانەیش کەناڵی NRT و شاسوار عەبدولواحیدی خاوەنی ئەم کەناڵە کە لەڕێگای کەناڵەکەیەوە لە پرسە چارەنووسسازەکانی کوردیشدا وەك پرۆسەی ڕیفراندۆم دژی وێستەکانی گەلی کورد وەستایەوە و لە دەڕەوە و ناوەوەی کوردستان کەمپینی دژی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ڕێکخست بوو. لەلایەکی ترەوە لە گەرمەی شەڕی تیرۆریستانی داعش لە کاتێکدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سەنگەرەکانی بەرگریدا بوون، کەناڵەکەی هانی خەڵکی دەدا بۆ نانەوەی ئاژاوە بە بیانووی دواکەوتنی مووچەوە».

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشێکی ڕاگەیەندراوەکەیدا دەڵێت: چەندین جار دادگا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ شاسوار و داخستنی کەناڵەکەی دەرکردووە لەوانە بەتۆمەتی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندییکردن، لەلایەکی دیکەوە داواکاری گشتیی لە مانگی شەشی ئەم ساڵدا داوای ئەوەی کردبوو لەبەر بەرژەوەندی هاووڵاتیان و هێورکردنەوەی بارودۆخی ناوخۆی هەرێم و سەرپێچیکردن لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستیی لەخۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، بە پێویستی دەزانن کەناڵەکانی ئێن ئار تی کوردی و عەرەبی بە یەکجاریی دابخرێت، هەروەها پێشتریش بەهۆی سەرپێچیکردن لە یاسا و ڕێنماییەکان کەناڵەکە بۆ ماوەیەکی کاتی داخرابوو.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژە بە شکاندنی قەدەغەکردنی هاتوچۆ لەلایەن هاووڵاتییانەوە دەدات و هۆکاری بەشێکی سەرپێچییەکانیش دەگەڕێنێتەوە بۆ کەناڵی ئێن ئارتی و ڕایدەگەیەنێت: کەناڵیNRT بە بەردەوامی بۆ ئاقارێکی زۆر خراپ ڕۆیشتووە لە هاندانی خەڵك بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی دادگاییکردنەکە.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بارەی ئازادی کاری ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان ڕایگەیاندووە:یەپێی یاسای ڕۆژنامەنووسی ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧، لەم یاسایەدا گشت ئەرك و مافەکانی ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن دیاریی کراوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زۆر بە ئازادییەکان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەدات لە هەر ئاستێکدا بێت بەتایبەتی لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا، بەڵام لە هەمان کاتدا ناکرێت پیشەی ڕۆژنامەنووسی بێتە هۆکارێك بۆ بەزاندنی ئازادی کەسانی تر و هۆکارێك بۆ نانەوەی پشێوی و ئاژاوە و تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی.

جەختیش لەوەکراوەتەوە کە بەپێی ڕێنمایی ژمارەی ٢ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان تایبەت بە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن لە کاتی پابەندن نەبوونیان بە یاسا و ڕێنماییەکان و ناوزڕاندن و سووکایەتیکردن بە خەڵك و ڕەمزەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، هەروەها بڵاوکردنەوە و هاندانی خەڵك بۆ گێرەشێوێنی و تووندوتیژی، بۆ جاری یەکەم کەناڵەکە دادەخرێت بە مەرجێك لە ٧٢ کاتژمێر زیاتر نەبێت و جاری دووەم لە هەمان ساڵدا لە هەفتەیەك زیاتر نەبێت و جاری سێیەم بەیەکجاری کەناڵەکە دادەخرێت و جارێکی دیکە بەم ناو و لۆگۆیەوە مولّەتی پێ نادرێتەوە، کەناڵی ناوبراو ئەم ساڵ چەندین جار سەرپێچی ئەم ڕێنماییانەی کردووە. لەم ڕووەوە ڕێکاری پێویست بەرامبەر نووسینگەکانی کەناڵی ئاسمانی NRT گیراوەتەبەر لە شارەکانی هەرێم بۆ ڕاگرتنی هاندانی تووندوتیژی و گێرەشێوێنی و تێکدانی ئارامی هەرێمی کوردستان.

یاخیبوون لە بڕیارەکانی وەزارەتی ناوخۆ و شکاندنی قەدەغەکردنی هاتوچۆ و گومان دروستکردن لەسەر بوونی نەخۆشی کۆرۆنا دوور لە یاسا کە پێچەوانەی بڕگەی سێیی ماددەی سێیەمە لە ڕێنمایی ڕێکخستنی فریکۆنسی سپەیس لە هەرێمی کوردستان (ڕێنمایی مۆلّەتی تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ).

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هەروەها ئەوە خراوەتەڕوو کە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بەڕێوەبەرایەتی گشتیی و ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە بەشی یاسا لە ٢٠٢٠/٦/٣ کەناڵی ناوبراوی تاگادار کردووتەوە کە بەردەوامیدان بەم شێوازە لە ڕاگەیاندن پێویستە ڕابگیرێت و ڕەچاوی باروودۆخی هەرێمی کوردستان بکرێت بە پێچەوانەوە داموودەزگا پەیوەندیدارەکان ناچارن ڕێکاری یاسایی بەرامبەر کەناڵی ئاسمانی NRT بگرنەبەر. بۆ ئەم مەبەستەیش لەم دواییەدا، وەزارەتی ڕۆشنبیری لەسەر داوای داواکاری گشتی سکاڵای تۆمار کردووە لە دادگا و ڕۆژی ٢٠٢٠/٩/٩ دیاریی کراوە بۆ بڕیارەکانی.



ئەمڕۆ پۆمپیۆ سەردانی ئیسرائیل و ئیمارات دەکات

بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایك پۆمپیۆ سەردانی ئیسرائیل بکات و دواتریش سەردانی ئیمارات بکات. مالپەڕی Axios ی ئەمەریکی لە سەرچاوەیەکی ئیسرائیلی بەبێ ئەوەی ناوی بهێنێت گواستوویەتەوە «گفتوگۆکانی پۆمپیۆ لە ئیسرائیل تایبەت دەبێت بە پرسی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئیسرائیل لەگەڵ ئیمارات و هەنگاوەکانی ئەمەریکا لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دووبارە سەپاندنەوەی سزاکانی نێودەوڵەتی بەسەر ئێران. مالپەڕەکە ڕوونیکردووەتەوە، چاوەڕێ دەکرێت پۆمپیۆ لە میانی سەردانەکەیدا بۆ ئیسرائیل لەگەڵ سەرۆکوەزیران، بێنیامین ناتانیاهۆ و وەزیری بەرگری، بێنی گانتس و وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل، گانی ئەشنکازی کۆبێتەوە.

بڕیارە پۆمپیۆ دوای سەردانەکەی بۆ ئیسرائیل سەردانی ئیماراتیش بکات و لە میانیدا لەگەڵ شازادەی جێنشین، محەمەد بن زاید و وەزیری دەرەوەی ئیمارات، عەبدوڵڵا بن زاید کۆببێتەوە. جێی باسە ڕۆژی ١٣ی ئابی ڕابردوو، سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و ئیماراتی ڕاگەیاندبوو.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان.. سزای سێدارە بەسەر بەندکراوێکی سیاسی کورددا سەپێندرا

سزای سێدارەی بەندکراوێکی سیاسی کورد کە لە بەندیخانەی ناوەندیی ئورمیە ڕاگیرابوو، لەلایەن دیوانی باڵای وڵاتەوە وەك خۆی پشتڕاست کرایەوە. ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ باڵاوی کردەوە کە لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، سزای سێدارەی مەحیەدین ئیبراهیمی، بەندکراوی سیاسی خەڵکی شنۆ لەلایەن دیوانی باڵای وڵاتەوە وەك خۆی پشتڕاست کراوەتەوە و سزاکەی نێردراوەتەوە بۆ دادگای شۆڕشی نیشتەجێبوونی ناوبراو واتە شاری شنۆ.

مەحیەدین ئیبراهیمی، لە ١٨ی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا سزای سێدارەکەی بۆ جاری دووەم بە تۆمەتی «بەغی و ئەندامەتی لە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران» لەلایەن لقی دووی دادگای شۆڕشی ئورمیەوە بە سەرۆکایەتی دادوەر شەیخلوو، پشتڕاست کراوەتەوە هەمان ڕۆژ بە فەرمی پێی ڕاگەیەندراوە.

مەحیەدین ئیبراهیمی، تەمەن ٤٢ ساڵ خەڵکی ئاوایی ئەڵکاوێی سەر بەشاری شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ڕۆژی ٤ی نۆڤەمبری ٢٠١٧، لە کاتێکدا سەرقاڵی کۆڵبەری بووە، لەلایەن هێزەکانی پایگای بێمزورتێ دراوەتە بەر دەستڕێژ و بە سەختی بریندار و پاشان دەستبەسەر کرابوو.

ئەو هاووڵاتییە کورد لە مانگی ئۆگستی ٢٠١٨، بۆ جاری یەکەم لەلایەن لقی دووی دادگای شۆڕشەوە بە تۆمەتی هاوکاوی و ئەندامەتی لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سزای سێدارەی بەسەردا سەپێندرابوو. مەحیەدین ئیبراهیمی خێزاندارە و باوکی منداڵێکی کەمئەندامە و ١٠ ساڵ پێشیش هەر بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ حزبی دیموکرات بۆ ماوەی ١٤ مانگ لە بەندیخانە ڕاگیرابوو.

خۆپێشاندەرانی بەسرە لە هێرشکردنە سەر بارەگای حزبەکانی سەر بە ئێران بەردەوامن

بە گوێرەی هەواڵێکی فۆیس ئۆف ئەمەریکا،تەلەفزیۆنی فەرمی عێراق ڕۆژی شەممە ڕایگەیاندووە، کە دوای ئەوەی خۆپێشاندەرانی بەسرە ئاگریان لەنووسینگەی پەرلەمانی عێراق و ژمارەیەك بارەگای میلیشیا شیعەکان بەردا،پۆلیس شەقامە سەرەکییەکانی شارەکەی داخست.

تەلەفزیۆنەکە ڕوونیکردۆتەوە کە لەئاکامی تەقینەوەیەك لەنزیك گۆڕەپانی خۆپێشاندەران کە بەحەبوبی ناسراوە، ١١ کەس برینداربوون، دوای تەقینەوەکەش خۆپێشاندەران بە شۆفەڵ هێرشیان کردۆتە سەر بارەگای حزبە شیعییەکان. هەروەها لە شاری بەسرە خۆپێشاندەران ئاگریان لەنووسینگەی پەرلەمانی عێراق بەرداو میلیشیاکانی ئێران-یش بە کوشتنی خۆپێشاندەران تۆمەتبار دەکەن، داواش لە دەسەڵاتداران دەکەن بکۆژانی چالاکوانان ریهام یەعقوب و تەحسین ئوسامە بدرێنە دادگا.

لەمبارەوە کازم سەیادی،ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند: کوژرانی ریهام یەعقوب، تەسفییەکردنی سیاسییە. هەروەها پۆڵ سولێقان، مامۆستا لە زانکۆی بەرگری نیشتمانی لە واشنتن لە ئیدوانێکیدا بۆ دەنگی ئەمەریکا ڕایگەیاندووە: زۆربەی عێراقییەکان بە شیعەوە، نارەحەتن بەدەست دەسەڵاتی ئێران لە وڵاتەکەیان.

لە ڕێگەی پێدانی بڕە پارەیەکەوە بە قاچاغ ئاودیوی خاکی عێراق کراون

ژمارەیەک خێزانی داعش لە سنووری عێراق و سووریا دەستگیرکران



بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی سەربازی سەر بە وەزارەتی بەرگریی عێراق، دەستگیرکردنی ژمارەیەك خێزانی داعشی ڕاگەیاند.

لە ڕاگەیەندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی سەربازی سەر بە وەزارەتی بەرگریی عێراق بڵاوی کردەوە کە هێزەکانی فیرقەی هەشت سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی سەربازی، ژمارەیەك خێزانی داعشیان لە سنووری قەزای قائیم ڕۆژئاوای پارێزگەی ئەنبار دەستگیرکردووە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، ئەو خێزانانەی داعش لە بەرانبەر بڕە پارەیەك لە خاکی سووریاوە ئاودیوی سنووری ڕۆژئاوای عێراق کراوون.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەیش دراوە، ئەو خێزانانەی داعش کە دەستگیرکراون، ڕەوانەی لایەنی پەیوەندیدار کراون بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی یاسایی، بەرانبەریان بیگرێتەبەر. پێشتر شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەر بە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ڕایگەیاندبوو، 31 کەس کە هەڵگری ڕەگەزنامەی سووری بوون و لەو کاتەی هەوڵیانداوە بە نایاسایی بێنە ناو خاکی عێراقەوە، دەستگیرکراون.

هەرێمی کوردستان.. ٥٢٣ کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون و ١٧ کەسیش گیانیان لە دەست دا

وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند ٥٢٣ تووشبووی نوێ بە ڤایرۆسەکە و ١٧ حاڵەتی گیانلەدەستدانیش تۆمارکراوە، بەمەیش کۆی گشتی تووشبووان بە ڤایرۆسەکە گەیشتە ٢٤ هەزار و ٧٩٤ کەس و گیانلەدەستدانیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گەیشتە ٩٠٣ کەس.

دوێنێ یەکشەممە وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماری ٢٤ کاتژمێری ڕابردووی لەبارەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێی بڵاوکردەوە. بەپێی ڕاگەیەنراوەکە لە میانی ٢٤ کاتژمێردا، سێ هەزار و ٧٣١ پشکنین لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە کە هەزار و ٦٤ لە هەولێر، ٥١١ لە سلێمانی، هەزار و ٩٣٢ لە دهۆك و ١٨٤ لە گەرمیان و ٤٠ لە هەڵەبجە.

لە ڕاگەیەنراوەکەی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستاندا ئاماری تووشبووان و گیانلەدەستدان لە میانی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا بەم شێوەیەی خوارەوە تۆمارکراوە:

پارێزگای هەولێر، ١٩٤ تووشبوو و ١٠ حاڵەتی گیانلەدەستدان.

شاری سلێمانی، ٩٨ تووشبوو، شەش حاڵەتی گیانلەدەستدان.

ئیدارەی گەرمیان، ٣١ تووشبوو.

پارێزگای دهۆك، ١٨٩ تووشبوو.

هەڵەبجە، ١١ تووشبوو، یەك حاڵەتی گیانلەدەستدان.

ئاماژەی بەوەیش داوە کە لە میانی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، ٨٥٧ نەخۆش دوای چارەسەری پزیشکی چاکبوونەوەتەوە کە ٢١٥ لە هەولێر، ٥٧٥ لە سلێمانی، ٣٦ ئیدارەی گەرمیان و ٣١ لە هەڵەبجە بووە. وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەیش کردووە کە لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆناوە تا ئێستا ٢٧٦ هەزار و ٧٣٥ پشکنین لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە کە ١١٥ هەزار و ١٠٧ لە هەولێر، ٨١ هەزار و ٨٥٣ لە سلێمانی، ٧٧ هەزار و ١٧٥ لە دهۆك و دوو هەزار و ٦٠٠ لە هەڵەبجە بووە.

هەر لە ڕاگەیەنراوەکەی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستاندا ئەوەیش ئاشکرا کراوە کە لە کۆی ٢١ هەزار و ٨٣١ هاووڵاتیی کەرەنتینکراو، ٢١ هەزار و ٧٢٢ هاووڵاتیی لە کەرەنتین دەرچوون و دوای تەواوکردنی ماوەی ١٤ ڕۆژ و ئەنجامدانی پشکنینی تاقیگەیی بۆیان و پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی کە هەڵگری ئەو نەخۆشییە نین، گەڕانەوەتە ناو خانەوادەکانیان. ئاماژە بەوەیش دراوە کە لە میانی ٢٤ کاتژمێری ڕابردوودا، ٢٨ هاووڵاتیی کەرەنتین کراوە.



کارەکەی خۆم خۆش دەوێت، ناتوانم لە ماڵەوە دابنیشم

لە هەولێر پیاوێکی بەسالاچووی ژینگەپارێز ڕەتیدەکاتەوە موچەی بێ کارکردن وەربگرێت

خەبات/
پیاوێکی بەسالاچووی ژینگەپارێز لە شاری هەولێر سەرباری ئەوەی بەهۆی زۆری تەمەنی داوای لێکرا بە موچەکەی خۆی لە ماڵەوە پشوو بدات و ئیدی کاری پاککردنەوەی شەقامەکان نەکات، بەڵام ئەو پیاوە بەتەمەنە بەهۆی ئەوەی کارەکەی خۆی خۆشدەوێت، ڕەتیدەکاتەوە لە ماڵەوە دابنیشێت و موچەکەشی مانگانە وەربگرێت، وەک خۆی ئاماژەی بۆی کردووە ئەو ناتوانێت لە ماڵەوە دابنیشێت، چونکە کارەکەی خۆی خۆشدەوێت.
دوای ئەوەی لە ڕێگەی تۆڕەکانی سۆشیاڵمیدیا پیاوێکی بەسالاچوو لە شاری هەولێر بووە جێی باسوخواسی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەوەی بە تەمەنێگی گەورەوە کاری ژینگەپارێزی و پاککردنەوەی شەقامەکان لە شاری هەولێر دەکات، دکتۆر فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر لەسەر کارەکەیدا سەردانی دەکات و داوای لێدەکات بە موچەکەی خۆی، لە ماڵەوە دابنشێت و پشوو بدات، بەڵام ئەو پیاوە بەسالاچووە ڕەتیدەکاتەوە لە ماڵەوە دابنیشێت و لە وەڵامی پارێزگاری هەولێردا دەڵێت: من کارەکەی خۆم خۆشدەوێت و ناتوانم لە ماڵەوە دانیشم، سوپاستان دەکەم، چونکە حەزم لە کارەکەی خۆمە و خۆشم دەوێت.



پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێزان، خانەوادەی حوسێن خدر ڕەشۆ
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان(حوسێن خدر ڕەشۆ)مان پێگەیشت.
سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.
لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت.
انا لله وانا اليه راجعون

بارەگای بارزانی



هەولێر: سێ بکوژ دەستگیر کران

بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای هەولێر لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاماژە بەوە دەدات، لە هەولێر سێ بکوژ دەستگیر کران. دوێنێ یەکشەممە ٢٠٢٠/٨/٢٣، بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای هەولێر، ڕاگەیاندراوێکی لە پەیجی فەرمیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (فەیسبووك) بڵاوکردەوە، تێیدا هاتووە: «دوای ئاگادارکردنەوەی بەشی پۆلیسی عەنکاوە بە بوونی ڕوودواوێکی کوشتن لە گوندی (سوورخان)، تیمێکی لێکۆڵینەوە لە بنکەی پۆلیسی تووڕەق پێکهێندرا و گەیشتنە شوێنی ڕوودواوەکە». پۆلیسی هەولێر ئەوەشی خستەڕوو: «دوای گەیشتنیان بۆ شوێنی ڕوودواوەکە، دەرکەوت کەوا هاوواڵتییەك بە ناوی (عەزیز حەسەن عوسمان) لەلایەن سێ تۆمەتبارەوە بە ئۆتۆمبێل خۆیان پێدا کێشاوە و تەقەیان لێ کردووە و لە ئاکامدا گیانی لەدەست داوە».
باس لەوەش کراوە، پۆلیس توانی بە ماوەی کەمتر لە دوو کاتژمێر تۆمەتباران بە ناوەکانی (س.م.ع) و (س.س.م) و (م.س.م) دەستگیر بکات، هەرسێ تۆمەتبارەکە دوای دەستگیرکردنیان دانیان بە تاوانەکەیاندا نا، کە لەسەر کێشەی زەوی بووەتە دەمەقاڵیان و لە ئاکامدا تەقە لە نێوانیاندا ڕووی داوە و بەو هۆیەوە گوللەیەك بەر ئەو کەسە کەوتووە و لە شوێنی ڕووداوەکە گیانی لەدەست داوە، هەروەها تۆمەتبار (س.س.م)یش زامداربوو. پۆلیسی هەولێر ئاشکراشی کردووە، پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان بۆ ڕێك خرا و دادوەر بڕیاری دا بە بەندکردنی هەرسێ تۆمەتبارەکە بەپێی ماددەی ٤٠٦ لە یاسای سزادان.

هەڵەبجە.. دۆکیومێنتەکانی 30 ساڵی هاوواڵتییان لە شارەوانی سووتێنران





سەرۆکی شارەوانی: بەدڵنیاییەوە دەستێکی تێکدەر و گێرەشێوێن بوون»
ئەم کارەیان کردووە
شەوی ڕابردوو بەشێکی خۆپیشاندەران لە هەڵەبجە هێرشیان کردە سەر شارەوانیی هەڵەبجە و سووتاندیان، لە ئەنجامیشدا دۆکیومێنتەکانی ٣٠ ساڵی هاوواڵتییان و فەرمانبەرانی شارەوانییەکە، سووتان. ئاگرەکە ئەوەندە زۆر بووە، تاوەکو ئێستاش دووکەڵی ماوە.
کۆبۆستان ئەکرەم، سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجە گوتی: بەداخەوە، بەڕاستی بەو شێوەیە داوای ماف ناکرێت، کە هێرش بکەنە سەر فەرمانگە حکومییەکانی ئەو پارێزگایە، ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین هاوواڵتییان داوای مافەکانی خۆیان بکەن، بەشێوەیەکی تەندروست، بەڵام نەوەک بەمشێوەیە».
لەبارەی زیانەکانیش، کۆبۆستان ئەکرەم گوتی «بەداخەوە شارەوانیی هەڵەبجە ڕووبەڕووی سووتان بووەوە، بااڵخانەکە هەموو زیانی بەرکەوتووە، لەڕووی دۆسیە و دۆکیومێنتەکانیش، بەشی گەنجینە و کۆگای شارەوانی و هەرچیی مامەڵە و دۆکیومێنتی خەڵک و فەرمانبەران هەیە هی ٣٠ ساڵ، هەموو سووتاوە».
سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجە جەخت دەکاتەوە لەوەی «بەدڵنیاییەوە دەستێکی تێکدەر و گێرەشێوێن بوون» ئەم کارەیان کردووە «بەڵام خەیاڵیان خاوە..

سلێمانی.. پڕۆژەی سیستمی ئەلیکترۆنی سکاڵانووسەکانی هاتووچۆ کرایەوە




لە مەراسیمێکدار دوێنێ یەك شەممە (٢٠٢٠/٨/٢٣) بە ئامادەبوونی لیوا (چەتۆ ساڵح) بریکاری وەزیری ناوخۆ لەوتەیەکدا جەختی لەوەکردەوە، سیستمی بەئەلکترۆنی کردنی سکاڵانووسەکانی هاتووچۆی سلێمانی گرنگی زۆری هەیە لە زوو ڕایی کردنی مامەڵەی هاوڵاتیان، گوتیشی: بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی هەنگاوی باشی ناوە لە زوو ڕایی کردنی مامەڵەی هاوڵاتیان و خزمەتکردنی هاوڵاتیانداو، هاوکات پشتگیری خۆی بۆ هاتووچۆی سلێمانی دووپاتکردەوە.
هاوڵاتیان گرنگی زۆری هەیە.
هاوکات لیوا (چەتۆ ساڵح) بریکاری وەزیری ناوخۆ لەوتەیەکدا جەختی لەوەکردەوە، سیستمی بەئەلکترۆنی کردنی سکاڵانووسەکانی هاتووچۆی سلێمانی گرنگی زۆری هەیە لە زوو ڕایی کردنی مامەڵەی هاوڵاتیان، گوتیشی: بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی هەنگاوی باشی ناوە لە زوو ڕایی کردنی مامەڵەی هاوڵاتیان و خزمەتکردنی هاوڵاتیانداو، هاوکات پشتگیری خۆی بۆ هاتووچۆی سلێمانی دووپاتکردەوە.
هاوڵاتیان، هەروەها هەندێک خۆراک، کە لەپێگەی خێرخوازانەوە کۆکراوەتەوە بۆ ئەوەی بەسەر هاوواڵتییان دابەش بکرێت هەموویان سووتاون.
خۆپیشاندانەکە دوای کاتژمێر ٠٦:٠٠ی ئێوارە بووە و لەکاتێکدا بووە کە دەوام نەبووە. هەردی سەرکەوت دەڵێ ئەوکاتە «تەنیا پاسەوانەکان لێرە بوون، واتا کاتێک نەبووە ئەوان بێن و داواکاری ئاراستە بکەن و ئێمەش وەاڵمیان بدەینەوەو ئێمە لێکۆڵینەوە لەو بابەتە دەکەین، هەم بۆ زانینی زەرەر و زیانەکان، هەم بۆ زانینی ئەوانەی هێرشیان کردووەتە سەر قایمقامییەت، چونکە ئەوە فەرمانگەی هاوواڵتییانە و مووڵکی هیچ کەس و لایەنێک نییە».

گوتەبێژی قایمقامییەتی کەلار:
دوای سووتانی قایمقامییەت لێکۆڵینەوە لەسەر دوو بابەت دەکەین

ئێوارەی دوێنێ، بەشێکی خۆپیشاندەران لە کەلار ئاراستەی خۆپیشاندانەکانیان گۆڕی بۆ سەر دامودەزگاکانی حکومەت، قایمقامییەتی قەزای کەلاریان سووتاند، گوتەبێژی قایمقامییەتیش دەڵێ «لەمبارەیەوە لەسەر دوو بابەت لێکۆڵینەوە دەکەین».
هەردی سەرکەوت، گوتەبێژی قایمقامییەتی قەزای کەلار دەڵێ: لە ئەنجامی ئاگرەکە «زیان بە قایمقامییەت کەوتووە، دوو ئۆتۆمبێل سووتاون، کە یەکێکیان هی پاسەوانێکی قایمقامییەت و ئەوەی دیکەش هی فەرمانگەیەکی تێر قایمقامییەتە».
جگە لەوە بەگوتەی ئەو گوتەبێژە، پرسگە، ژووری دۆسییەکانی

هەولێر.. بەو ڕاهێنانەی کە دەیبینن دەبنە خاوەنی کاری خۆیان



د. عارف حیتۆ:

سیاسەتی حکوومەت ئەوەیە، کە کەرتی تایبەت وەکو کەرتی گشتی هەموو ماف و ئیمتیازاتی هەبێت.



کارۆخ عەبدوڵڵا:

توانیومانە ڕاهێنان بە زیاتر لە 10 هەزار کارمەند حکوومی بکەن لە بابەتی پرۆتۆکۆل و بەڕێوەبردن و شەفافیەت.



خەبات: هەولێر

سەرەڕای بوونی قەیرانی دارایی و ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەڵام ئەنجامدانی پڕۆژەی بچووک لە سەنتەری تەکنەلۆجیا و ڕاهێنانی ئەوروپی بەردەوامە و لەئێستاشدا شەش کۆرسی جیاواز بەڕێوەدەچێت و بەشێك لە بەشداربووان دوای تەواوبوونی ڕاهێنانەکان دەبن بە خاوەن کاری خۆیان.

سەنتەری تەکنەلۆجیا و ڕاهێنانی ئەوروپی ماوەی زیاترە لە 10 ساڵە کارەکانی خۆی لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدات و یەکێك لە پڕۆگرامەکانی بریتییە لە پەرەپێدانی تواناکانی مرۆڤ، پەرەپێدانی ئابووری و ڕاهێنان لە بواری جیاجیاکانی دیکەدا و جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژانەیش کە بەشداربووان پێشکەشی دەکەن بە ئامانجی ئەنجامدانی کاری سەربەخۆ، هەروەها هەماهەنگی و هاوکاری ئەو کەسانەش دەکەن کە دەیانەوێت لە وڵاتانی دەرەوە بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان، سااڵنەش لە چەندین بواری جیاوازدا کۆرسەکانییان دەکەنەوە و ژمارەیەك لە هاووڵاتییان بەشداری تیادا دەکەن.

بەڕێوەبەری چالاکییەکانی سەنتەری تەکنەلۆجیا و ڕاهێنانی ئەوروپی، کارۆخ عەبدوڵا لە چاوپێکەوتنێکیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان لەسەر چەند توێژێك کار دەکەن لەوانەش: گەڕاوەکان، کارمەندانی حکومی، هەروەها ئاوارە و پەنابەران، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە توانیویانە ڕاهێنان بە زیاتر لە 10 هەزار کارمەند و ستافی حکومی بکەن لە بابەتی پرۆتۆکۆل، بەڕێوەبردن، شەفافیەت و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هاووڵاتییان، ئەوەیش دەخاتەڕوو کە پڕۆژەی چەندەها بەشداربوویان جێبەجێکردووە کە بوونەتە خاوەن کاری خۆیان.

بارەگای سەنتەرەکە لە شاری هەولێرە و چەندین هۆڵی کۆبوونەوە و ڕاهێنان و شوێنکاری تێدایە، جگە لە گەڕاوەکانیش، کارمەند و ستافی حکومی یەکێکی دیکەیە لەو توێژانەی کە سەنتەری تەکنەلۆجیا و ڕاهێنانی ئەوروپی لە بواری جیاوازەکاندا ڕاهێنانیان پێ دەکات و لەمبارەیەوە کارۆخ عەبدوڵا دەڵێت: توانیوومانە زیاتر لە 10 هەزار کارمەند و ستافی حکومی ڕاهێنان پێ بدەین لە بواری پرۆتۆکۆڵ و بابەتی بەڕێوەبردن و شەفافیەت و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هاووڵاتییان، هەروەها لەگەڵ چەند وەزارەتێك هەماهەنگیمان هەیە بۆ ئەوەی بەشێك لە کارمەند و ستافەکانییان ئەو ئەزموونە سەرکەوتووانەی وڵاتانی ئەوروپا ببینن، بۆ نموونە سێ گەشت کراوە بۆ ئەڵمانیا بۆ ئەوەی بتوانن لەوێ بارودۆخی ئاوارەکان ببینن و ئەزموونەکە بگوازنەوە بۆ ئێرە و کاری لەسەر بکەن.

لەبارەی داخوازییەکانی حکوومەت بۆ هەڵبژاردنی بواری ڕاهێنانەکانیان بە ستاف و کارمەندەکانییان، کارۆخ عەبدوڵا دەڵێت: حکوومەت ماوە ماوە بابەتەکان دەگۆڕێت، جاری وا هەیە لەسەر بەڕێوەبردن بووە یان لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردنی کارمەند و هاووڵاتیی بووە، یان ئاشکراکردنی بەڵگەنامەی ساختە بووە لە هەموو فەرمانگەکانی وەك پاسپۆرت و فرۆکەخانەکان و بۆ ئەم مەبەستەش چەند شارەزایەکی ئەوروپایی ڕۆڵیان هەبووە و ڕاهێنانی تایبەت بە کارمەندەکانی ئەو شوێنانە کراوە و دواتریش ئەنجامی باشی هەبووە بەپێی ئەو فۆرمی هەڵسەنگاندنەی کە بۆ ئێمە گەڕاوەتەوە.

بەڕێوەبەری چالاکییەکانی سەنتەری تەکنەلۆجیا و ڕاهێنانی ئەوروپی، کارۆخ عەبدوڵا گوتی: هەر پڕۆژەیەك مەرجی تایبەتی هەیە، بۆ نموونە ئەولەویەت بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت، ئافرەت یان ئەوانەی کە ژمارەی ئەندامانی خێزانیان زۆرە و ئەوانەیشی کە بێکارن، هەر پڕۆژەیەك و مەرجی تایبەت بەخۆی هەیە، پڕۆژەکانمان زیاتر لەسەر دوو تەوەرە، یەکێکیان دامەزراندنە لە کەرتی تایبەت کە چەندین پڕۆژەمان جێبەجێکردووە لەم بوارەدا و توانیوومانە چەندین خەڵك لەسەر کار دابمەزرێنین، ئەوەی دیکەیان بەشداری کۆرسەکانمان پێیان کردووە بۆ ئەوەی بتوانن ئەو پڕۆژەی هەیانە جێبەجێی بکەن و دەست بەکارەکانییان بکەن وەکو پڕۆژەکانی سەرتاشی، فیتەری و جلوبەرگ دروێن لە هەموو هەنگاوەکان لەگەڵیاندا دەبین و کۆرسی تایبەتیان پێ دەدەین کە چۆن بتوانن مامەڵە لەگەڵ خەڵك بکەن و چۆن وا بکەن کە کڕیاری بۆخۆیان ڕابکێشن، لەگەڵ ئەوەشدا فێری ئەوە دەکرێن کە چۆن شوێنی کارەکەیان هەڵبژێرن و چۆن کێبڕکێ لەگەڵ بازاڕدا بکەن، دوای ئەوە بڕە پارەیەکی تەرخانکراو هەیە بۆ ئەوەی کەلوپەلەکانی پێداویستی کارەکەی بۆ بکڕین و دواتر لەگەڵیدا دەبین و بەدواداچوونی بۆ دەکەین.

کارۆخ عەبدوڵا دەشڵێت: ئەو کەسانەی لەلای ئێمە دەردەچن و پێویستییان بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکان هەیە، هەماهەنگیمان لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتیی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەیە و پشتگیری خۆی دەربڕیووە بۆ کارەکانمان، ژووری بازرگانیش ئامادەیی خۆیان دەربڕیووە کە هیچ ڕسوومایتێك وەرنەگرن و بە گشتی حکوومەت دڕێخی نەکردووە و هاوکارمان بوونە.

هاوکات بەڕێوەبەری گشتیی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، عارف حیتۆ ئاماژە بەوە دەکات کە سەنتەری تەکنەلۆجیا و ڕاهێنانی ئەوروپی کارێکی باشی هەم بۆ وەزارەتی کار و هەم بۆ تەواوی حکوومەت کردووە بەوەی لە زۆربەی بواڕەکاندا توانیوویانە ڕاهێنەر لە دەرەوە بهێنن و ستاف و کارمەندەکانی حکوومەت بەشداری خولی تایبەت بکەن.

د. عارف حیتۆ گوتی: سەنتەری تەکنەلۆجیا و ڕاهێنانی ئەوروپی لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە تا ئێستاش، کارێکی باشی کردووە نەك هەر بۆ وەزارەتی کار، بەڵکو بۆ هەموو حکوومەت لە هەموو بوارێکدا، هەر بوارێکی پیشەیی و تەکنیکی بێت ئەوا بەهاوکاری و پاڵپشتی ئەوان کە بۆردەکەیان لە ئەڵمانیایە و خەڵکی پسپۆڕ دەهێنن و ڕاهێنان بە کارمەندانی حکوومەت دەکەن.

د. عارف حیتۆ گوتیشی: دوای قەیرانی دارایی کە ڕێژەی بێکاری بەرزبووەتەوە، ستافەکانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی پێویستییان بە ڕاهێنانی زیاتر هەبووە، بابەتی بەکارخستن و ستافەکانیان و چۆنیەتی ڕێکخستنی فۆرمەکان بۆ کارخوازان یان ئەوانەی لە کار دەگەڕێن. لە هەموو ئەو بابەتانەدا توانیوومانە کارمەندەکان خولی تایبەت ببینن و لەئێستاشدا شەش خول دەکەینەوە لەسەر بەبازاڕکردن بۆ ئەوەی گەنجان فێربکەین چۆن دەچنە بازاڕەوە و هەموو ئەوانەش بە هاوکاری سەنتەری تەکنەلۆجیا و ڕاهێنانی ئەوروپی بەڕێوەدەچێت، پێش بوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕێژەی بێکاری گەیشتبووە 13% چونکە پڕۆژەکان لە کەرتی تایبەت نەیانتوانی کار بکەن یان ڕاگیرابوون، جگە لەوەش نزیکەی شەش ساڵە لەشکرێکی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان چاوەڕێی دامەزراندن دەکەن و ماوەی شەش ساڵە کەس لە حکوومەت دانەمەزراوە و ئێستاش سیاسەتی حکوومەت ئەوەیە کە کەرتی تایبەت وەکو کەرتی گشتی هەموو ماف و ئیمتیازاتی هەبێت بۆ ئەوەی گەنجان ڕوو لە کەرتی تایبەت بکەن و یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتیش هەیە و بە جیددی کاری لەسەر دەکەین بۆ ئەوەی هەموو کارمەندێکی کەرتی تایبەت دەستەبەر بکرێت و ئەوکاتیش هەموو مافێکی وەك کەرتی گشتی دەبێت.

بەڕێوەبەری گشتیی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوەیشی خستەڕوو کە دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بیر لەوە دەکەنەوە کە سیستەمێك یان ئالییەتێك دابنێن بۆ ئەوەی ئەو خەڵکانەی لە کەرتی تایبەت کار دەکەن مافەکانییان پارێزراوبێت.

سافیە ڕەزا عومەر، دوای تەواوبوونی ڕاهێنانەکەی لە سەنتەری تەکنەلۆجیا و ڕاهێنانی ئەوروپی، یەکێك لە دوکانەکانی بازاڕی گەڕەکی کوردستانی شاری هەولێری بۆ کاروباری بەرگدروو بەکرێ گرتووە و کەلوپەل و پێداویستییەکانیشی لەلایەن سەنتەرەکە بۆ دابین کراوە، ئەو لەبەیانییەوە تا ئێوارە خەریکی دروونی جلوبەرگە و کارەکەیشی سەرچاوەی بژێوی خێزانەکەیەتی.

سافیە ڕەزا عومەر تەمەن 43 ساڵ گوتی: لە تەمەنی 15 ساڵییەوە خولیای فێربوونی دروومان بووم و لە ماڵەوە کارم دەکرد، بەم دواییەش گەڕامەوە سەر خوێندن و وەرزی هاوین کارم دەکرد بۆ ئەوەی خەرجی خوێندنەکەم دابین بکەم و خۆشبەختانە ئامادەیی بازرگانیم تەواو کرد و پاشان لەلای هاوڕێیەکم بۆ ماوەی سێ ساڵ وەکو شاگرد کارم کرد بۆ ئەوەی بژێوی خۆم و دایك و باوك و خوشکەکەم دابین بکەم.

سافیە ڕەزا عومەر دەڵێت: دواتر لە ڕێگای سەنتەری تەکنەلۆجیا و ڕاهێنانی ئەوروپی، توانیم ڕاهێنانی تایبەت بە بواری بەرگدروو ببینم کە تیایدا فێری ئەوەبووین کە چۆن مامەڵە لەگەڵ کڕیاردا بکەین و چ شوێنێك هەڵدەبژێردرێن بۆ کردنەوەی دوکان و کارکردن، لەدوای تەواوبوونی ڕاهێنانەکەم پڕۆژەکەم کەوتە واری جێبەجێکردنەوە و هەموو ئەو پێداویستییانەی کە لەناو پڕۆژەکە نوسیبووم وەکو مەکینەی دروومان، مەکینەی نۆقەر، فێنککەرەوە، مۆلیدەی کارەبا، ئوتوو و هەندێك شتی دیکە، بڕم دابینکرا و کەوتمە سەر کاری خۆم و ئێستا بۆخۆم و خوشکەکەم بەردەوامین و لە ساڵی ئایندە پەرە بە بواری بەکەم دەدەم.

ئایە غازی تەمەن 23 ساڵ، خەونەکانی لە شاری قامشلۆی سووریا دەگوازێتەوە بۆ هەولێر و وەك خۆی دەڵێت کە لە منداڵییەوە خەونی ئەوەی هەبووە ببێتە خاوەن دوکانێکی تایبەت بە جلوبەرگی ئافرەتان و دوای هاتنی وەك پەنابەر بۆ شاری هەولێر، بەشداری کۆرس و ڕاهێنانەکانی سەنتەری تەکنەلۆجیا و ڕاهێنانی ئەوروپی دەکات، پڕۆژەکەی جێبەجێ دەکرێت و ئێستاش لە یەکێك لە دوکانەکانی بازاڕی کوران خەریکی فرۆشتنی جلوبەرگ و پێداویستییەکانی ئافرەتانە.

ئایە غازی گوتی: من خەڵکی شاری قامشلۆی سووریام، ماوەی هەشت ساڵە بەهۆی بارودۆخی سووریا وەکو پەنابەر لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێم، سەرەتا لە شاری دهۆك نیشتەجێ بووین و من تەمەنم بچووك بوو، نەمدەتوانی کار بکەم، بەڵام دوای ساڵ و نیوێك هاتینە هەولێر، دواتر لە بازاڕ خەڵکان ناسی و لە دوکانێك شاگردبووم کە جلوبەرگی ئافرەتانی دەفرۆشت و هەتا ماوەیەکی زۆر.

سەنتەری تەکنەلۆجیا و ڕاهێنانی ئەوروپی لە ساڵی 2009 لەلایەن وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەڵمانیا، فرانك ڤالتەر شتاینمەر دامەزراوە و تا ئێستا ڕاهێنانی بە هەزاران کارمەند و هاووڵاتی کردووە و چەندین پڕۆژەی لە بواری جیاجیاکاندا جێبەجێکردووە.



کوردو دەوڵەتداری

ڤینوار فوئاد سدیق

زۆرترین مقۆ مقۆو قسەو باس ئەوەیە کە کورد دەیێتە دەوڵەت یان نا، لەبەرچی؟

راستە کورد لە ئێستادا دەوڵەت نییە، بەڵام بە درێژایی چارەگە سەدەیەك زیاترە ، هێزێکی کاریگەریشە لە ناوچەکە، ئەم هێزە کاریگەرە بەردەوامەو توانا کانیشی بەهێزترو زۆرتر دەبن. راستە گرفتی ناوخۆییان هەیە، کێشە لە دوای کێشە دروستدەبن، تەنانەت خەڵکانێك بەدەر لە یاساکانیش رەفتار دەکەن، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کورد وەك هێزێکی سیاسی و سەربازی بوونی خۆی جێگیر کردووە، ئەمە جگە لەوەی کورد وەك نەتەوە، لەسەر خاکی خۆی رەوایەتی خۆی هەیەو گوتاری سیاسی خۆی و قسەی خۆی هەیە، کە ئەمانە لە چوارچێوەی حکومەت و پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمدا بەرجەستە کراون.

پێویستە ئەوەش لەبەرچاو بگرین، چەندین وڵاتی زلهێز، کە بەرژەوەندییەکانیان پێکناکۆکیشن، کەچی لەم ناوچەیە یاریدەکەن، کوردیش توانیویەتی هاوسەنگییەکی جوان لەنێوان ئەم هەموو هێزە قەبەیە رابگرێ.


ئەوە ئەمریکایە کەشوهەوای ناو ئەنجوومەنی ئاسایش و پەیمانی ناتۆ سازدەکات، ئەویش سەرکردایەتی ئۆپەراسیۆنەکانی دەرەوەی ئەوروپا دەکات، تا بگەنە کەنداوی فارسی و ئاسیای ناوەڕاست، هەر ئەویشە هەوڵدەدات زۆربەی کێشەکانی جیهان چارەسەر بکات، گەورەترین هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە دژی رژێمی بەغدای سەردەمی سەدام دروست کرد تا رووخاندی.

لەولایشەوە، چین قەت لەگەڵ ئەمریکا دۆست نەبووە، لە سەرەتای سالانی حەفتاکانیشەوە بەربەرەکانی زیاتری ئەمریکا دەکات، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە سنوور بۆ ئەمریکا دابنێ، چونکە سیاسەتێکی داخراوی هەبووە، تەنیا لە رووی ئابوورییەوە هەنگاوی گەورەی ناوە، چونکە ئابووریەکی کراوەی هەیە، ئێستا لە هەموو کاتێکی رابردوو زیاتر، نێوانی ئەمریکا و چین تێکچووە، بەڵام هەردووکیان سنووری یەکترپر بۆ یەکتری دەزانن تا چەندە، بۆیە بەریەککەوتن و پێکدادان ئەستەمە، چونکە کارەسات دەقەومێ. مەبەستی من ئەوەیە پێشتر چین ئاوا بە زەقی خۆی دەرنەدەخست، بەڵکو زیاتر خەریکی بازرگانییەکی بێشوومار بوو، ئێستا هاتۆتە مەیدانەکە، ئامادەی شەڕە قۆچانییە، بەڵام ئەمریکا نایەوێ بکەوێتە ناو ئەو داوەوە، چونکە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆی ئامادە نییە، بەتایبەت رووسیا کە هێشتا لەگەڵ ئەمریکا لە ناکۆکی قوڵدایەو خاوەنی چەکی گەورەی وێرانکەریشە. ئەم ڤایرۆسی کۆرۆنایەش گورزێکی کەمەر شکێنی لە ئەمریکا دا، ئەم گورزە کاریگەرییەکانی بۆسەر داهاتوو زامدارترو پڕ ئازارتر دەبێت.

ئێستا جیهان ٣ جەمسەری زۆر گەورەی بەخۆوە گرتووە، چین و ئەمریکاو رووسیا، جگە لە چەندین هێزی دیکە کە ئەوانیش دوا بە دوای ئەم ٣ هێزە دێن، لە سەرووی هەموویانەوە یەکێتی ئەورووپا، هیندستان و ئەمریکای لاتینییە، یەکێتی ئەوروپا بەهۆی کۆرۆناوە تەواو لەباریەکچووە، بەڵام بە رووخسار هێشتا ماوە، جگە لە وڵاتانی هەرێمی ئێران و تورکیا کە نەك هەر بۆ هەرێمی کوردستان ، بەڵکو بۆ هەموو جیهان بوونەتە کێشە. ئەوەی مەبەستی منە کورد لەناو ئەو ژینگەیەدایە، کە تا بڵێی ژینگەیەکی خراپە، بەڵام هاوسەنگیشی راگرتووە، لەگەڵ هەموو ئەو وڵاتانەە هیچ گرفتکی نییەو بەردەوامیشە و کاری بازرگانیشی لەگەڵ هەموویان هەیە، تا دێت پەرەی زیاتریش بەو بازرگانیانەی دەدات. ئەم جۆرە هاوسەنگییە ئاسان نییە، کەواتە کورد دەتوانێ قۆناخی زۆر سەخت ببڕێت ، وەك لە رابردووداا بڕیویشیەتی، بەم لۆژیکە، کورد دەتوانێ بەسەر تەواوی گرفتە ناوخۆییەکانیش زاڵ ببێ، دەتوانێ ناوماڵی خۆی بە جوانتر لە هەموو جارانی پێشوو ڕێکبخاتەوە ، بیکەین بە نموونەیەکی جوان بۆ هەموو ئەو وڵاتە زلهێزانەی کە چاویان لەسەر هەرێمەکەمانە، من دڵنیام ئەو رۆژەش هەر دێت، کورد بە هێزێکی کاریگەرتر لە رابردووی ، خۆی ڕێکدەخاتەوە دەوڵەتی خۆی رادەگەیەنێت، چونکە بەغداش ئەو بەغدایەی جاران نەماوەو، کێشەی ناوخۆی زۆرە، بەرگەی کێشەی کوردیش ناگرێت، بەڵام سیاسەت پشوو فراوانی و پشوو درێژی دەوێت، بەرنامەو پلانەکان، مەرج نییە لە سالێك و دوو سالدا بەتەواوی جێبەجێبکرێن، بەڵام دەبینین، هەموو سیاسەتی کورد، لەبەرانبەر ڕەتکردنەوەی قەوارەکەمان،زۆر پۆلایینە.



کێشەی زەویيە کشتوکاڵییەکان لە سنووری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم



ئامادە کردنی / ناسر مەلا حەکیم

چاوپێداخشاندنەوەیەك بە سالانی (1980ـ 2003) کە رژێمی ئەوکاتی عێراق لە سەرەتاوە بە درێژایی (1000) کیلۆمەتر و (3700) کیلۆمەتر چوارگۆشە، دەستی بە سەر زۆربەی زەویيە کشتوکاڵییەکانی کورددا گرتبوو، کە ئێستا دەکەونە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، ئەمەش لە سنووری پارێزگاکانی (موسڵ ، سەلاحەدین ، کەرکووك ، دیالە) بوون. ئەم زەویيانە لە سنووری دەشتی (نەینەوا ـ مەخمور ـ سەرگەڕان ـ پەڵکانە ـ دوبز ـ داقوق ـ لەیلان ـ مەندەلی ـ و چەند گوند و شارۆچکەی دیکە) بوون، لە کاتێکدا ئەم زەویيانە (تۆمار) « تاپۆ»ی ڕەشیان هەبوو، هەندێك لە زەویيە کشتوکاڵییەکانی کەرکووکیش بە یاسای ژمارە (117)ی ساڵی (1970ـ 1976) لە سەر ئەو کەسانەی کە لەو سنووڕە دەژیان و زۆربەیان کورد بوون و لە گەڵ هەندێك لە نەتەوەی تورکمانیش کە لە ساڵانی (1930ـ 1940) لەو ناوچانە نیشتەجێ بیوون(تۆمار ـ تاپۆ) کرا، بەڵام لە ساڵانی (1975ـ 1976) رژێمی عێراق (مەجلس قیادە سەورە) بە زۆر ئەو زەویيانەی کە کورد و تورکمانەکان لە سنووری «کەرکووك»دا خاوەندارێتییان دەکرد، لێیان سەندنەوە و دایان بە عەرەبەکان، بەڵام لە ساڵەکانی (1990) بە بەرپرسیاری (عەلی حەسەن مەجید) هەموو گرێبەستەکانی هەڵوەشاندنەوە و دووبارە دەستکرا بە دابەشکردنەوەی زەویە کشتوکاڵییەکان بە سەر خەڵکی عەرەبی هاوردەکراودا،

هەر ئەو کاتە بوو کە رژێم سیاسەتی (بە عەرەب کردن و بە بەعسی کردن) (تەعریب و تبعیس)ی دەستپێکرد بە هاندان و هێنانی عەرەبی هاوردە لە ناوەراست و باشووری عێراق بۆنیشتەجێ کردنیان لە کەرکووك و دەوروبەری و هەموو ئەو زەویيانەی کە لە (کورد و تورکمان)ەکان سەرابوونەوە دران بەوعەرەبە هاوردانە، بەڵام دوای ئازاد کردنی عێراق لە ساڵی(2003)دا زۆربەی ئەو ناوچانە گەڕانەوە ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و دووبارە سوودیان لێوەرگرتنەوە، ئەو ناوچانە بۆماوەیەك بە ئارامی مانەوە و جوتیارانی کورد سوودیان لە زەویەکانیان وەردەگرت، تا سەرهەڵدان و پەیدابوونی داعش لەو ناوچانە و جارێکی تر جوتیاران بوونەوە قوربانی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەو سنووڕەدا رووياندا، بە لەدەستدانی زەوی و زار و تەنانەت زەرەرمەندیی گیانیشیان هەبوو، خیانەتکارییەکەی (16ی ئۆکتۆبەریش زیانێکی زۆری بە ناوچە دابڕاوەکان گەیاند، بە تایبەتی زەویە کشتوکاڵییەکان کە دووبارە بەهاوکاری (سوپای عێراق و حەشدی شەعبی و پارێزگاری کەرکووك) دەستیان بەسەر زەویيە کشتوکاڵییەکاندا گرتەوە کە لە سەردەمی رژێمی بەعسی رووخاو بەسەریاندا دابەشکرا بوو .

(بڕا کریستیانەکان و شەبەك و ئێزدییەکان)یش بێبەش نەبوون لە دەستبەسەرداگرتنی زەویيەکانیان کە بە هەزارەها دۆنم زەوی کشتوکاڵی تاوەکو ئێستا تەعریب کراوە، وا بۆ ماوەی (سێ ساڵە ئەو زەویيانە کێشەیان لە سەرە و چارەسەر نەکراوە، ئەو زەویيانەی کە جوتیاری کورد جوتیان لێکردووە و کێڵاویانە هەمیشە بەروبومەکانیان لە کاتی درووێنەدا سووتێنراوە، لە سەر زاری بەڕێوەبەرایەتی (بەرگری شارستانی) (دفاع مدنی عێراقی) لە (27/6/2019) ئاماژەی بەوە کردووە کە زۆربەیان سووتاون، واتە کرداری کەسییە (بفعل الفاعل) کە دەستێکە بۆ لەناوبردنی بەروبووم و زەوی و زاری کوردەکان، ئاماژەشی بەوە کرد کە ئاماری سووتاندنی زەویيەکان بەمشێوەیە بووە: لە پارێزگای سەلاحەدین (5641) دۆنم زەوی کشتوکاڵی سووتاوە کە (2400)دۆنم زەوی کشتوکاڵی کوردە لە سنووری دوزخورماتوو، لە سنووری پارێزگای کەرکووك (5560) دۆنم زەوی کشتوکاڵی سووتاوە کە (4000) دۆنم زەوی کشتوکاڵی کوردە، لە پارێزگای دیالە (2500) هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی سووتاوە کە (1100) دۆنم زەوی کشتوکاڵی کوردە. ئەمە لە کاتێکدایە بە پێی وتەی «مەهدی کاکەیی» بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کەرکووك، زۆربەی هاوکاری کشتوکاڵی بۆ جوتیارانی کورد وەستاوە و لە رووی پێدانی (دانەوێلە و پەینی کیمیایی و ئامێری کشتوکاڵی) هیچ هاوکاری ناکرێن. ساڵی پار دەغڵ و دانەکانیان سوتاندن و ئەمساڵیش بەرهەمی جوتیارە کوردەکان لە کەرکووك وەرناگیرێت، هەرچەندە پلانی (وەزارەتی کشتوکاڵی عێراقی) ئەوەیە کە بەروبومی جوتیاران لە نێوان نەتەوەکاندا بێ جیاوازی وەردەگیرێت، بەڵام مەرج ئەوەیە کە دەبێت زەویيەکان کێشەی لەسەر نەبێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە زۆرینەی زەویيە کشتوکاڵییەکانی کورد کێشەی لەسەرە، بۆیە ناچێتە ناو پلانەکەوە، جێگای ئاماژە پێکردنە کە زۆرینەی جوتیارانی کورد بایەخ بەچاندنی (گەنم و جۆ و گەنمە شامی) دەدەن و ئەمە دوو ساڵیشە گەنمە شامی ناچێنن، لە بەرئەوەی کێشەیان بۆ دروستبووە.

لە سەر زاری (حەمید نایف) وتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق دەڵێت: عەرەب بە هاوکاری سوپا و حەشدی شەعبی چەندین زەوی کشتوکاڵی کوردیان لە هەندێك گوند و شار و شارۆچکەی ناوچە دابڕاوەکان داگیرکردووە، دوای خیانەتکارییەکەی (16) ئۆکتۆبەر و بە سوودوەرگرتن لەو بۆشاییە ئەمنییە و نەبوونی دەسەڵاتی کوردی، هەرچەندە تاوەکو ئێستا (سێ) کۆبوونەوە لەسەر ئاستی باڵا ئەنجامدراوە بۆ چارەسەری کێشەی زەویيەکان، بەڵام بێسوود بووە. کە دوایین کۆبوونەوە لە بەرواری4ی3ی2019 لە بەغداد ئەنجامدراوە، بە ئامادە بوون و سەپەرشتی «تورهان موفتی» سەرۆکی سکرتێری باڵای هەماهەنگی (تنسیق) نێوان پارێزگاکان و پارێزگاری سەپێناوی کەرکووك (راکان جبوری) و چەند ئەندامی ئەنجومەنی کەرکووك و نوێنەرانی کوردی کەرکووك لە پەرلەمانی عێراق، لە نێوان ئامادە بووانداا «کاکە ڕەش « سەرۆکی ماددەی (140) لە پارێزگای کەرکووك ئامادە بوو، جگە لە نوێنەری پارتی کە ئامادە نەبوو، هەموو بابەتەکان باسکران، بەتایبەتی زەویيە کشتوکاڵییەکانی کورد لە سنووری (سەرگەڕان ـ داقووق ـ تازە ـ پەلکانە ـ بەشیر ـ لەیلان ـ دوبز)و چەندین ناوچەی تر، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ هەنگاوێکی کردەنی بۆ ئەم مەبەستە نەنراوە.

«فارس عیسا» نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغداد، سەرۆك وەزیرانی عێراقی پێشوو «عادل عەبدولمەهدی» سەبارەت بە

بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کەرکووک:

زۆربەی هاوکاری کشتوکاڵی بۆ جوتیارانی کورد وەستاوە و لە ڕووی پێدانی (دانەوێلە و پەینی کیمیایی و ئامێری کشتوکاڵی) هیچ هاوکاری ناکرێن.



وتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق:

عەرەب بە هاوکاری سوپا و حەشدی شەعبی چەندین زەوی کشتوکاڵی کوردیان لە هەندێك گوندو شار و شارۆچکەی ناوچە دابڕاوەکان داگیرکردووە.



سیاسەتی بەعەرەبکردن (تعریب) و گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە و دەستبەسەرداگرتنی زەوی کشتوکاڵی کوردەکان لەلایەن عەرەبەکانەوە ئاگادار کراونەتەوە، هەرچەندە «عادل عەبدولمەهدی» لە لای خۆیەوە بەڵێنیدا کە کێشەکان چارەسەر بکات، بەڵام بێسوود بوو. ئاماژە بەوەشکراوە کە (300000) سێسەد هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی کورد و بەشێك لە تورکمانەکانیش کێشەی زەویيان هەیە، هەرچەندە لە دەستووری عێراق و ماددەی (140) دا ئاماژەی بەوە کردووە کە هەموو زەویيە کشتوکاڵییەکان و خاکەکە بگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکانیان، بەڵام تا ئێستا هیچ هەنگاوێك بەو مەبەستە نەنراوە و بە پێچەوانەوە ڕۆژ بە ڕۆژ کێشەی ناوچە دابڕاوەکان قوڵتر دەبنەوە .

بۆ ئەوەی خۆشەویستانمان پارێزراو بن



با پێکەوە پابەند بین

دانوستانەکانی هەولێر و بەغدا، بەرەو کوێ؟



نەورەس ڕەشد:

هەندێک حزبی سیاسی و پەڕلەمانتار و (بەناو چاودێری سیاسی)و نووسەرو رۆژنامەنووس هانی خەڵکی ئەدەن و بۆ ئەوەی عێراق دژی حکومەتی کوردستان بێت کە مووچە نەدات

د.کرمانج عوسمان:

هەندێک وڵات لەگەڵ هەرێمی کوردستانن لای ئەوان گرنگە قەوارەی هەرێم پارێزراو بێت، هەمیشە هاوکاری دانوسانی ئەرینی نێوان عێراق و کوردستان دەکەن



خەبات: تریبیفە ئازاد

لەم چەند ڕۆژەی دواییدا پرۆسەی دانوستان و پەیوەندنییەکانی نێوان و هەولێر و بەغدا پێشڤەچوونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە، بەتایبەت پاش ئەوەی لە 15ی8ی2020 لە ئەنجامی پەیوەندنییەکی تەلەفۆنییدا لە نێوان مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و مستەفا کازمی سەرۆک وەزیرانی عێراقی فیدراڵ، کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە ئەرێنی تاوتوێ کران و هەر لەم پەیوەندنییەشدا بڕیاردار کە بەغدا بڕی 320ملیار دینار وەکو بەشە مووچەی مانگێکی مووچەخواران ڕەوانەی هەرێمی کوردستان بکات. ئەمە یەکەمجاریش نییە کە هەولێر و بەغدا دەگەنە خاڵی ڕێککەوتن، بەڵام لە نێوان شەو و ڕۆژێکدا دووبارە کۆسپ و ئاستەنگ و تەگەرە و خواست و داواکاری و مەرج و پاساوەکانی بەغدا بەرامبەر بەهەرێمی کوردستان دەگۆڕێن! و ئەم پرۆسەیە دەگەڕێتەوە خاڵی دەستپێک. ئاخۆ ئەگەر و هۆکارەکان چین؟ کە بوونەتەمایە ئەوەی پرۆسەی دان و ستان و پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا وەکو پلەکانی گەشو هەوای عێراق، ڕۆژانە لە بەرز و نزمی دایە، هەفتانە لە هەڵکشان و داکشان دایە، مانگانە لە گۆڕانکاری دایە، ساڵ بەساڵ جێگیر نابێت؟!. بۆیە لێرەدا هەوڵدەدین، پسپۆر و شارەزا و سیاسەت مەداران بدوێنین و هەندێک خاڵ بخەینە سەر پیتەکانی چەند لایەنێکی ئەم مژارە.

هاوکێشە سیاسەکان و تەرازووی هێزی ناوچەکە لە ڕووی سیاسی و یاساییەوە

نەورەس ڕەشید نوسەرو چاودێری سیاسی لە پەرواوێزی تاوتۆکردنی بۆ مژار و دانوستان و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لە ڵێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

کێشەو تەنگژەکانی نێوان کوردستان و عێراق لە بنە ڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی دروستکردنی دەوڵەتی عێراق و بەزۆر لکاندنی باشوری کوردستان (ویلایەتی مووسڵ) بەعێراقەوە لە لایەن بەریتانیاوە. کێشەو تەنگژە هەنوکەییەکانی ئەمڕۆ دەرەنجامی بەردەوامی ئەو مێژووەن کە کوردستانیان خستۆتە ناو هاوکێشەیەکی سیاسی ئاڵۆزەوە کە تەرازووی هێزی ناوچەیی لەڕوی سیاسی، یاسایی، سەربازی وئابووری تەحەکومی پێوە دەکات. لەسەردەمی جەنگی ساردەوە فاکتەری نێودەوڵەتی سیاسی کردووە، گرنگترینیان ڕێککەوتنامەی یازدەی ئاداری(1970). دەوڵەتی عێراق یەک ڕێککەوتنی لەوانە، وەک خۆی جێبەجێ نەکردووە. هەر چێنێکی سیاسی دەسەڵاتی گرتبێتە دەست لە سەرەتادا پەنای بۆ کورد هێناوە، داوای گفتوگۆو ڕێککەوتنی کردووە، تاپێگەی جێگیر بووەو دەسەڵاتی بەهێز بووە، دوای ئەوە پاشگەز بۆتەوە، بە ئاسن وئاگر وەڵامی داخوازییەکانی کوردیان داوەتەوە. ئەم سیناریۆیە تا ئەمڕ بەردەوامە، ئاکامەکەی بۆ کورد لە جێنۆسایدکردنیدا کۆبۆتەوە.

ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و ماددەی 140 ی دەستوور

هەروەها نەورەس ڕەشد دەڵێت: سەبارەت بنەمای سەرەکی گفتوگۆی نێوان هەولێرو بەغدا، دەبارەی پرسی مووچە، من باسی ماددەکانی 14 یەکەم، 33،37ج، 121 لەدەستوری عێراق ناکەم کە ئەومافەی مسۆگەر کردووە، بەڵکو بەپێی ئەحکامی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەوەی حکومەتی عێراق لەساڵی 2014 وە تا ئەمڕۆ دژی هەرێمی کورستان پەیڕەو کردووە، لەبڕینی بژدجەو مووچە، دەچێتە خانەی جێنۆسادکردن، کە بریتیە لەبرسی کردنی گەلێک و ناچارکردنی بۆ گۆڕینی تەرزی ژیانی ئاسایی بۆ ژیانێکی پڕ چەرمەسەری. لەجیاتی ئەوەی هەڵمەتێکی نیشتمانی لەسەر هەموو ئاستەکان لەکوردستان دژی حکومەتی عێراق بکرایە کە پرۆسەی جینۆساید دژی گەلی کوردستان ئەنجام ئەدات، کەچی حزبی سیاسی وپەڕلەمانتار و چاودێری (بەناو سیاسی) و نووسەر و ڕۆژنامەنووس هانی خەڵکی نەزان ودواکەووتووپان ئەدەن کەپشتگیری حکومەتی عێراق بکەن و دژی حکومەتی کوردستان بن کەمووچە نادات. ئەوە کارساتە دەستخۆشی لە جینۆسایدکەر لەلایەن کوردەوە بکرێت. سەبارەت ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان، دەستور ماددەی 140 ی بەچەند هەنگاوێک بۆ چارەسەرکردنیان داناوە، بەڵام حکومەتی عێراق بەکردەنی دەیەوێت ناوەرۆکی ئەو مادەیە بەتاڵ بکاتەوە بە تەعریب کردنی ئەو ناوچانە بەتایبەتی کەرکوک، بەبەرنامەیەکی داڕێژراو زەویی و ماڵ و مووڵکی کورد داگیر دەکەن، بەڕۆژی ڕوناک بەڕووبوومی ڕەنجی ساڵی جوتیاری کورد ئەسوتێنن، کەسیش نیە داکۆکیان لێ بکات.

حەشدی شیعی وداعش پەیامەکەیان دژی کورد لەیەک ئەچێ، سوپای عێراق چاوپۆشی لەتاوانەکانیان دەکات، بۆلێدانی کورد هاوبەشیانە. دەبارەی هەماهەنگی نێوان. خاڵی گومرگی لەمێژووی هیچ دەوڵەت وقەوارەیەکدا نەبووە کە گومرگ وخاڵی گومرگی خەڵکی دەست ڕۆیشتو دەستی بەسەرا بگرێ و بەناوی کومپانیاوە زۆربەی داهاتەکەی بۆ ئەوکەسانە بێ وحکومەت نەتوانێ دەستیان بەسەرا بگرێ ، ڕۆڵی پەڕلەمانتارنی کورد لە پەڕلەمانی عێراق، ئەوان وەک پێویست لەئاست بەر پرسیاریەتی ئەرکی نەتەوەیی ونیشتماندا نین کە نوێنەرایەتی پرسی نەتەوەیەک دەکەن و قورسایی ئەوان بە قەبارەی مێژووی خەبات وقوربانیدانی کوردە، ئەوان وا ئەزانن ئەوە توانا و دەستکەوتی خۆیانە لەدەسەڵات دەستیان کەوتووە، هەندێکیان وەک ڕاگەیاندنکار ڕۆڵ دەبینن، هەندێکی تریان وەک فەرمانبەر، ئەوان خاوەن بڕیار نیین، بەرنامەیەکیان نیە وەک پرەنسیپ بۆ کاری هاو بەش، ئاگایان لە جموجۆڵی ڕۆژانەی یەکتر نیە لەکرین و فرۆشتنیان لەلایەن عەرەبەکانەوە. ڕۆڵی هەندێ لایەنی سیاسی کوردستان وپەڕلەمانتارەکانیان لەگەڵ حکومەتی عێراق لە لۆبی دروستکردندا باش و سەرکەوتووە بۆدژایەتیکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان و گوشار خستنە سەر حکومەتی عێراق کە مووچە نەنێرێ بۆ کوردستان، پەڕلەمانتارەکانی تر هەوڵی لۆبیکردنیان نەداوە بۆ گوشار خستنە سەر حکومەتی عێراق، نەیارەکانی کورد لۆبیان دروستکردووە، نەحکومەت نە حزبەکان هەڵوێستێکی یاسایی، سیاسی وفەرمیان دژی ئەو لۆبیە نییە. دانوستان وگفتوگۆ باشە، بەڵام بۆ چارەسەری تەنگژەکان خراپە. لەم هەلومەرجەدا لەسەر حکومەتی کوردستان وحزبەکانە بە گیانی ڕەخنە لەخۆگرتن بەخۆیاندا بچنەوە و دان بە هەڵکانیاندا بێنن لە پێناو بونیادێکی پتەو و بەهێزی کوردستان.

ڕێکەوتنی هەرێم و بەغدا و کاریگەری نێو دەوڵەتی

هەروەها دەبارەی مژاری دانوستان و پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا، کرمانج عوسمان شارەزا لە یاسای نێودەوڵەتی لە ڵێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

لە هەموو دانوسانەکان ووڵاتانی دەوروبەر بەتایبەتی دراوسێیەکان کاریگەری تەواویان هەیە لەسەر ئەو پرۆسەیە، بەتایبەتی لە عێراق چونکە ووڵاتێکە بەتەواوەتی لەسەر دەریا نیە و زیاتر لەسەر ووشکانی بە چەندین وڵات دەورە دراوە، ئەوەش کاریگەری هەیە لەسەر جیۆپۆلۆتیک و سیاسەتی دەرەوەی ئەو ووڵاتانە، لەم ڕوانگەیەوە ووڵاتان دابەش بوون بەسەر 3 بەرە، هەندێکیان لەگەڵ هەرێمی کوردستانن لای ئەوان گرنگە قەوارەی هەرێم پارێزراو بێت و هەمیشە هاریکاری دانوسانی ئەرینین نێوان عێراق و کوردستان دەکەن، بە ئاراستەی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی کوردستان، هەندێکیش لەگەڵ بەغدا هاوسۆزن و ئارەزوو دەکەن بەغدا بەهێز بێ و کوردستان لاواز بێت و هەژمونی عێراق بە کەمترین ڕادەی فیدراڵی لە ئارادا بێت، هەندێک لە وڵاتانیش دوورن و سیاسەتی بێ لایەن پەیڕەو دەکەن و لای ئەوان ئەو بابەتە لە ئەولەویاتی سیاسەتی دەرەوەی ئەوان نییە. بە شێوەیەکی گشتی ئەو ووڵاتانەی کە بەشێکی کوردستان لە نێو سنووری ئەواندایە وەک ئێران و سوریا و تورکیا، دەیانەوێت کورستان لاواز بێت و حکومەتی ناوەند بەهێز بیت، ئەوانی تریش لە ووڵاتان بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆیان، بۆ نمونە سعودیا لەوانەیە حەز بکات عێراق دابەش ببێ یان کوردستانێکی گەورە دروست ببێ، چونکە کوردستان بەشێکە لە ئێران، وە سعودیا نەیاری ئێرانە، کوردستان بەشێکە لە سوریا، وەک سعودیا دژی ڕژێمی بەشار ئەسەدە وە کوردستان بەشێکە لە تورکیا، وە سعودیا دژی تورکیایە چونکە تورکیا هاوپەیمانی قەتەرە. کەواتە دەرئەنجام بەرژەوەندی ئەو ووڵاتانە و پێگەی جوگرافیان کاریگەری هەیە لەسەر پرۆسەی دانوسانەکان بە ئیجابی یان سلبی.



ڕۆڵی کورد لە هاوکێشەی سیاسیی هەرێمایەتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

سەلام حەسن ناسر *

دیارە ئیستا جیهان بەقوناغیکی زور هەستیار و ترسناك دا تێدەپەڕێ بەهۆی (نەخوشی کۆرونا و لەدەستدانی ئابوری زۆری وڵاتان) کە ڕەوشێکی مەترسیدارە بۆ بەدەستهینانەوەی ئابوری لەسەر حسابی یەکتر ، لەکاتیکدا وا تووشبووانی کۆرونا لە(23) ملیۆن کەسی تێپەڕکرد و گیان لەدەست دانیش لە(803) هەزار مرۆڤ زیاترە و ڕۆژ دوای ڕۆژ ژمارەکان بەرەو هەڵکشان دەچێت، ئابوری جیهانیش لە هەندێ وڵات بەرەو دارمان دەچێت ، هەندێ وڵاتیش هەڕەشەی شەڕی نوێ دەکەن ، ئەگەر ئەو پەتای کورونا دریژەبخایەنێ پێم وایەجەنگی سێیەمی جیهانی دروست دەکات بەشێوازێکی تَر دور لەبەکار هینانی چەکی ئاسایی ، لەسەر سێ شت دەبێت (سەرکۆنەکردنی چین لەلان کومەڵگای نێودەوڵەتی لەسەر پەتای کۆرونا - لەدەستدانی ئابوری زۆری وڵاتان بەهۆی ئەو نەخۆشیە- لاواز کردن و یان نەهێشتنی هەندێ ڕژێمی ئەم دەوروبەرە).

پێدەچێت ئەم نەخوشیە دەسکرد بووە و بۆ مەرامی ئابووری کرا بەڵام لەکۆتایی لەدەست دەرچوو ، وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش زەرەر مەندی یەکەم بوون لەو هاوکیشەیە، ئینجا وڵاتانی تری ئەوروپا ، بویە پێشبینی شەڕی بایەلۆجی دەکریت لە داهاتوودا زیاتر گرنگی پێ بدرێت و وڵاتان دژی یەکتر بەکاری بهێنن.

خاڵی تَر کە زۆر گرنگەلەم ساتەوەختەو بەهۆی پەتای کۆرونا وڵاتی ئیسرائیل بۆ مانەوەی خوی بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەمریکا دژی نەیارانی بەکار بهێنیت بەحوکمی ئەوەی زۆربەی ئابووری جیهان لە دەست ئەوانە، کە بە هەلی دەزانن دژی (کۆماری ئیسلامی ئێران) کە دژی ئیسرائیلە ئابووری لاواز بکەن و وەك ئیستا دیارە هەر ناوەناوە کۆمەڵێك بڕیار و یاسای نۆی بەسەر دادەسەپێنن تومەنی ئیران ماوەی (40) ساڵیش دەبێت قەت وا دانەبەزیوەو بەرەو داڕمان بچیت ، لەلایەکی تریش ڕوژانە هەردووکیان بەفڕۆکەی بێ فڕوکەوان و فڕۆکەی سەربازی پێگەکانی میلیشاکانی ئێران لە(سوریا و عیراق و یەمەن و لوبنان) بۆردمان دەکەن ، بۆئەوەی ئێران لەرووی دەرەوە لاواز بکەن. هەروەها لەعیراق گوشار زورر دەکرێت تاکو عیراق لەچنگی شێعەکان و ئێران دەربهێنن ، کەپێم وایە شێعەکانیش بەرامبەر ئەوە دەیان گرفت بۆ ئەمریکا و حکوومەتی عێراق درووست دەکەن تاکو عێراق لە هەڵوێستەکانی پاشگەز بێتەوە.

پێموایە لەماوەی ئەو (5) مانگەی دێت کۆمەڵێك ڕووداوی زۆر گەورە ڕووددەن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عیراق یش بەتایبەتی ، کەهەڵبژاردنی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش لەو ماوە ئەنجام دەدرێت ، ڕێکارو گۆڕانی زۆر لەگەڵ خوی دێنیت ،ئەوە لەکاتێك دایەکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك بورکان دەکوڵیت ، و پاکتاوی حساباتی ئەو وڵاتانەلەو سنورانە جێبەجێ دەکرێت ، کە ئیسرائیل بو مانەوەی خوی هەموو شت دەکات ، کە لە ڕێگای ئەمریکا و بەخۆشی وا دەکات کە ئێران نەبێتەخاوەن چەکی ناوکی ئەتومی کەدەترسێت زۆر لەم ڕووەوە، بۆیە ڕۆژانەپێگەکانی میلیشاکانی ئیران لە(سوریا و لوبنان و عیراق و یەمەن) بۆردمان دەکات ، تاکو دارو دەستەکەی لاواز بن و بە ئارەزووی خۆی دێتە ناو قوڵایی خاکی ئەو وڵاتانە لەڕووی ئاسایی، لە بەرامبەریشدا ئێران دەیەوێ لایەنگرانی خۆی بەهێزتر بکات لەو وڵاتانەی ناوم هێنان تاکو مەترسیەکانی سەر خۆی دورتر بکات لەشەڕی ڕوو بەڕوو دا. هەروەها ئەمریکا بۆ هاوکاری ئیسرائیل ماوەماوە چەندین بڕیاری توند و ئابوری دژی ئێران دەردەکات تاکو لەڕووی ئابووری ئێران لاواز بکات کە تاکو ئێستا توانیویەتی هەندێ لە ئامانجەکانی بپێکێ وەك داڕمانی تومەن کەماوەی (40) ساڵیش دەبێت تومەن وا دانەبەزیوە بەرامبەر بە دولاری ئەمریکی ، کە ئێران ڕۆژ بەڕۆژ کۆت و زنجیری توند تَر دەکرێت ،

هەروەها تەقینەوەی لوبنانیش (4ی8ی2020) پێم وایە یەکێکە لە یاریەکانی پاکتاوی پێوانەکان، کە زیاتر لە(2750) تەن مادەی (نیتراتی ئامۆنیوم) ی پاشەکەوت کراو تەقێندرایەوە لە لوبنان ، کەکۆژرانی زیاتر لە سەد و پەناجا کەس و بریندارببونی هەزارانی لێ کەوتەوە. ئەوە لەکاتێکدا هات کە ئەو ڕۆژە دادگای لوبنان بڕیاری یەکجارەکی لەسەر کۆژرانی (ڕفیق حریری) دەردەکرد بۆ مەبەستی ئەوەی بڕیارەکە نەدرێت چونکە بڕیارەکە نێودەوڵەتی دەبوو ، لەم سەرو بەندەش سەرۆکی لوبنان بڕیاری دا کێ دەستی لەم تەقینەوەدا هەبێت هەر لایەن و کەس و پلەیەك بێت دەیدینە دادگا و بەتوندترین شێوە دەبێ سزا ی خۆی وەگرێت ،

دیارە کە لوبنان هێشتاش زیاتر لەسەر فەرنساپێوانە دەکرێ لەماوەیەکی چەند ڕوژە 4 فڕۆکەی دەرمان و پێداویستی بۆ نارەدن و خودی سەرۆك ماکرون یش هاتە شوێنی ڕووداوەکە، لێرە بۆمان دەردەکەوێت ئیسرائیل بەهەر شێوەیەك بێت ڕێگا نادات سنووری بکەوێتە مەترسی بەتایبەتی دژی حیزبوڵڵا ئەوەی بتوانێ دەیکات.

جا پرسیار لێرە ئەوەیە کە هەڵبژاردنی (ئەمریکا) ئەمساڵ ئەنجام دەدرێ و ئەو گورانکارییانەی لەعیراق و ڕۆژهەڵاتیش دەبیندرێت ، عیراق بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەختەی داوە، شیعەکان ناچنە بەر باری عێراق و کورد کێشەی ماددەی 140 و جێبەجێنەکردنی دستور لەلایەن عیراق و لاواز کردنی ئێران لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیل دەدرێ، ئایا پێگەو سیاسیەتی کورد چی دەبێت ؟ چۆن خۆی بۆ ئامادەکردووە کە بە بڕوای من لەکاتی دەرچوونی (جون بایدن) بو ساڵی داهاتوو عیراق هەڵدەوەشێنێتەوە و لەسەر سیغەی ڕێکەوتنی (سایکس بیکو) بەشیوەیەکی تَر عیراق و سوریا دابەش بکەنەوە کەپێم وایە ڕێکەوتنی پێشوەختەش کراوە لە نێوان (ئەمریکا و ڕوسیا و بریتانیا) بۆ خواردنی کێکی عیراق و دابەشکردنی لە نیوان خویان دا و لە سوریاش لە نێوان (ئەمریکا و ڕوسیا) بە کردنە دەرەوەی تورکیا لەهاوکێشەکەو دروستکردنی دەوڵەتیکی لاوازی بێ ئابوری لە سوریا کە بەدەر بێت لە بەشار ئەسد، جا ئێمەی کورد لەکوێی ئەم هاوکێشانەین و ئەو گورانکاریە گەورانەی سنوورمان. بۆیە من پێم وایەلەم قوناغە دەبێ کورد زۆر زیرەکانەو هەستیارانە لەهاوکێشەکان بڕوانێ و خۆی بەهیچ لایەکدا ساغ نەکاتەوە و پەلە نەکات بەلکو زۆر بەحەکیمانە کار بکات ، گومانم نیە سەرۆك بارزانی خوێندنەوەی ئەو ڕووداوانەی زۆر بەچاکی دیراسە کردوون ، و نێو مالی کورد ڕێك بخرێتەوەو ئەو مروۆفخاك فروشانەش پێویستە بە جورئەتەوە بێنە مەیدان و داوای لێبوردن لەمیللەتی کورد و و خودی سەرۆك بارزانی بکەن کە بزانن چ کاولکاریەکیان بەسەر کورد هینا لە 16/ ی ئۆکتۆبەر بە داوای لیبوردنیان لەوانەیەخەڵك لێان بسوڕێ و کورد پێویستی بەیەك هەڵوێستی هەیەلەقوناغی داهاتو تاکو بتوانین زۆربەی داخوازیەکان و ئاواتەکانی کورد بێنینەدی، ئەگەر لەم قوناغەدا هەموشیان نەبێت کە دڵنیام گورانکاری کەورە بەڕیوەیە لەڕوژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*ماموستای زانکۆ.

وون بوون

مەنەفێست بەناوی: شركة المجموعة عالميه المتحدة جۆری ئۆتۆمبێل: ميتسوبۆشی كانتره ٤طن رەنگ سپی مۆدێل ٢٠١٨ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٤٩٣٦٧ كاتی هەولێر ژمارەی شاسی: JLVBAE1PAGK000028 وون بووە هەركەسێك دۆزييەوە بيگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

دەفتەر گرانی ئۆتۆمبێل ژمارە ٤١١٣٩٥ لەبەڕێوەبەرايەتی گومرگی هەولێر دەرچووە بەناوی علی فيصل صلاح الدين وون بووە هەركەسێك دۆزييەوە بيگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

دادگای باری كەسی هەولێر/٢

ژمارە: ١٥٣٧/ش/٢٠٢٠/٢

رێكەوت: ٢٠٢٠/٨/١٩

جاردان

بۆ داواليكراو (محمد مشعل محمود) شوێنی دانيشتنت نادیارە

داواكار (نضال ماجد عبدالجواد) داوای ژمارە (١٥٣٧/ش/٢٠٢٠/٢) ی لەم دادگايە لەسەرت تۆمار كردووە تيايدا داوای (تفريق بسبب الضرر) دەكات , وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانيشتنت نادیارە بەپێ ی نووسراوی اشعاری موختاری (هەولێر / راستی) بۆيە دادگا بڕياری دا بەپێ راگەياندنت بە هۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆ و رۆژانە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگايە لە رۆژی دادبينی (٢٠٢٠/٩/٢٢) بە پێچەوانەوە دادبينی ئەنجام دەدرێ بە شێوەی ئاشكراو و پاشملە.

دادوەر/ طارق حسين كريم

* * *

دادگەها بەرايی دهوك

ژمارە/١٦٥١/ب/٢٠١٩

رێكەوت/٢٠٢٠/٢/٢٦

ئاگەهداری

بۆ/داواليكری(هندرين حميد امين) جهێ ئاكنجيبوونا وێ نەديارە ژبەر داوا ل دژی تە هاتيە تۆماركرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلايێ داواكارێ (فنر سالم مصطفى) ئەوا تێدا داوای زڤراندنا زێرا يان بهايێن وان بكوژمێ پارە (٤٦١٧٦٠٠٠) جل وشەش مليون وسەدو حەفتی وشەش هزار دينارى عراقی وژبەر جهێ ئاكنجيبوونا تە نەديارە ل ديف نقيسارا رێقەبەريا راگەهاندنا دادی ل دهوكێ يا ژمارە (٣٣١) رێكەفتی ٢٠٢٠/٢/٢ وراپورتا هەلبژێری (تاخێ دابين ١) رێكەفتی ٢٠٢٠/١/٣٠ ڤێ دادگەهێ بريارا تو بهێيە ئاگەهدارکرن بڕێكا دوو رۆژنامێن نافخويی لدويف مادێ (٢١) ژ ياسايا دادبينيا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩,٠٠)ی سپێدێ ژ رۆژا ٢٠٢٠/٩/١٤ وئەگەر ئامادەنەبی يان بريكارەكێ پێش خوڤە نە هنێری دێ ب پا شملە وئاشكرايی داوا برێقە چيت ولديف ياسايێ

دادوەر / عزيز محمد سعيد

* * *

بەرێوەبەرايەتی جێ بەجێكردنی سێمێل

ژمارە /٦/خ/ ٢٠١٩

رێكەوت/٢٠٢٠/٨/٢٣

ئاگەهداری

رێقەبەريا مە رادگەهينيت بفروتنا ئوتومبيلا ژمارە (١٠٣٥٩٤/دهوك تايبەت) ژ جورێ (تويوتا كرولا صالون) رەنگ (سبی) مودیل (٢٠١٣) يا قەرزار (سكفان علی حجی)ئەفجا هەر كەسێ بڤێت بكريت دڤێت پيداچونا رێقەبەريا رۆژی دوای بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامەی رۆژانە، جا هەركەسێك نيازی كڕينی هەيە هاوبەش بێ يان هاوبەش نەبێ سەردانی ئەم دادگايە بكات لەگەڵ دابينی ياسايی رێژەی (١٠٪) لەنرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشكرا كاتژمێر (١٢)ی نيوەڕۆ دەست پێدەكات، هەر زيادبوونێك دوای (٥) پێنج دەقيقە كۆتايی پێدێت.

دادوەری يەكەم/ مجيد سعيد برادۆستی

* * *

دادگاری باری كەسی لە شەقڵاوە

ژمارە: ١٠٥/ش/٢٠٢٠

بەروار: ٢٠٢٠/٨/١٦

جاڕدان

بۆ داواليكراو: جوليا كورا كينا

داواكار (محمد جبار محو) داوای شەرعی ژمارە (١٥/ش/٢٠٢٠) ی لەسەرت تۆمارکردووە لەم دادگايە كەتيايدا داوای (تصديق طلاق خارجی) دەكات لەبەر ئەوەی شوێنی دانيشتنی ناديارە بەپێی اشعاری موختاری گوندی (قەلاتە سور) بۆيە پێت رادەگەيەنين بە دوو رۆژنامەی ناوخۆيی رۆژانە پشت بەستن بە ئەحكامی ماددەی (٢١ لەياسای دادبينی شارستانی) كە لەرۆژی دادبينی ٢٠٢٠/٩/٩ ئامادەبێت يان بريكارت ئامادەبێت لە دادگاكەمان بە پێچەوانەوە دادبينی ئەنجام دەدرێت بە پاشملەو ئاشكرا.

دادوەر/كەنار طاهر قادر

* * *

بەڕێوەبەرايەتی هە و لێر جێبەجێكردنی

ژمارەی دۆسيە: ٢٠٢٠/٩٠٣

رێكەوت: ٢٠٢٠/٧/٨

ئاگاداری

بۆ/ هستان عبدالستار جمعه

لەبەر نەزانين و نادياری شوێنی نيشتەجێبوونت بۆيە بەپێی ماددەی (٢٧) لەياسای جێبەجێكردن، بڕيارەرا لەرێگای رۆژنامەيەكی ناوخۆوە پێت رابگەيەنين تا لەماوەی (١٥) رۆژدا لە رۆژی دوای بڵاوكردنەوەی ئەم ئاگادارييە لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرايەتييە ئامادەبێت بۆ ئەنجامدانی رێكارەكانی جێبەجێكردنی دانەوەی قەرزی (غازی قادر عبيدالله) كە بڕی (٧٥,٤٤٤,٠٠٠) دينارە. ئەگەرنا بەپێی ياسا ناچار دەكرێيت قەرزەكە بدەيتەوە.

جێبەجێكاری داد/هەمرى حمدامين همزه

* * *

دادگای باری كەسی هەولێر

ژمارە: ١٥/ت/٢٠٢٠

رێكەوت: ٢٠٢٠/٨/٢٣

جاڕدان

ئەم دادگايە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٩٤٨٢٠/هەولێر) جۆری (جيب مارسيدس استيشن) مۆدێل (١٩٩٩) رەنگی (زەيتونی) كە بەناوی خوالێخۆشبوو (خليل عبدالكريم عبدالله) لەرۆژی (٢٠٢٠/٩/٧) كاتژمێر (١٢)ی نيوەڕۆ جا هەركەسێك دەيەوێت بەشداری كڕينی بكات با ئامادەبێت لەم دادگايە لەكات و شوێنی دياريكراو وە پارەی ياسايی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت، وە ئۆتۆمبێلەكە خەملێندراوە بەنرخی (٤,٠٠٠,٠٠٠) چوار مليۆن دينار.

دادوەری يەكەم/ ديار محمد علی

* * *

رێقەبەرييا گشتی يا باژێرڤانييا ل پارێزگەها دهوكێ

بەشێ مولك و زەڤی و زار

ژمارە: ١٥/٣٠٠/١/١

رێكەفت: ٢٠٢٠/٨/١٩

ئاگەهداری

لدويڤ ياسا فروتن و كرێكرنا مولكێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ يا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتينە دان لێژنا فروتن و كرێكرنێ دوويێ رادگەهينيت كو سەرئيك زێدەكرنەكا ئاشكەرا يا هەی ژبو كرێدانا (كابينە كا كەروك يا تەزياتيا) ب رووبەرێ (٢٤) م٢ لسەر پارچە زەڤی يا ژمارە (٢١٦/٦) كەرتێ ١٠٢ زاويتە بو ماوێ ١ ئيك سال و هەر كەسێ بڤێت پشكداری يێ دڤێ سەرئيك زێدەكرنێدا بكەت بلا داخوازێت خو دگەل دابينكرنێ كو كێمتر نەبيت ژ ٢٠٪ ژبهايێ خەملاندنێ پێشكێشی سەروكاتيا باژێرڤانيا زاويتە بكەت د ماوێ ١٥ پازدە روژا دا ژ بەلافكرنا ڤێ ئاگەهداريێ د روژنامێ دا و ئەڤ سەرئيك زێدەكرنە دێ هێتە كرن ل سەروكاتيا باژێرڤانی يا زاويتە دەم ژمێر دوازدەی نيڤرۆ و هەركەسێ بو بكەڤيت دێ بهايێ ئاگەهداری يێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ كەڤنە ستوێ وی.

ئەندازيار/ ديار بحری رسول

رێڤەبەرێ گشتی

* * *

دادگای بەرايی هەولێر/٤

ژمارە/ ٢٤٥٠/ب/٢٠١٩/٤

رێكەوت/ ٢٠٢٠/٨/٢٣

جاردان

بۆ/ داواليكراوان (علی سليمان اوز تبوز)

داواكار (هوزان عزيز شاهۆ اسماعيل) داوای ژمارە ٢٤٥٠/ب/٢٠١٩/٤ لەم دادگايە تۆماركردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانيشتنت نادیارە بەپێی ياداشتی موختاری پارێزگای هەولێر/ گەرەكی زانياری و ئازادی) بۆيە دادگا بريارى دا بە پێراگەياندنت بۆيە دەبێت ئامادەبيت خودی خۆت ياخود بريكاری ياساييت لە دادبينی رۆژی ٢٠٢٠/٩/٢١ بەپێچەوانەوە دادبينی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەپاشملە.

دادوەر/ كاوە صديق حسين

* * *

دادگای بەرايی هەولێر/٢

ژمارە:٢٦٢٣/ب/٢٠١٩/٢

رێكەوت:٢٠٢٠/٨/٨

جاردان

بۆ/ داواليكراو (جوان عثمان طه)

داواكار (سروه رەئوف كريم) داوای ژمارە (٢٦٢٣/ب/٢٠١٩/٢)ی لەم دادگايە تۆماركردبو لەسەر (جوان عثمان طه) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانيشتنت نادیارە بە پێی اشعاری موختاری گەرەكی (موفتی) لە ٢٠٢٠/١/١٥ بۆيە ئەم دادگايە بريارى دا بە پێراگەياندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆيی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگايە بۆ رۆژی (٢٠٢٠/٩/٢١) كات (٩)ی بەيانی بەپێچەوانەوە دادبينی بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ قباد شيرزاد نوری

* * *

بەڕێوەبەرايەتی جێبەجێكردنی/هەولێر

ژمارەی دۆسيە/ ٣٧٠٩/٢٠١٩

رێكەوت/ ٢٠٢٠/٧/٢٠

جاڕدان

بەڕێوەبەرايەتی جێبەجێكردنی هەولێر بەشی قەرزار مولكی ژمارە ١/٣٦٥ كە كەوتوتە خانقاە دەفرۆشێت، خاوەنەكەی قەرزار لقمان بلال عزيز كە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجياتی قەرزی مازن بلال عزيز بەبڕی/ ٣٨١,٦٠٠,٠٠٠ مليۆن دينار هەركەسێ ئارەزوومەند ١٥ پازدە رۆژ لە رۆژی دوای ئەم بڵاوكردنەوەيە لەگەل بارمتەی ياسايی كە ١٠٪ نرخە قرساوەكەيەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆماركردن و دەلالیش لەسەر كڕيارە.

جێبەجێكاری داد / هەردی حمدامين همزه

١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ١/٣٦٥ خانقاە بازاری شێخ اللە

٢ – رەگەزو جۆری/ مولكی تەواو

٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەكەدا هاتووە

٤ – پێكهاتەكەی/ لە يەك بيناء يەك نهومی (١٠٢) دووكان پێك دێت.

٥ – رووبەرەكەی/ ٦,٥٨م٢ ١٠٠ دۆنم زەوی

٦ - پلەی ئاوەدانكاری/

٧- نيشتەجێكەی/ سەرجەم دووكان و بيناء كرێچی تێدايە.

٨ – نرخی قرساو/ ٩٥٣,٠٥٢,٦٧٢ مليۆن دينار بەشی قەرزار

* * *

فەرمانگەی دادنووسی عەنكاوە

ژمارە/ ١٤٨

رێكەوت/ ٢٠٢٠/٨/١٩

ئاگاداری

بۆ (شذی حميد مجيد) پاش ئەوەی دەركەوت كەشوێنتان نادیارە بەپێی نووسراوی بنكەی پۆليسی پيرزين بە ژمارە ١٦٨٢ لە ٢٠٢٠/٨/١٨ وە بە گوێرەی ئيشعاری موختاری گوندی كۆری بۆيە بريارمدرا بە ئاگادارکردنەوەتان لە رۆژنامەی رۆژانە بۆ ئاگادارىوون بەو بەڕێوەبەرايەتيەكەمان دەرچووە سەبارەت بەو بڕە پارەيەی كە لەلات ماوە بۆيە لەڕێگای دوو رۆژنامەی رۆژانە ئاگادارتان دەكەينەوە.

دادنووسی يەكەمی عەنكاوە/

ڤيان صائب محمد

* * *

فەرمانگەی دادنووسی عەنكاوە

ژمارە/ ١٤٩

رێكەوت/ ٢٠٢٠/٨/١٩

ئاگاداری

بۆ (شذی حميد مجيد) پاش ئەوەی دەركەوت كەشوێنتان نادیارە بەپێی نووسراوی بنكەی پۆليسی پيرزين بە ژمارە ١٦٨٢ لە ٢٠٢٠/٨/١٨ وە بە گوێرەی ئيشعاری موختاری گوندی كۆری بۆيە بريارمدرا بە ئاگادارکردنەوەتان لە رۆژنامەی رۆژانە بۆ ئاگادارىوون بەو بەڕێوەبەرايەتيەكەمان دەرچووە سەبارەت بەو بڕە پارەيەی كە لەلات ماوە بۆيە لەڕێگای دوو رۆژنامەی رۆژانە ئاگادارتان دەكەينەوە.

دادنووسی يەكەمی عەنكاوە/

ڤيان صائب محمد

* * *

بەڕێوەبەرايەتی جێبەجێكردنی سلێمانی نی

بەدواداچوون و بينينی مندال

ژمارە/ ٢٠١٩/١٩١٤

رێكەوت/ ٢٠٢٠/٨/١٢

ئاگاداری

بۆ داواليكراوانی جێبەجێكردن كارمەند عمر ميرزا كە شوێنی دانيشتن و نيشتەجێ بونت نادیارە ئاگادارتان دەكەينەوە كە داواكاری جێبەجێكردن شامل مالك حسين علی ناوەڕۆكی بریاری دادگای بەرايی سلێمانی/٦ بەژمارە ٢١١١/ب/٢٠١٩ كە لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/٢٤ دەرچووە لەلايەن داواكاری جێبەجێكردن شامل مالك حسين علی بريارەكە جێبەجێكراوە لە ٢٠١٩/١٢/٩ بڕی قەرزی ئەستۆت بە رەسمی جێبەجێ كردنەوە و رەسمی دادگاوە بڕی ٢٠,٨٨٣,٠٠٠ بيست مليۆن و هەشت سەد و هەشتاو سێ هەزار دیناری پاش ئەوەی بۆ بەڕێوەبەرايەتيەكەمان رۆون بۆتەوە بەپێ شەرحی پێراگەياندنی دادی و مختاری گەرەكی سەرچنار كە شوێنی دانيشتن و نيشتەجێ بوونتان نادیارە بۆيە بريارماندا بە ئاگادارکردنەوەتان لە ماوەی ١٥ رۆژدا لە رێگەی ٢ رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆوە كە دەست پێدەكات لەرۆژی دووەمی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداريە لە رۆژنامەدا بۆ بژاردنەوەی قەرزی ئەستۆتان بەپێچەوانەوە بەپێی مادەی ٢٧ لە ياسای جێبەجێ كردن رێوشوێنی ياسای بەزۆرت بەرامبەر دەكرێت.

جێبەجێكاری داد/ هێشو طالب عبدالرحمن

* * *

هۆشداريیەی كە بەرێز احمد ياسين غضبان ئاراستەی كردوويت بە ژمارەی هۆشداری ٣٤/٦٧٣٢ لە ٢٠٢٠/٨/١٦ لە فەرمانگەكەمان دەرچووە سەبارەت بەو بڕە پارەيەی كە لەلات ماوە بۆيە لەڕێگای دوو رۆژنامەی رۆژانە ئاگادارتان دەكەينەوە.

دادنووسی يەكەمی عەنكاوە/

ڤيان صائب محمد

* * *

بەڕێوەبەرايەتی جێبەجێكردنی سلێمانی نی

بەدواداچوون و بينينی مندال

ژمارە/ ٢٠١٩/١٩١٤

رێكەوت/ ٢٠٢٠/٨/١٢

ئاگاداری

بۆ داواليكراوانی جێبەجێكردن كارمەند عمر ميرزا كە شوێنی دانيشتن و نيشتەجێ بونت نادیارە ئاگادارتان دەكەينەوە كە داواكاری جێبەجێكردن شامل مالك حسين علی ناوەڕۆكی بریاری دادگای بەرايی سلێمانی/٦ بەژمارە ٢١١١/ب/٢٠١٩ كە لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/٢٤ دەرچووە لەلايەن داواكاری جێبەجێكردن شامل مالك حسين علی بريارەكە جێبەجێكراوە لە ٢٠١٩/١٢/٩ بڕی قەرزی ئەستۆت بە رەسمی جێبەجێ كردنەوە و رەسمی دادگاوە بڕی ٢٠,٨٨٣,٠٠٠ بيست مليۆن و هەشت سەد و هەشتاو سێ هەزار دیناری پاش ئەوەی بۆ بەڕێوەبەرايەتيەكەمان رۆون بۆتەوە بەپێ شەرحی پێراگەياندنی دادی و مختاری گەرەكی سەرچنار كە شوێنی دانيشتن و نيشتەجێ بوونتان نادیارە بۆيە بريارماندا بە ئاگادارکردنەوەتان لە ماوەی ١٥ رۆژدا لە رێگەی ٢ رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆوە كە دەست پێدەكات لەرۆژی دووەمی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداريە لە رۆژنامەدا بۆ بژاردنەوەی قەرزی ئەستۆتان بەپێچەوانەوە بەپێی مادەی ٢٧ لە ياسای جێبەجێ كردن رێوشوێنی ياسای بەزۆرت بەرامبەر دەكرێت.

جێبەجێكاری داد/ هێشو طالب عبدالرحمن

* * *

بەڕێوەبەرايەتی گشتی تۆماركردنی كۆمپانياكان
بەڕێوەبەرايەتی كۆمپانيای هەولێر
هۆبەی ياسا

ژمارە: ٨١٥١
رێكەوت: ٢٠٢٠/٨/٢٣

بڕياری پاكتاوكردنی كۆمپانيای (vision mobile) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆكی بڕياری دەستەی گشتی كۆمپانيای (vision mobile) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە رێكەوتی (٢٠٢٠/٧/٢٠) تايبەت بەدانانی كۆمپانيا لەژێرپاكتاوكردن و دانانی بەڕێز (محمد سعيد فرهاد شاكر) بەپاكتاوكاری كۆمپانيای نابراو, من بەڕێوەبەری كۆمپانياكانی هەولێر بڕياری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندكرد بەمەرجێك بڵاوبكرێتەوە بەپێی ئەحكامی ماددەی (١٦٠) لەياسای تۆماركردنی كۆمپانياكان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بڕيارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٨/٢٣

پشتيوان مصطفى قادر
بەڕێوەبەری كۆمپانياكانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لايەك دەكەينەوە كە كۆمپانيای (كەپرۆك) بۆ بازرگانی گشتی و ئامادەكردنی خۆراك/سنوردار) بڕياری پاكتاوكردنی كۆمپانيای داوە، بۆيە هەر كەسێك يان هەر لايەنێك مافێكی لەسەر كۆمپانيا هەيە با لە ماوەی ياسايی دا ئاگاداری پاكتاوكار بكاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاكتاوكار/ نيچيروان محمود ياسين

ناونيشان/ هەولێر

ژمارەی مۆبايل/ ٠٧٥٠٤٩٢٦٢٩٦

بەڕێوەبەرايەتی گشتی تۆماركردنی كۆمپانياكان
بەڕێوەبەرايەتی كۆمپانيای هەولێر
هۆبەی ياسا

ژمارە: ٥٤٥٩
رێكەوت: ٢٠٢٠/٦/٧

بڕياری پاكتاوكردنی كۆمپانيای (كەپرۆك) بۆ بازرگانی گشتی و ئامادەكردنی خۆراك/سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆكی بڕياری دەستەی گشتی كۆمپانيای (كەپرۆك) بۆ بازرگانی گشتی و ئامادەكردنی خۆراك/ سنوردار) لە رێكەوتی (٢٠٢٠/٦/٦) تايبەت بەدانانی كۆمپانيا لەژێرپاكتاوكردن و دانانی بەڕێز (نيچيروان محمود ياسين) بەپاكتاوكاری كۆمپانيای نابراو, من بەڕێوەبەری كۆمپانياكانی هەولێر بڕياری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندكرد بەمەرجێك بڵاوبكرێتەوە بەپێی ئەحكامی ماددەی (١٦٠) لەياسای تۆماركردنی كۆمپانياكان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بڕيارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٦/٧

پشتيوان مصطفى قادر
بەڕێوەبەری كۆمپانياكانی هەولێر

دادگای بەرایی رانیە
ژمارە/ ٥٧١/ب/٢٠٢٠
بەروار/ ٢٠٢٠/٦/٩
ئاگاداری
بۆ داوالێکراو/ هاوسەر عبدالله حمد-
رانیە-مامۆستایان-شوێنی نیشتەجێ
بوونت نادیارە لە کاتی ئێستادا.
داواکار صالح نادر محمدامین داوای ژمارەی سەرەوەی لەم دادگایە لەسەر تۆمارکردووی کە تیایدا داوای (عدم نفاذ تصرف) گواستنەوەی خاوەنداریەتی مولکی ژمارە ٤/٥٨٣ کەرتی ١ رانیە دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە لە کاتی ئێستادا بەپێی پشتگیری موختاری گەرەکی مامۆستایان بۆیە دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەت بەهۆی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆییەوە کە بەرواری ٢٠٢٠/٩/١ دانرا بۆ دادبینی لەم دادگایە کە خۆت یان بریکارێکی یاساییت ئامادەبێت بەپێچەوانەوە داواکە دەبینرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ چیمەن عمر حمد
* * *
وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان
ب.گشتی راگەیاندن و چاپ و بڵاو کردنەوە / خوێە تی
ژمارە/ ٦٨٢
رێکەوت/ ٨١٦
بۆ بەڕێز/ لەیلا عومەر عوسمان
بابەت/ ئاگادارکردنەوە (اخطار)
دوابەدوای فەرمانی کارگێڕیان ژمارە ٢٨٠١ لە ٢٠١٥/٧/٦ دوای تەواوبوونی مۆلەتی بێ موچەی ناوبراو کە بەفەرمانی وەزاری ژمارە ٥١٢٧ لە ٢٠١٥/٦/٢٥ وەریگرتبوو بۆ ماوەی ٥ پێنج سال لەبەر نەگەرانەوەت بۆ سەر کار ئاگادارت دەکەینەوە کە دەبێ لە ماوەی ٧ حەوت رۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم بێت، بۆ ماوەی ١ یەک مانگ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بیت بەپێچەوانەوە کۆتایی بە راژەکەی دێت بەپێی ماددەی ٣٧ لە یاسای مەدەنی ژمارە ٢٤ سالی ١٩٦٠.
شێروان عەولا خورشید
بەڕێوەبەری گشتی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە بە وەکالەت
* * *
دادگای باری کەسایەتی دهۆك
ژمارە/ ١٩٢/ش/٢٠٢٠
رێکەفت/ ٢٠٢٠/٧/٢٩
راگەهاندن
بۆ داوالێکراو/ عیسی محمد علی
ل دی داخازیا داواکار نزان محمد طاهر ابراهیم و کێشا ژماراوێ ل سەری دیارکری تێدا داخازیا بریارا تفریق کری و ژ بەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا هەلبژێرێ تاخ شێلێ ل رێکەفتی ٢٠٢٠/٧/٢٢ ئەڤجا بریار هاتەدان کو ئاگەهداریا تەبێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت رۆژانە دا ئامادەبی ل رۆژا ٢٠٢٠/٩/٢٢ یان بریکارەکی پێش خۆڤە ئامادەبکە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دێ دادگەهـا تە پاشەملی هێتە کرن.
دادوەر/ زیرڤان احمد حسین
* * *
دادگای باری کەسایەتی دهۆك
ژمارە/ ١٩٠/ش/٢٠٢٠
رێکەفت/ ٢٠٢٠/٧/٢٩
راگەهاندن
بۆ داوالێکراو/ عیسی محمد علی
ل دی داخازیا داواکار نزان محمد طاهر ابراهیم و کێشا ژماراوێ ل سەری دیارکری تێدا داخازیا بریارا تفریق کری و ژ بەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا هەلبژێرێ تاخ شێلێ ل رێکەفتی ٢٠٢٠/٧/٢٢ ئەڤجا بریار هاتەدان کو ئاگەهداریا تەبێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت رۆژانە دا ئامادەبی ل رۆژا ٢٠٢٠/٩/٢٢ یان بریکارەکی پێش خۆڤە ئامادەبکە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دێ دادگەهـا تە پاشەملی هێتە کرن.
دادوەر/ زیرڤان احمد حسین
* * *
دائرة الكاتب العدل أربيل الأولى
شعبة الإنذار و الحجز
نشر الإنذار
المنذر/ دەشتی واحد نادر الوكيل العام لسيد (محمد غازی عبدالامیر)
المنذر اليه (محمد محمد اسامه حبوب المساهم فی شركه grass garden)
قد وجه اليك الإنذار المرقم ١٤٦/٢٩٠٦٦ فی ٢٠٢٠/٨/١٧ من قبل السيد : دەشتی واحد نادر الوكيل العام لسيد (محمد غازی عبدالامیر)
لغرض الانذاركم و حضوركم في مقر الشركة بالتاريخ ٢٠٢٠/٩/٣٠ بغية الاجراء بهدف الغاء إجازة الشركة المذكورة أعلاه و بما انك مجهول الإقامة حسب اشعار مجمع مدينة ازادي الجديدة على طريق بحركة التابعة لمدينة أربيل في ٢٠٢٠/٨/١٨ لذا ننشر لكم و بشكل رسمي في جريدتين يوميتين.
شوان فوزي زكي
عن كاتب عدل الأول
في دائرة الكاتب العدل أربيل الأولى
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی عنکاوە
ژمارەی دۆسیە/ ٢٠١٦/١٤٢
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٨/٢٣
ئاگاداری
بۆ قەرزار فرياد عبدالرحمن جبرائيل
شوێنی نیشتەجێ نادیار
لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان وە نیشتەجێی هەمیشەیی یان کاتی یان هەلبژێردراوتان نیە بۆ پێراگەیاندنتان هەر بۆیە بەپێی ماددەی ٢٧ی یاسای جێبەجێ کردن بریار درا لە رێگای رۆژنامەیەکی ناوخۆیەوە ئاگادار بکرێنەوە بەبریاری جیابەندی جێبەجێکردن الحجز التنفيذی لەسەر ٢٠، ١٢٠، ١٢٣، ١٢٩ کەرتی ٢ ماوەتان ٩٩ کەرتی ١٠ حاجی ئۆمەران لەبەر ئەوەی پێویستە لەسەرتان ئامادەبن لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە ماوەی ١٠ دە رۆژ لە رۆژی دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە بۆ دانەوەی بڕی پارەی ٣,٥٦٢,٠٠٠,٠٠٠ سێ ملیار و پێنج سەد و شەست و دوو ملیۆن دینار بۆ خاوەن قەرز انس هاشم احمد بەپێچەوانەوە ئەم بەڕێوەبەرایەتیە هەلدەستێ بە فرۆشتنی مولك ئاماژەپێکراو بەپێی یاسا.
جێبەجێکاری داد/ أڤان محمد فاتح جلال
* * *
دادگای باری کەسی هەریر
ژمارە: ٦/ش/٢٠٢٠
بەروار: ٢٠٢٠/٣/١٠
پیراگەیاندن
بۆ داوالێکراو (علی محمد محمدامین) رۆژی (٢٠٢٠/٤/١٥) کاتژمیر (٩)ی بەیانی دیاریکراوە بۆ بینینی داوای ژمارە (٦/ش/٢٠٢٠) کە لە لایەن داواکار (شڤین عمر حسین) تۆمارکراوە لەسەرت بەمەبەستی (تفریق للهجر) وەلەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی سۆرەد لە ناحیەی هەریر کە لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٢/١١) دەرچووە بۆیە ئەم دادگایە بریاریدا بە پێراگەیاندنت لە دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بە مەبەستی ئامادەبوونت لە دادگا بە خۆتان یان بریکاری یاساییت لە کاتی دیاریکراودا، ئەگەر نا دادبینی پاشملە و بەپێی یاسا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ شیهاء عزیز اسماعیل
* * *

Job Details	
Position Title	Mechanical Technician
Direct Supervisor	Maintenance Supervisor – Mechanical
Department	Maintenance
Job Location	Khormor – Qader Karam
Ref: MT/M/AUG/20	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS
Executes all mechanical planned and corrective maintenance activities on Khormor installations in accordance with both local and industry standards. Undertakes a multi-tasking role in order to assist the Production Operations group in field activities and will be involved with troubleshooting, fault finding and repair of all stationary and rotating equipment. Provides input in creating and reviewing maintenance procedures, job plans and work instructions. Reports to the Maintenance Supervisor – Mechanical.

Primary Duties and Responsibilities

ESSENCIAL FUNCTIONS
Work Responsibilities and Planning
1. Adheres to technical Governmental and Company rules, regulations and procedures.
2. Ensures all lifesaving, firefighting and emergency systems are well maintained and are ready for immediate use.
3. Conversant and compliant with the Company's Integrated Management System
4. Understands, implements and supports Khormor's maintenance strategy and philosophy.
5. Administers maintenance programs using SAP software programs and in close coordination with the maintenance planning and scheduling processes.
6. Adheres to, implements and maintains full control of the Khormor Permit to Work system.
7. Participates in Task Risk Assessments, incident investigations, safety meetings, toolbox meetings, emergency response exercises/drills.
8. Acts as a team-player in the multifunctional operations and maintenance team.
9. Maintain proper housekeeping.
10. Develops cross-discipline multi-tasking within Production Operations and Maintenance group activities.
11. Troubleshoots Mechanical and related problems both independently and in liaison with vendor specialists.
12. Assists and guide third party inspections and E-repair services.
13. Participates in the Emergency Response organization as required (this may include responsibilities in Search & Rescue and Fire Fighting.
14. Contributes to development and implementation of procedures and work instructions for the completion of I-related tasks.

Repair of Equipment
15. Dismantles repairs, resembles, inspects and tests equipment that has been repaired as requested.

Reporting and Communication
16. Reports to the Maintenance Supervisor – Mechanical on all issues relating own responsibilities.
17. Exhibits and maintains excellent working relationships with all CreDan staff.

Continuous Improvement of Position
18. Conducts studies to identify areas for improving facilities on a continuous basis in order to facilitate the operations. Recommends improvement actions and practices to senior management.

Decision–making Authority

Working and Other Reporting Relationships

Maintenance Supervisor - Mechanical CreDan	Frequent/daily
Maintenance Superintendent – CreDan	Frequent

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required

Mechanical Technical institute level educated

Minimum Professional Experience Required

At least 5 years' experience in the oil & gas industry. Be in the possession of any necessary certification to do the job

Supervisory Responsibility

Special Requirements and Conditions

Must be physically fit, able to work under severe weather conditions and able to climb ladders and stair cases to elevated work platforms to monitor/repair process equipment
Additional Safety training is required, depending on the actual position of the I-technician within the emergency response teams. This could include First Aid, Man Down, High Angle Rescue, Fire Team Member/Leader

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities

Core Competencies	Behavioral Competencies	Functional Competencies
• Excellent communication skills • Commitment to continuous learning • Knowledge sharing • Time management • Stress tolerance	• Able to take swift and sound decisions in case of emergencies in order to assure that the safety of crew is not jeopardized. • High team spirit awareness • Self-starter, flexible, initiative, positive approach to all aspects of work • Problem solving • Ability to integrate across functions and ability to learn	• Sound understanding of Maintenance/Operations as it relates to the safe & efficient production of natural gas • Sound computer skills in Microsoft Office • Working knowledge of maintenance management systems (such as SAP) and Integrity (risk based) maintenance procedures • Analytical skills to identify and resolve mechanical problems. • Total Loss Management training requirements • Full awareness of emergency response plans • High cost efficiency awareness level • Working knowledge of Natural Gas Production Gas Processing and associated Utility Systems

Please submit your CV to our office addresses as below, no later than **1September 2020**:
1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th.
OR
e-Mail it to us at**:** **jobs_cpdg@crescent.ae** (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference, which is Mechanical Technician, Ref: MT/M/AUG/20)

Crescent Petroleum

دانة غاز DANAGAS

Job Details	
Position Title	Instrument Technician
Direct Supervisor	Maintenance Supervisor – Instrumentation
Department	Maintenance
Job Location	Khormor – Qader Karam
Ref: IT/M/AUG/20	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS

Executes all instrument planned and corrective maintenance on Khormor's installations in accordance with both local and industry standards. Undertakes Loop checks and performs calibration and strong knowledge off PLC controllers and its related appurtenances in accordance with operational procedures. Troubleshoots and fault finding on instrumentation equipment/systems and on instrumentation and controls. Assists in undertaking planned and corrective maintenance activities. Provides input in creating and reviewing maintenance procedures, job plans and work instructions. Reports to the Maintenance Supervisor – Instrumentation.

Primary Duties and Responsibilities

ESSENCIAL FUNCTIONS

Work Responsbilities

1. Adheres to technical Governmental and Company rules, regulations and procedures.
2. Ensures all lifesaving, firefighting and emergency systems are well maintain and are ready for immediate use.
3. Conversant and compliant with the Company's Integrated Management System
4. Understands implements and supports Khormor's maintenance strategy and philosophy.
5. Administers maintenance programs using SAP software programs and in close coordination with the maintenance planning and scheduling processes.
6. Adheres to, implements and maintains full control of the Khormor Permit to Work system.
7. Participates in Task Risk Assessments, incident investigations, safety meetings, toolbox meetings, emergency response exercises/drills.
8. Acts as a team player in the multifunctional operations and maintenance team.
9. Maintain proper housekeeping.
10. Develops cross-discipline multi-tasking within Production Operations and Maintenance group activities.
11. Troubleshoots Instrument and related problems both independently and in liaison with vendor specialists.
12. Assists and guide third party inspections and E-repair services.
13. Participates in the Emergency Response organization as required (this may include responsibilities in Search & Rescue and Fire Fighting.
14. Contributes to development and implementation of procedures and work instructions for the completion of I-related tasks.

Verification and Calibration

15. Checks the functionality of equipment and measuring instruments and test the instrument for calibration in accord with allowable limits and standards.

Repair of Equipment

16. Dismantles, repairs, resembles, inspects and tests equipment that has been repaired as requested.

Reporting and Communication

Crescent Petroleum

دانة غاز DANAGAS

17. Reports to the Maintenance Supervisor – Instrumentation on all issues relating own responsibilities.
18. Exhibits and maintains excellent working relationships with all CreDan staff.

Continuous Improvement of Position

19. Conducts studies to identify areas for improving facilities on a continuous basis in order to facilitate the operations. Recommends improvement actions and practices to senior management.

Decision–making Authority

Working and Other Reporting Relationships

Maintenance Supervisor – Instrumentation CreDan	Frequent/daily
Maintenance Superintendent – CreDan	Frequent

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required

Instrumentation and process control Technical institute level educated

Minimum Professional Experience Required

At least 5 years' experience in the oil & gas industry. Be in the possession of any necessary certification to operate calibration and PLC equipment

Supervisory Responsibility

Special Requirements and Conditions

Must be physically fit, able to work under severe weather conditions and able to climb ladders and stair cases to elevated work platforms to monitor/repair process equipment

Additional Safety training is required, depending on the actual position of the I-technician within the emergency response teams. This could include First Aid, Man Down, High Angle Rescue, Fire Team Member/Leader

Crescent Petroleum

دانة غاز DANAGAS

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities

Core Competencies	Behavioral Competencies	Functional Competencies
• Excellent communication skills • Commitment to continuous learning • Knowledge sharing • Time management • Stress tolerance	• Able to take swift and sound decisions in case of emergencies in order to assure that the safety of crew is not jeopardized. • High team spirit awareness • Self-starter, flexible, initiative, positive approach to all aspects of work • Problem solving • Ability to integrate across functions and ability to learn	• Sound understanding of Maintenance/Operations as it relates to the safe & efficient production of natural gas • Sound computer skills in Microsoft Office • Working knowledge of maintenance management systems (such as SAP) and Integrity (risk based) maintenance procedures • Analytical skills to identify and resolve E/I- problems. • Total Loss Management training requirements • Full awareness of emergency response plans • High cost efficiency awareness level • Working knowledge of Natural Gas Production Gas Processing and associated Utility Systems

Please submit your CV to our office addresses as below, no later than **1 September 2020**:

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.

2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th.

OR

e-Mail it to us at**:** **jobs_cpdg@crescent.ae** (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference, which is Instrument Technician, Ref: IT/M/AUG/20)

شركة أور الدولية للتامين
UR International Insurance Company

شركة أور الدولية للتأمين (ش. م. خ)

حضرات السادة مساهمي شركة أور الدولية للتأمين المحترمين

م/ إعلان إجتماع الهيئة العامة .

استنادا الى احكام المواد (86) و (87) و(88) من قانون الشركات الرقم 21 لسنة 1997 وتعديلاته وتنفيذا لقرارات مجلس الادارة .

يسرنا دعوتكم لحضور الاجتماع السنوي للهيئة العامة الذي سينعقد في مركز ادارة الشركة الكائن في شارع محطة ، حي زانياري في تمام الساعة الحادية عشر من قبل ظهر يوم الاثنين الموافـــق 2020/09/07 للنظر في جدول الاعمال الاتي :

1. مناقشة تقرير ادارة الشركة لعام 2019 والمصادقة عليه .
2. مناقشة تقرير مراقب الحسابات والمصادقة على الحسابات الختامية للشركة لعام 2019 .
3. القيام باجراء انتخابات مجلس إدارة الشركة .
4. تعيين مراقب لحسابات الشركة لعام 2020 و تحديد اجوره وفقا للتعليمات والمصادقة عليه .
5. إبراء ذمة رئيس وأعضاء مجلس إدارة الشركة و المدير المفوض لعام 2019 .

راجين حضوركم شخصيا في الزمان والمكان المعينين أعلاه او من ينوب عنكم من المساهمين بموجب صكوك الانابة التي يمكن الحصول عليها من ادارة الشركة. او الغير بموجب وكالة مصدقة من كاتب العدل مع ابراز شهادة الاسهم الاصلية بموجب المادة (91) و المادة (94) من قانون الشركات على ان تودع الانابات والوكالات لدى الشركة قبل ثلاثة ايام على الاقل من موعد الاجتماع.

مع جزيل الشكر و التقدير.....

عزالدين بحمد عبدالله
رئيس مجلس الادارة

Regulated by Iraqi Insurance Diwan, Ministry of Finance Baghdad-Iraq
Gulan Park, Mehata Street, Zaniary Quarter- Erbil - Kurdistan Region- Iraq. Tel: +964 750 890 9007, +964 750 890 9008
P.O. Box: 0112-62-Arbil-Iraq Email: ur@uriic.net Website: www.uriic.net



لوبنان..

تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر سەرکۆمار و سەرۆکوەزیران

پارێزەری لوبنانی، مەجد بوترووس حەرب سەبارەت بە تەقینەوەکەی بەندەری بەیروت، سکاڵای لەسەر سەرکۆمار و سەرۆکوەزیرانی وڵاتەکەی، تۆمار کرد. مەجد بوترووس حەرب لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو، باسی لەوە کرد کە بە هۆی ئەوەی بەرپرسان رێوشوێنی پێویستیان نەگرتووەتەبەر بەمەبەستی بەرگرتن لە تەقینەوەکە، سکاڵای پێشکەش بە سەرۆکی داواکاری گشتیی دادگای تەمییز، غەسسان عویدات کردووە.مەجد بوترووس حەرب باسی لەوە کرد کە سکاڵاکە پشتی بەستووە بە زانیاری جێگیر و نووسراوێك کە لە 20ی تەموزدا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئاسایشی دەوڵەتەوە ئاراستە کراوە لەبارەی بوونی بڕێکی زۆر نیتراتی ئامۆنیۆم لە بەندەرەکەدا و گوتی:سەرەڕای ئەوەی سەرکۆمار و سەرۆکوەزیران رێوشوێنی پێویستیان نەگرتووەتەبەر بۆ پاراستنی هاووڵاتیان»،ناوبراو هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە سەرکۆمار، میشێل عەون سەرەڕای ئەوەی لە دەستووردا دەسەڵاتی ڕێکخستنی کۆبوونەوەی نائاسایی کابینەی حکوومەتی هەیە لە دۆخی لەناکاودا، بەڵام ئەو کارەی نەکردووە، هاوکات دەستوور دەسەڵاتی داوەتە سەرۆکوەزیران بۆ دیاریکردنی بەرنامەی کارەکان، بەڵام سەرۆکوەزیران، حەسسان دیاب ئەو دەسەڵاتەی بەکار نەهێناوە».

تەقینەوەکەی بەندەری بەیروت

لە چواری ئابدا لە بەندەری بەیروت سەرەتا ئاگر لە کۆگای ژمارە 12ی بەندەرەکە کەوتەوە کە ماددەی تەقینەوەی تیادا هەڵگیرابوو، پاشان تەقینەوەیەکی زۆر بەهێز ڕووی دا کە هەموو بەیروتی هەژاند.

سەرکۆماری لوبنان، میشێل عەون باسی لەوە کردبوو کە تەقینەوەکە بەهۆی دوو هەزار و 750 تۆن نیتراتی ئامۆنیۆمەوە ڕوویداوە کە شەش ساڵە لە کۆگایەکی بەندەری بەیروتدا هەڵگیراوە.لە تەقینەوەکەدا180 کەس گیانیان لەدەستدا و30-40 کەس بێ سەروشوێن بوون و زیاتر لە شەش هەزار کەس بریندار بوون.

بەرپرسانی فەرمی لوبنان باسیان لەوە کردبوو کە تەقینەوەکە بەهەڕە لەوەی هێرش بێت بەهۆی کەمتەرخەمی و پشتگوێ خستنەوە ڕوویداوە، بەو هۆیەشەوە خۆپیشاندان سەری هەڵدا کە داوای بەسزاگەیاندنی بەرپرسیارانیان دەکرد.بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە حکوومەتەکەی سەرۆکوەزیرانی لوبنان، حەسسان دیاب لە 10ی ئابدا دەستی لەکارکێشایەوە.

سەرکۆماری لوبنان دەرگای "ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل"ی بە کراوەیی هێشتەوە



سەرکۆماری لوبنان، میشێل عۆن لە وەڵامی پرسیاری ئەگەری ئەنجامدانی ڕێککەوتنی ئاشتی لە داهاتوودا لەگەڵ ئیسرائیل گوتی: "ئەمە دەگۆڕێت، ئێمە لەگەڵ ئیسرائیل کێشەمان هەیە و پێویستە پێش هەموو شتێك ئەوانە چارەسەر بکەین".میشێل عۆن لە میانی بەشداریکردنی لە بەرنامەیەکی کەناڵی تەلەڤیزیۆنی BFMی فەرەنسی، گوتی: "سەرجەم ئەو هاوکارییانەی کە لە دوای تەقینەوەکەی چواری ئابی بەندەری بەیروت بۆ لوبنان ڕەوانە کراون، دەچێت بۆ ئەو ناوچانەی کە پێویستیان پێیەتی". سەرکۆماری لوبنان، میشێل عۆن ئاماژەی بەوەیش کرد کە پێویستە لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بە تەقینەوەی دوو هەزار و 750تۆن نیتراتی ئەمۆنیۆم کە لە ساڵی 2013وە لە بەندەرەکە عەمبارکراوە بەزووترین کات تەواو بکرێت و بەرگری لەوە کردەوە کە ئەو پێش ئەوەی حکوومەت دەستەکاربکێشێتەوە داوای دانانی داواکارییەکی گشتی کردووە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە.میشێل عۆن جەختی لەوە کردەوە کە بیری لە بژاردەی دەستەکارکێشانەوە نەکردووەتەوە لە دوای تەقینەوەکە و گوتی: "ئەمە نابێت، چونکە ڕێگە بۆ دروستبوونی بۆشایی دەکاتەوە. حکوومەت دەستیلەکارکێشایەوە، منیش دەستلەکاربکێشمەوە پێویستە ڕاستەوخۆ هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت، بەڵام دۆخی ئێستای وڵات لەبار نییە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەری ڕاستەقینەی وڵاتەکە".

دەرگای کراوە بۆ ئیسرائیل


سەرکۆماری لوبنان، میشێل عۆن سەبارەت بە بریاری ئیمارات لەسەر ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل گوتی: "ئیمارات دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری خۆیەتی".میشێل عۆن لە بارەی ئەگەری ئەنجامدانی ڕێککەوتنی ئاشتی لە داهاتوودا لەگەڵ ئیسرائیل گوتی: "ئەمە دەگۆڕێت، ئێمە لەگەڵ ئیسرائیل کێشەمان هەیە و پێویستە پێش هەموو شتێك ئەوانە چارەسەر بکەین".

ئەمەریکا: ئەو دوو چەکدارەی داعش بەڕەگەز بەریتانی کە خراونەتە ژێر چاودێری لەسێدارە نادرێن

حکوومەتی ئەمریکا، ئاشکرای کرد ئەگەر سزای لەسێدارەدان بۆ ئەو دوو چەکدارەی داعش بەڕەگەز بەریتانی دەربچێت کە لە گرتووخانەی کەمپی هۆڵ-ی ژێر کۆنترۆڵی یەپەگە لە سووریا دەریهێناون و لەژێر چاودێری خۆیدان، ئەوا سزاکەیان بەسەردا جێبەجێ ناکرێت.بەپێی ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی دادی ئەمریکا، وەزیری دادی ئەو وڵاتە، بیل بار زانیاری داوەتە وەزیری ناوخۆی بەریتانیا، پریتی پاتل لەبارەی ئەوەی کە هەریەك لە ئەل شافعی ئەلشەیخ و ئەلێکساندا کۆتی کە چەکداری داعشن و بەڕەگەز بەریتانین، لەسێدارە نادرێن.

بیل بار ئاماژەی بەوە کرد کە تەنانەت ئەگەر دادگا سزای لەسێدارەدانیشیان بۆ دەربکات ئەو سزایە جێبەجێ ناکرێت و داوای کرد دەستیان بگات بەو بەڵگانەی لەبارەی ئەو دوو چەکدارەی داعش کە لای بەریتانیا هەیە.

ئەمریکا دوو تیرۆریستی داعشی بەڕەگەز بەریتانی خستە ژێر چاودێری خۆیەوە



لە تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا، ئەمریکا چەکداری داعشی بەڕەگەز بەریتانی لە گرتووخانەی کەمپی هۆڵ-ی ژێر کۆنترۆڵی تیرۆریستانی یەپەگە لە سووریا دەرهێنا و لەژێر چاودێری خۆیدا دایان.

هەردوو چەکداری داعش ئەل شافعی ئەلشەیخ و ئەلێکساندا کۆتی کە باوەڕوایە لە ساڵی 2014دا ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی، جەیمس فلۆیان سەربڕیبێت و هاووڵاتییانی دیکەی دەستبەسەرکراوی ئەمریکیان کوشت بێت لە کەمپی هۆڵ دەرهێنران و گواستراونەوە بۆ بنکەیەکی سەربازیی ئەمریکا لە عێراق.

ئەو چەکدارانە بە نازناوی «Beatles» ناسراون.

مانشێت

ئۆبزێرڤەر:

سەرۆکی بیلاروسیا داوای لە سوپای وڵاتەکەی کرد هەنگاو بنێ لە پێناوی پاراستنی سنووری وڵات لە ئەگەری هەر جولەیەکی هێزەکانی ناتۆ.



ئەی ئێف پی:

بە تۆمەتی سیخوڕیکردن بۆ ڕووسیا ،دەسەلاتدرانی ئەمنی ئەمەریکا ئەفسەرێکی پێشووی هێزی تایبەتیان دەستگیر کرد.



ڕۆیتەرز:

سەرۆکی کۆلۆمبیا رایگەیاند ڤەنزویلا بەنیازی کڕینی موشەکی ئێرانییە ، لە وەڵامیشدا مادۆرۆی سەرۆکی ڤەنزویلا وتی : ئەمە بیرۆکەیەکی بەجێیە.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:

هەریەکە لە ڕێکخراوی تەندروستی جیهان و یونیسێف ڕایانگەیاند کە دەبێ منداڵان لە تەمەنی 12 ساڵەوە ماسك ببەستن .



سکای نیوز:

گۆڤاری دیرشپیگل و ڕۆژنامەی دی فیلتی ئەڵمانی لە دوو ڕاپۆرتدا جەختیان لەوە کردۆتەوە ئەو نیتراتە ئەمۆنیۆمەی لە بەیروت تەقیەوە هی حزبوڵای لوبنانی بووە.



سی ئێن ئێن:

دەزگای هەواڵگریی ئەمەریکا لە ڕاپۆرتێکدا دووپاتی کردەوە کە دەسەلاتدارانی شاری ووهانی چین بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك هەموو زانیاریەکیان دەربارەی ڤایرۆسی کورۆنا لە بەرپرسانی چین شاردۆتەوە.



جیاوازی لە نێوان ئازادی و ئاڵۆزیدا



یونس حەمەد - ئۆسلۆ

شارستانێتی سەردەم لە ئازادییەکی هاوچەرخ و سەردەمیانە بۆ هەر نەوەیەك بێت لە ژیاندا بەرجەستە دەبێت ، ئازادییەك پراوپڕ بێت لە جوانی مرۆڤەکان و پریش بێت لە جوانکاری گەلاندا ، پێناسەی ئازادی لەو سونگەوە ئامرازەکانی دەپێکێت ئەگەر بزانرێت چۆن ڕێز لە بەهاکانی ئازادیی دەگیرێت ، جاچ ئازادی بۆ تاك یان بۆ کۆمەڵگا بە گشتی بێت .. دەربڕینی هەست ئەگەر ئازادانە دەربڕیت ئەوە دەبێت بزانیت بە چ جۆرە شێوازێك هەنگاوەکانی بۆی دەهاوێژێت، چونکە ئازادی تاك جیایە لەگەڵ ئازادی نێو کۆمەڵگادا ، ئازادی بۆ تاك لە کاتێکدا بەرجەستە دەبێت کە بزانرێت چۆن تاك مامەڵە لەگەڵ ئەو ئامرازە دەکات کە لە نێو کۆمەڵگادا خۆی وێنا دەکات ، بەپێچەوانەشەوە دەبێت کۆمەڵگا بزانێت چۆن ڕێز لە ئازادی تاکەکەسی دەگرێت ! .. لە دونیای پێشکەوتوو و ئازادیخوازاندا کاتێك ئازادی بەربڵاو دەبێت کە بتوانرێت چۆن تام لە سونگە گرینگەکانی وەربگیرێت ، جا لێرەدا یاسا ڕۆڵی سەرەکی خۆی لە بنیاتنانی ئاسۆیەکی ڕوون دەبینێتەوە بۆ چەسپاندنی یاسا و تێکەڵکردنی بە ئازادیخوازیدا .. لە ڕوانگە یاخوود لە سۆنگەی هەستکردن بە بەرپرسیاریەت بەرانبەر مرۆڤدا دەبێت ئازادی لە ژێر چەتری یاسادابێت ، ئەگەر ئازادی لە ژێر ئەم چەترەدا نەبێت بێگومان دەچێتە خانەیەك پێی دەگوترێت ئاڵۆزی، بۆ ئەم مەبەستە دەکرێت نێوان ئازادی و ئاڵۆزی جیاوازییەکان دەستنیشان بکرێت .. یاسا وەك سەروەر بۆ کاری ڕۆژانەی تاك و کۆمەڵ مرۆڤی ئازادیخواز دەهێنێتە بەرهەم ، لەبەرانبەردا ئازادی بە بێ سنوور و بێ یاسا گومان لەوە دانیە بەوەی ئاڵۆزی دێنێتە بەرهەم کە دواتر تاك و کۆمەڵگا لێی زیانبەخش دەبن .. دەربڕینی ئازادی تاك لە ناو جەستەی مرۆڤ دایە ،بەڵام ئەو مرۆڤە ناتوانێت یاخود بۆی نیە لەم چوارچێوەیەدا هەستی کۆمەڵگا بە گشتی بریندار بکات یاخود ئاڵۆزی بخاتە نێوانیان ، لەملاشەوە ناتوانرێت بە ناوی پێشکەوتنی کۆمەڵگاوە هەستی تاك بریندار بکرێت لەم نێوەندەدا بە ناوی کۆمەڵگاوە چەند کەسانێك سوودمەند بن . خۆنیشاندان و بەرزکردنەوەی دەنگی زۆڵاڵ لە کاتی دیارخستنی ئازادییەکان تەنیا لەو شوێنە دەبێت کە یاسا بۆی دیاری کردووە ، چونکە هەر چەشنە ئازادییەك ئەگەر هەڕەشەی بۆ سەر کۆمەڵگا هەبێت بێگومان دەبێتە هۆکاری ئاڵۆزی دوای ئەمەش ئاڵۆزییەکان زیاتر پەرە دەستێنن بۆ تێکشانی کەلوپەلی میری کە ئەمەش لە چوارچێوەی یاسادا قبووڵکراو نیە . سوود وەرگرتن لە خۆنیشاندانی ئازاد بۆ مەرامی کەسی ئەمەش بۆتە دیاردەیەکی ناشارستانی کە پەداخەوە لە کوردستاندا ئەم خاڵ وحاڵەتە بە ڕوونی دەبینرێت ، کەسانێك یان گرووپی جۆراوجۆر بۆ نیشاندان و زامنکردنی مافەکانیان بە گەیاندنی پەیام بۆ ڕای گشتی یان دەسەڵات خۆنیشاندان دەکەن کە ئەمە لە عورفی دیموکراتی و ئازادیدا ڕەوا و قبووڵکراوە ،چونکە ئەمە ئازادی ڕاستەقینەی کۆمەڵگایە لە هەمان کاتیشدا ڕووی شارستانی کۆمەڵگا بە جیهان نیشان دەدات ، لە هەندێك حاڵەتدا دەبینین خۆنیشاندان دەبێتە سەکۆیەك بۆ نمایشی کەسانێك کە هیچ پەیوەندییان بەکارەکەوە نیە بۆیە دەبینین لە کۆتاییدا لە بڕی نیشاندانی ئازادی ئەوە ئاڵۆزی جێگای دەگرێتەوە .. سەروەری یاسا خاڵێکی گرینگی سەکۆی ئازادیخوازییە بە تێگەیشتنی یاسا دەتوانرێت ئازادییەکی پڕ بەها بۆ کۆمەڵگا دابین بکرێت ، ئەگەر پێچەوانەکەشی بوو لە دووری یاسادا ئازادی بەربڵاوبوو ئەوە ئاڵۆزی دەبێتە ڕووی ڕاستەقینەی هەموو ئاڵۆزییەکان.

3 هەنگاو بۆ چاندنی گوڵی تیولیپ لە ماڵدا

گوڵی تیولیپ گوڵێکی تەمەن درێژە بۆ ماوەی 2 ساڵ تەمەن دەکات. ڕەگەزێکە کە 150 جۆر لە خۆ دەگرێت، تایبەتمەندی ئەو گوڵە ئەوەیە گە ڕەنگی زۆرە وەك پەمەیی و سپی و مۆر و سوور و زەرد. بەرزی ئەو گوڵە دەگاتە 10-70 سم. تیولیپ بە پیازییە زستانییەکان دادەندرێت و لە مانگەکانی تشرینی یەکەم و تشرینی دووەم دەچێندرێت لە وەرزی بەهار گوڵ دەکات. پیازەکەی پێویستی بە ساڵێك یان زیاتر هەیە تا گەشە بکات و گوڵ دەربکات.

هەنگاوەکان چاندنی تیولیپ لە ماڵدا

یەکەم- ڕووەکەکە لە نێو ئینجانەیەك دەچێندرێت کە قوڵییەکەی 10 سم بێت، پێویستی بە خاکێکی لماوی یان تێکەڵەی قوڕ و لم هەیە،

دووەم- پیازەکان بە قوڵایی گونجاو و دووری نزیك یەك دەنێژرێن. پێویستی بە ئاودانی زۆر نیە، تەنها لە حەفتەیەکدا یەك جار یان دوو جار ئاو دەدرێت. ئینجانەکە پڕ ئاو ناکرێت.

سێیەم- خاکەکە بە باشی پەین دەدرێت و لە ساڵێکدا ڕووکەکە دوای گەشەکردن تەنها یەك جار پەینی پێ دەدرێت.



قاوە دەتپارێزێت



لێکۆڵینەوەیەك کە ژمارەیەك لە زانا ئوستڕالی ئەنجامیانداوە، دەریدەخات، خواردنەوەی ڕۆژانەی بڕێك قاوە ئەگەری هەیە بە سەدان هەزار کەس لە توشبوون بە نەخۆشیی شێرپەنجەی جگەری کوشندە بپارێزێت.

زانا ئوستراڵییەکان لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لە ماڵپەڕی (Medical Xpress) باڵاوکراوەتەوە ئاشکرایدەکەن: خواردنەوەی دوو تاکو سێ کوپ قاوە لە ڕۆژێکدا دەرفەتی توشبوون بە شێرپەنجە بە ڕێژەی 38% کەم دەکاتەوە، لە هەمانکاتدا مەترسیی مردن بە ڕێژەی 48% کەم دەکاتەوە.

ئاماژەش بەوە دەکەن ئەگەر ڕۆژانە ئەو بڕە بۆ چوار کوپ یان زیاتر بەرز بێتەوە ئەوە ڕێژانە بۆ 41% و 71% بەرز دەبێتەوە.

لەم لێکۆڵینەوەیدا پزیشکە ئوستراڵییەکان پشتیان بە داتاکانی شێرپەنجەی جگەر لە ساڵی 2016 بەستووە، ژمارەی مردن بەهۆی ئەم نەخۆشییە لەو ماوەیەدا گەیشتە 240 هەزار کەس. زاناکان داتای خواردنەوەی قاوە لەنێو ئەو توشبووانەیان وەرگرت و بۆیان دەرکەوت تووشبوون بە نەخۆشیی شێرپەنجەی جگەر لە نێو ئەوانەی ڕۆژانە قاوە دەخۆنەوە زۆر کەمترە.

بۆیە زانا ئوستراڵییەکان جەخت لە سەرپەرشتیارانی چاودێری تەندروستی دەکەن بۆ ئەوەی هانی دانیشتوان بدەن تاکو قاوە لە سیستەمی خۆراکییان دابێت بۆ پاراستنیان لەم نەخۆشییە کوشندەیە.



بۆ پاراستنی پڕژێنەرە تەوەرییەکان پاش درووێنە

دوای وەرزی درووێنە پێویستە جوتیار پڕژێنە (مەڕشە) تەوەرییەکەی لە گەرماو خۆلوتۆزی وەرزی هاوین بپارێزێت و بۆ وەرزی بەرهەم هێنانی داهاتوو ئامادەی بکات، بە ئەنجام دانی ئەم هەنگاوانە:-

یەکەم. سندوقە پلاستیکییەکانی بۆردی کارەبە ڕووپۆش دەکرێن بە مادەیەك بۆ ئەوەی لە گەرمی خۆر و تۆز پارێزراو بن.

دووەم. پشکنینی ئاستی ڕۆن لە ماتۆڕ و گێربۆکسەکانی تاوەرەکان و کەم و کورتییەکان چاکدەکرێنەوە و ڕۆن هەر 4 وەرز جارێك دەگۆڕدرێت.

سێیەم. ماتۆڕەکان دادەپۆشرێن بۆ پاراستنیان لە گەرما.

چوارەم. نۆزڵەکان دەکرێنەوە و دەشۆردرێن، لە شوێنێکی دوور لە تیشکی خۆر هەڵدەگیرێن بە مەجێك ژمارە بەندی بکرێت یان لە کاتی هەڵگرتندا بە شێوەیەك ڕیزبکرێت تاکو دوار ڕۆژ لە کاتی بەستانیاندا ئاسان بێت بە ڕیزبەندی تەواو هەر یەکەو لە شوێن خۆی ببە ستر یتە و ە .

پێنجەم. شوێنی تەشحیم و چەورکردن لەسەر تاوەری سەرەکی پڕژێنەرەکە تەشحیم دەکرێت (ڕۆنی لێ دەدرێت).

شەشەم. سپرینگەکانی دواوەی پڕژێنەرەکە دەکرێتەوە (ئەگەر هەبوو) لە (خوێ) خاوێنەدکرێتەوە لە شوێنێکی گونجاو دادەندرێت بۆ ئەوەی نەشکێت و تێك نەچێت.

حە و تە م .

خاوێنکردنەوەی پڕژینەرەکە لە خوێ و پاشماوە ئەویش بە کردنەوەی سەرپۆشی دواوەی پڕژێنەرەکە و بەگڕخستنی پەمپەکان بۆ دەردانی خوێی کەڵکە بوو و پاشماوەی کۆبووەوە لە بۆرییە سەرەکییەکان و بۆڕی پڕژاندن.

هەشتەم. کردنەوەی غەتاسی نێو تانکی ئاو و خاوێنکردنەوەی لە پاشماوەی لکاو.

نۆیەم. نۆژەنکردنەوەی مولیدەی کارەبا و گۆڕینی ڕۆن و فیلتەر و داپۆشینی مولیدەکە بە پۆشاکێك.

دەیەم. داپۆشینی ماتۆڕی ئاو، دوای شۆردن و چاککردنەوە.

یازدەهەم. پەیندەر (موسەممدە) دەشۆردرێت، بۆ وەرزی داهاتوو هەڵدەگیرێت .

دوازدەهەم. تایەکان دەکرێنەوە و لە شوێنێکی دوور لە تیشکی خۆر هەڵدەگیرێت .

سێزدەهەم. لە گێڵگەدا ئەو شوێنانەی تایەی پڕژێنەرە تەوەرییەکەی تێدا دەچەقی بە خۆڵ پردەکرێنەوە بۆ ئەوەی لە وەرزی داهاتوودا لەم شوێنانە ئەو دیاردەیە دووبارە نەبێتەوە.

پاراستنی گامێش لە گەرمای هاوین



یەکەم. ڕێگا نەدان بە کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆری گامێش لە هۆڵی بەخێوکردندا.

دووەم. ئاوڕشێنکردنی گامێشەکان بە (دوش) کە لە نێو هۆڵی بەخێوکردن هەڵواسراوە لەو ڕۆژانەی پلەی گەرمی بەرزە.

سێیەم. لەوەڕاندنی گامێش بە شەو لە شوێن لەوەڕاندن بە ڕۆژ.

چوارەم. بڕی ئالیك زیاد دەکرێت ئەویش لە ڕێگای زیاد کردنی ژمارە ژەمەکان، بە مەرجێك ئاوی سارد و سازگاریان بۆ دابین بکرێت بە بڕی زۆر و شوێنی ئاوخواردنەوە پێویستە بە سابات داپۆشرابێت.

پێنجەم . باشکردنی خۆراك لە ڕێگای زانینی وردی پێداویستی هەر ئاژەڵێك و پێدانی ئالیکی هاوسەنگ بۆ پرکردنەوەی پێداویستی خۆراکی کە بە سووڕە بۆ بەردەوامدان بە گەشە و بەرهەم و زاوزێکردن.

شەشەم. ڕێژەی دانەوێلە لە پێکهاتەی ئالیك زیاد دەکرێت ئەویش بۆ زیادکردنی ڕێژەی وزە تێدا.

حەوتەم. ئالیکی وشك زبر وەك کا کەم دەکرێتەوە چونکە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی وزەیەکی گەرمی بەرز.

هەشتەم. بەرۆژ ئالیکی سەوز بە گامیش دەدرێت، ئەو جۆرە ئالیکە قیتامین A و کارۆتینی تێدایە کە هاوکارن لە دابەزاندنی شەکەتی گەرمی لە وەرزی هاویندا، شەکەتی گەرمی لە گامیشدا دەبێتە هۆی خەرجکردنی بڕێکی زیاتر لە قیتامین A .

نۆیەم. پێدانی سایلج و مۆڵاس وەك ئالیك بە گامێش، ئارەزووی خواردن زیاد دەکات، چونکە شێی پێویستی تێدایە.

دەیەم. بڕی سۆدیۆم لە ئالیکی گامێش زیاد دەکرێت. بە شێوەیەکی گشتی ڕێژەی سۆدیۆم لە ئالیکی ئاسایی دەگاتە 0.2%، پێشنیار دەکرێت بەرز بکرێتەوە بۆ 0.3% لە وەرزی هاویندا، لە هەمانکاتدا بیکاربۆناتی سۆدیۆم زیاد دەکرێت بۆ ئالیك لەو کاتەی کە شەکەتی گەرمی هەیە، ئەو ماددەیە دەتوانێت زاڵبێت لەسەر ترشی ورگ کە بەهۆی کەم خواردنی ئالیکی زبر دەردەکەوێت.

هەڤاڵ خورشید ڕاهینەر وداهەوەر و یاریزانی پێشووی کینگ بۆکسینگ بۆ خەبات :

هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆرم دا بۆ ئەوەی کوردستان ببێتە ئەندام لە کۆمەڵەی کینگ بۆکسینگی جیهانی لەژێر ئاڵای کوردستان بەشداری پاڵەوانێتییەکان بکەن

خەبات: نەرویژ- داهێن

لە جیهانی وەرزشدا هونەری یاریە جەنگییەکان جەماوەرێکی زۆر و بەرچاوی هەیە ، هەروەها لاوێکی زۆر لە دەوری ئەم یاریانە کۆبوونەتەوە وخولیای بوونە ، لە کوردستان کەسانێك هەن کە زۆر کار وپڕۆژەیان بۆ ئەوە ئەنجامداوە کە لەم ڕێگایەوە ناوی کوردستان بەرز وپیرۆز ڕابگرن، هەڤاڵ خورشید خەتێ زادە یەکێکە لەو وەرزشوانانەی ماوەیەکی زۆرە تێکەڵ بەم یاریە بووە ، لە دەرفەتێکدا بووە میوانی لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات.

***سەرەتاکانی چوونت بۆ نێو ئەو یاریە جەنگییە بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

-1992 یاریزانی یاری کونگ فو وشوکوان دواتر بوومە ڕاهێنان لە بەشداریکردن لەپاڵەوانێتییەکاندا تا ساڵی 1999، بەڵام دوای ئەم مێژووە تا ئێستالە بەریتانیا ژیان بەسەر دەبەم، لە کوردستان نزیکەی 17 یاریم کرد ، دوای ئەوەی لە ساڵی 2000 لە لەندەن وەك یەکەم یاریزانی کورد بەشداریم لەپاڵەوانیتیەکی یاریی کیك بۆکسێنگ کرد وپلەی یەکەمم بەدەستهێنا، لەکێشی 67 کیلۆ، دواتر لەساڵی 2001 پلەی یەکەمم لەسەر ئاستی شاری لەندەن تۆمارکرد ،هەروەها لە چالاکییەکی دیکەدا ساڵی 2002 پلەی دووەمم لە سەر ئاستی بەریتانیا کە لە شاری نۆتینگهام ئەنجامدرا بەدەستهێنا ، بەهەمان شیوە لە ساڵی 2005 پلەی دووەمم وەرگرت، لە پاشاندا بۆ ماوەیەك وتاکاتێکی نادیار وازم لە یاریی کردن هینا ، بە هیوای ئەوەی لە پاڵەوانێتییە گەورەکان لەسەر ئاستی جیهانیدا پشکداری بکەم .

*** دواتر دووبارە چۆن گەڕایەوە نێو پاڵەوانیتیەکاندا ؟**

-ساڵی 2014 دووبارە بۆم ڕێکەوت دەست بکەمەوە بە یاریی کردن ، بەڵام ئەمجارەیان لەسەر ناوی ئینگڵاند ، ئەوەبوو خۆشبەختانە ساڵی 2015 پلەی یەکەمم لە پاڵەوانێتی کیك بۆکسینگ فوول کۆنتاك بەدەستهێنا کە لە شاری بڕایتۆن بەڕێوەچوو ، بەدەستهێنانی نازناو، هەروەها ساڵی 2015 لەسەر ململانێ بۆ تۆمارکردنی ناسناوی ستایلی ك1 بەشداریم کرد لەم پاڵەوانپەشدا پلەی یەکەمم بەدەستهینا، لەساڵی 2016 لەسەر ئاستی بەریتانیا لە ململانێکانی کێشی 85 کیلۆ پلەی دووەمم وەرگرت ، ئەو وکاتانە زۆر پەرۆش بووم ئاڵای پیرۆزی کوردستان لەسەر سەکۆی گۆڕەپان بەرزبکەمەوە ، لەم چوارچێوەیەدا ساڵی 2018 چەند تاقیکردنەوەیەکیشم بە قایشی ڕەش 2 دان ئەنجامدا لێی سەرکەوتووبووم لە ساڵی 2019 تاقیکرام بۆ بە 5 دان .

*** دواتر چۆن دریژەت بە کارە ئیداریەکاندا ؟**

-بۆ ئەوەی بتوانم لەم ڕێگایەدا خزمەت بکەم ، بوومە ئەندامی کۆمەڵەی کیك بۆکسینگی جیهانی ،هەروەها نوێنەری کوردستان ،ئەگەر چی سەرەتا زۆر هەوڵدرا کوردستان نەبێتە ئەندام ،چونکە دەوڵەت نیە وئەمە بۆیان قبوولکراو نەبوو، بەڵام دوای کارکردن و ماندووبوونێکی زۆر توانیم ئەو خەونە بهێنمە دی وکوردستان ببێتە ئەندام لەم کۆمەڵەوەرز شییە جیهانییەدا ، لە بۆنەکاندا بە گەرمی وڵە ژێر ئاڵای کوردستان بەشداری دەکەین و ئەو مافەیان پێ بەخشین.



***بەشداری وچالاکییەکان دواتر چۆن دریژەی پێدرا؟**

وەك یەکەم کەس بە فەرمی و دوای ماندووبوونێکی زۆر بە هەوڵ وتێکۆشان و لەسەر ئەرك وگیرفانی خۆمدا بە ناوی کوردستان بەشداریم لە پاڵەوانێتیەك کرد کە زیاتر لە 140 یاریزان تیایدا بەشداربوون ، هەروەها چەند ساڵ پێش ئێستا شاندێکی نیوزلاندی و بەریتانیم بردەوە باشووری کوردستان ، شاندەکە چەندین دیدارییان لەگەڵ سازدرا لە هەموو ئەو دیدارانە خۆشحاڵی خۆیان بەهاتنیان بۆ کوردستان دەردەبڕی و ئاماژەیان بەوە دەکرد کە وەرزش لە کوردستاندا زۆر جیاوازە ، ئەگەر چی لەو سەردانەمدا چەندین حاڵەت ودیمەنی خۆش وناخۆشم بەرچاو کەوت ،بەڵام نەمهێشت کاریگەری لەسەرم دروست بکەن و تادەستبەرداری بەشداریکردنم لەو کۆمەڵە جیهانییە کە کوردستان وەك قەوارەی فەرمی لێی ئەندامە.

*** چالاکییەکانتان لەسەر ئاستی دەرەوە چۆن بووە؟**

-لە چالاکییەك کە هەرگیز لە یادی ناکەم پاڵەوانێتییەك لە وڵاتی پۆڵۆنیا بەڕێوەچوو ، ئەگەر چی بەهۆکاری دواکەوتنی (ڤیزا) یاریزانانی کورد بەشداربیان نەکرد ، بەڵام وەك تیپەکانی دیکەی بەشداربوو ئاڵای کوردستان هەڵواسرابوو کە بە شانازییەکی گەورەی دەزانم، بە ماوەیەك دوای ئەم پاڵەوانێتیە بەشداریان لە پاڵەوانێتیەك کرد لە سکۆتڵاند من وەك کورد بەشداربووم خۆشبەختانە پلەی یەکەمم بەدەستهێنا ، هەروەها وەك دادەوەریش لە زۆر بۆنە وپاڵەوانێتیەك بەشداریم کردووە.

***بەشداریی کانی ئایندەتان چین ؟**

-بڕیارە لە ئایندەدا بەشداری لە پاڵەوانێتیەك بکەین لە وڵاتی تایلاند ، ئێستا خەریکی ئامادەباشینە ئەگەر پەتای (کۆرۆنا) ڕێگرنەبێت بە سێ یاریزان بەشداری بکەین، ئەوەش دەڵێم کە ئێمە ئەو ماندوو بوونە دەکەین کەچی بەداخەوە لە کوردستان لە بڕی ئەوەی یارمەتیدەربن بۆمان، کە چی دژایەتیمان.

***داواکاریتان چییە لەلایەنی پەیوەندیدار؟**

-بەپێویستی دەزانم ئەوە بڵێم ،دوای ئەو هەوڵ وماندووبوونەم بۆ ئەوەی ناوی پیرۆزی کوردستان بەرزبکەمەوە ، کەچی دەبینم بێ باکانە هەر سێ یەکێتیەکەی چ هەولێر وسلێمانی ودهۆك پاڵپشتی یەکێتی بۆکسینگی عێراق دەکەن بێ ئەوەی ناوی کوردستان لە بۆنە فەرمییەکانیان بێنن، هەروەها تاکەی ئەم یاریە لەسەر ناوی چەند کەسێك (قورغ)بکرێت، کە ناهێلن هیچ یاریزانێك بە ناوی کوردستان بەشداری لە پاڵەوانیتییەکاندا بکەن وێڕای ئەمانە هیچ هەوڵێك نادەن بۆ یارمەتیدانی یاریزانانی کورد بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانیتییەکاندا و هەوڵی وەرگرتنی (ڤیزا) یان بۆ نادەن کەچی بۆ خۆیان بە ئاسانی وەریدەگرن ، هەروەها دەبنە ڕێگر بۆ بەشداریکردن یان.




بەرشلۆنە دوا بڕیاری خۆی لەبارەی چارەنووسی مێسی دا

دوای شکستە گەورەکەی بەرامبەر بایرن میونشن لە چامپیۆنزلیگدا، میدیاکان زۆر باس لەوەدەکەن کە مێسی دەیەوێت لە بەرشلۆنە بڕوات، و دەشڵێین «یانەکانی مانچێستەر سیتی ئینگلیزی، ئینتەرمیلانی ئیتالی و پاریس سانجێرمانی فەرەنسی داوای کڕینی لیۆنێل مێسی دەکەن.

ڕۆژنامەکانی کەتەلۆنیا ڕۆژی یەکشەممە بڵاویانکردەوە کە سەرۆکی بەرشلۆنە بریاری کۆتایی لەبارەی مێسییەوە داوە و بەهیچ شێوەیەك ڕێگە بەو یاریزانە نادات لە یانەکەی بڕوات. وەك سەرچاوەکان باسی دەکەن، بارتۆمیۆی سەرۆکی بەرشلۆنە لە هەڵوێستی مێسی تێدەگات کە تووڕەیە، بەڵام متمانەی بەخۆی هەیە کە بتوانێت مێسی بەو پڕۆژە نوێیە رازی بکات کە ڕۆنالد کۆمانی ڕاهێنەری هۆڵەندی سەرپەرشتی دەکات.

ڕۆژنامەنوسی کەتەلۆنیا باس لەوە دەکەن کە یانە کەتەلۆنییەکە ئەمساڵ ڕێگە بە مێسی نادات بڕوات، بەهیوای ئەوەی ئاستی تیپەکە لە وەرزی نوێدا دەربکەوێت و لەو ماوەیەدا بتوانێ مێسی بەوە رازی بکەن گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەکەدا نوێ بکاتەوە.

کۆنتی واز لە ڕاهێنەرایەتی ئینتەر دەهێنێت



ئەنتۆنیۆ کۆنتی ڕاهێنەری یانەی ئینتەر میلانی ئیتاڵی دوای شکستی یانەکەی لە یاریی کۆتایی خولی ئەوروپا، بە لێدوانێك گومان لەسەر داهاتوی خۆی لەگەڵ یانەی نیراتزۆری دروستدەکات.

یانەی ئینتەر میلانی ئیتاڵی چانسی ئەوەی لەدەستدا ئەم وەرزە نازناوی خولی ئەوروپا بەدەست بهێنێت و بە ئەنجامی 3-2 گۆڵ بە یانەی ئیشبیلیەی ئیسپانی دۆڕا.

دوای یاریەکە کۆنتی لێدوانێکی بۆ سکای سپۆرت وتی «هەفتەی داهاتوو لەگەڵ کارگێڕی یانەکە کۆدەبینەوە و لەبارەی داهاتوی یانەکەوە گفتوگۆ دەکەین، وە باوەڕ ناکەم بۆ وەرزی داهاتوو لەگەڵ یانەکە بمێنمەوە».

ڕۆژنامەنوسی ئیتاڵی فابریزیۆ ڕۆمانۆ ڕایگەیاند، لە ئەگەری ڕۆیشتنی کۆنتی لە یانەی ئینتەر میلان، ماسیمیلیانۆ ئالیگری بەهێزترین پاڵێوراوە بۆ شوێنگرتنەوەی ئەو ڕاهێنەرە.

ڕۆنالدۆی دیارده:
هەرگیز مێسی بەرشلۆنە جێناهێڵێت

دوای ئەو هەڕەشەیەی مێسی لە دەستەی کارگێڕی کرد کە بەجێهێشتنی بەرشلۆنە، ڕۆنالدۆی دیارده و ئەستێرەی پێشووی بەرازیل، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی ڕایگەیاند و گوتی: هەرگیز بڕواناکەم مێسی یانەی بەرشلۆنە جێبهێڵێت، بەتایبەتیش لەم کاتەدا کە یانەکە لە کێشە و قەیراندایە، هەروەها گوتی: مێسی مەرجەعی بەرشلۆنەیە و ئەگەر من لە کارگێڕی ئەو یانەیە بم هەرگیز ڕێگانادەم مێسی لە ژێر هەر بیانوویەکدا بێت کەتالۆنیا جێبهێڵێت.

ماسك بەستن
خەبات XEBAT
Mon.24 Aug. 2020 No.:(5992)

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
info@xebat.net
www.xebat.net
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616

هونەرمەندی شێوەکار نەهرۆ یەحیا نوری بۆ خەبات:

هونەری شێوەکاری لە هەرێمی کوردستان شان بەشان هونەری جیهان گۆڕان و تازەگەری بەخۆیەوە بینیوە





دیمانە: حەمید سورچی

هونەرمەندی شێوەکار نەهرۆ یەحیا نوری لەدایکبووی شاری هەولێرە ،دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانە لەساڵی 2001 دا لە ئێستادا مامۆستایە لەسنووری پەروەردەی شەقلاوە، ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان وکۆمەڵەی خۆشنووسانە. لەم دیمانەیەیدا لەگەڵ خەبات تیشک دەخاتە سەرچۆنیەتی ئاوێتەبوونی لەگەڵ هونەری شێوەکاری و ئاستی هونەرەکە لەئەمرۆی کوردستان وپێگەی هونەری شێوەکاری لە شوناسنامەی نەتەوەیداو لەگەڵ چەند پرسێکی تر رووندەکاتەوە .

چۆن لەگەڵ جیهانی هونەری شێوەکاری ئاوێتەبوویت؟

ئاوێتەبوونم لە گەڵ هونەری شێوەکاری دەگەڕێتەوە بۆقۆناغی منداڵی کە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووم ،دوای چوونم بۆ پەیمانگەی هونەرە جوانەکان ،زیاترئاشنایئەم هونەرەبووم.

لەئەمڕۆداهونەری شێوەکاری لە هەرێمی کوردستان لە چی ئاستێکداەبینی؟

دەتوانم بڵێم هونەری شێوەکاری لە هەرێمی کوردستان شان بەشان هونەری جیهان گۆڕان و تازەگەری بەخۆیەوە بینیوە. کاری زۆرباش کراوە و جێگەی دەستخۆشیە،لەئێستادا هونەرمەندی شێوەکاری زۆرباش لە کوردستان هەن وکاری زۆرباش دەکەن.

پێگەی هونەری شێوەکاری لە شوناسنامەی نەتەوەییدا چۆن شڕۆڤەدەکەیت؟

پێگەی هونەری شێوەکاری هەرلەکۆنەوە ڕۆڵی گرنگ وبەرچاووی هەبووە لەکوردستان وەک نمایش کردنی چەندین بابەتی شێوەکاری گرنگ،کە بەڵگەی سەڵمێنەربووە لە شوناسکردنی نەتەوەییدا لەبوارەکانی بیناسازی وسیرامیک وپەیکەرسازی ووێنەکێشان کە ئێستاش کارەکان ماون. هەروەها ڕۆڵی ئافرەتی کورد لەم هونەرە سەرەکی بووە کە جێی دەست وپەنجەی دیارە لە دروستکردنی جڵ وبەرگ هەموو پێداویستییەکانی ناوماڵ بەتایبەتی لە دروستکردنی نەخش وکاری چنین وگەڵێ شتی تر.

سەربە چ قوتابخانەیەکی هونەری شێوەکاریت؟


هەرقوتابخانەیەکی هونەری شێوەکاری گرنگی وکاریگەری خۆی هەیە لەسەرهونەرمەندەکان ، من کارم لەسەر زۆربەی قوتابخانەکانی هونەری شێوەکاری کردووەوسەربە قوتابخانەی واقعییم .

تابڵۆکانت زیاترگوزارشت لە چی دەکەن؟

زۆربەی تابڵۆکانم گوزارشت لە لایەنی جوانی سروشتی کوردستان ولایەنی میژوویی و کۆمەڵایەتی وکەسایەتیە بەناوبانگەکانی کوردستان وجیهانی دەکات.

ئاریشە ولەمپەرەکانی بەردەم کارکردنتان چین؟ داواکاریتان چییە لە لایەنە پەیوەندیدارەکان؟

نەبوونی جێگاو شوێنی تایبەت یاخود ستۆدیۆیەک گرفتی سەرەکی منە وگرفتی زۆربەی هونەرمەندانی کوردستانە ،هەروەها لەڕووی مادییەوە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا کاریگەری کردۆتە سەرهەموو هونەرمەندان.





بۆکان هەورامی گۆرانی (دەردی دڵ)ی بڵاوکردەوە

بەرهەم شێخ عزەدین

هونەرمەندی لاو بۆکان هەورامی یەکێک لەگۆرانییەکانی هونەرمەندی دەنگ خۆش حەسەن دەرزی نوێدەکاتەوە و بەشێوەی کلیپ بڵاوی دەکاتەوە ،بۆکان بەخەباتی گوت،گۆرانی دەردە دڵ یەکێکە لەگۆرانیەکانی مامۆستا حەسەن دەرزی کەبەلای منەوە گۆرانییەکی خۆشە بۆیە حەزم کرد نوێی بکەمەوە هیوادارم توانیبێتم خزمەتێکی بچوک بکەم و مایەی ڕەزامەندی گوێگران بێت، بۆکان زیارت گوتی: بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم گۆرانییە ئەم ستافە خۆشەویستە کاریان تیا کردووە: (ریکۆرد و میوزیک میکس و ماستەرینگ عەلی عەتا،ژەنیارەکان:ڕێبین سالار، سەنتور،هەریم تۆفیق ،زەرب،ئیۆلین ،عود،کەمانچە،عەلی عەتا،گۆرانی و میلۆدی ،مامۆستا حەسەن دەرزی،ناوی گۆرانی چاوەکانم،هۆنراوەی،مامۆستا هێدی،لەستۆدیۆی رادیۆی خاك تۆمار کراوە.وە ستافی ئێل ئێس فیلم کلیپەکەیان وێنەگرتووە و بەرهەمیان هێناوەلەلایەن ستافی(Ls film).

هونەرمەندی لاو توانا کوردی یەکەمین ڤیدیۆ کلیپی خۆی بەناوی (کزەی دەرون) بڵاو دەکاتەوە

بەرهەم شێخ عزەدین

هونەرمەندی لاو توانا دەربارەی ئەم کلیپەی بەخەباتی گوت: لە ئێستاداسەرقاڵی بڵاوکردنەوەی یەکەم کلیپی خۆمم بە ناوی کزەی دەروون ،کە لە هۆنراوەی موتیع جەباریيە، کە دەکاتە باوکی توانا کوردی،ولە دەرهێنانی وکلیپ کردنی - نەژاد نەجم-ە ،وەلە ئاوازی هونەرمەند لاو توانا خۆیەتی و کاری میوزیکی لە لایەن ئاراس ڕەفعەتەوە بۆ ئەنجام دراوە،هەموو گرتەڤیدیۆی نێو کلیپەکە لە شاری کەرکووک و گوندەکانی دەوروبەری تۆمار کراوە،بەم زوانە ڤیدیۆکلیپەکە بڵاو دەکرێتەوە و دەکەوێتە بەر دیدی بینەران .جێی ئاماژەیە ،توانا کوردی خەڵکی شاری کەرکووکە و دانیشتووی قەزای چەمچەماڵە و تەمەنی ٢١ ساڵە.



بەختیار پەنجەیی خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاوی شەست و شەشەمین فێستیڤاڵی تائۆرمینای ئیتالیای بەدەست هێنا

هەمزە سەرحان

بەختیار پەنجەیی دەرهێنەر و ئەکتەری شانۆ و سینەما بە ڕۆڵگێڕانی لە فیلمی نامۆ خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاوی شەست و شەشەمین فێستیڤاڵی تائۆرمینای ئیتالیای مسۆگەر کرد.بەختیار پەنجەیی دەرهێنەر و ئەکتەری شانۆ و سینەما بۆ دەورگێڕان لە فیلمی "نامۆ" لە دەرهێنانی "ناسر ساعی پوور"، خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاوی شەست و شەشەمین فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی بەرلینای ئەڵمانیا، سەرنجی داوەرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو.نامۆ، خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاوی شەست و شەشەمین فێستیڤاڵی تائۆرمینای ئیتالیای مسۆگەر کرد. بەختیار پەنجەیی دەرهێنەر و ئەکتەری شانۆ و سینەما بۆ دەورگێڕان لە فیلمی "نامۆ" لە دەرهێنانی "ناسر ساعی پوور"، خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاوی شەست و شەشەمین فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی بەرلینای ئەڵمانیا، سەرنجی داوەرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو.

